حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان/ بەشی زمانی کوردی

# هەژموونـــی کردار لە زمانـــی کوردیدا
# لە ڕوانگـــەی تیۆری دەســـەڵات و بەستنـەوە

نامـەیـەکــە


عـزیز خـالـد عـبداللــە


پێشکەشی بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سـەرپەرشــت


پ. د. ئازاد احمد حسـین


٢٧٢٣ ی کوردی
٢٠٢٣ ی زایینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ. د. ئازاد احمد حسین

ڕۆژ: ٩/ ٧/ ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرۆکی بەشی کوردی

ناو: پ. ی. د. محمد عمر عول

ڕۆژ: ٣٠/ ٧/ ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د.سەلاح حوێز ڕەسوول

ئەندام

ڕۆژ: ٣٠ / ٨ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.شهاب طيب طاهر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ٣٠ / ٨ / ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د.سازان ظاهر سعيد

ئەندام

ڕۆژ: ٣٠ / ٨ / ٢٠٢٣

ناو: پ.د.ئازاد احمد حسين

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ٣٠ / ٨ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسندکرا

ناو: پ. د. شاخەوان جەلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ: ٩ / ١٠ / ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- ❖ ڕۆحی دایکم و باوکم
- ❖ گڵکۆی برای جوانەمەرگم
- ❖ خێزانەکەم بەگشتی
- ❖ هاوسەری ژیانم
- ❖ جگەرگۆشەکانم (ئاشتی، ئەوین، ئانا، ئەرینا)
- ❖ نیشتمان و نەتەوەکەم
- ❖ دڵسۆزانی زمانەکەم

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- خودای زانا و بەتوانا، کە دەرفەتیپێدام بەم قۆناغە بگەم.

- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و بەشی زمانی کوردی و هۆبەی خوێندنی باڵا، کە هەمیشە پشتیوانی خوێندنی باڵا دەکەن.

- مامۆستا و سەرپەرشتی نامەکەم بەڕێز (پ. د. ئازاد احمد حسین)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتەئەستۆ، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ماندوونەناسانە بە پێدانی سەرچاوە و ڕێنومایی زانستی لە هەوڵی دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا بوو، هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم.

- بەڕێزان (پ. ی. د. إبراهیم عبدالرحمن) و (د. ڕزگار محمد) لە زانکۆی ڕاپەڕین، کە بە وەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هاوکارم بوون.

- بەڕێزان (پ. ی. د. شیروان حسێن) و (د. بڕوا ڕەسوڵ) لە زانکۆی ڕاپەڕین بە پێدانی سەرچاوە هاوکارم بوون.

- سەرجەم مامۆستاکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنمدا.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکار و پاڵپشتم بوون.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما | واتا |
|---|---|
| S | ڕستە |
| VP | فریزی کرداری |
| NP | فریزی ناوی |
| AP | فریزی ئاوەڵناوی |
| ← | دەبێتە |
| NP* | فریزی ناویی نادروست |
| LF | فۆرمی لۆجیکی |
| PF | فۆرمی فۆنەتیکی |
| θ | سیتا |
| GB | دەسەڵات و بەستنەوە |
| Spec | دیاریکار |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| Adju | سەربار |
| comp | تەواوکەر |
| PP | فریزی پریپۆزیشنی |
| * | ناڕێزمانی/ نادروست |
| [ ] | پێکهاتەی واتایی |
| t | شوێنپێ |
| j ، i | هێمای هاونیشانەکردن |
| Agr | ڕێککەوتن |
| ف.ن | فریزی ناویی |
| ف.ک | فریزی کرداری |
| COP | فریزی لێکدەری |
| /   / | مۆرفیم |
| <   > | سیمای دۆخەکان |
| (   ) | بە واتای |

| | |
|---|---|
| PRO | بکەریدەرنەبڕاو/ جێناوی سفر |
| [– / + ] | بەهای نیشانەی واتایی |
| / | یان |
| CP | فرێزی تەواوکار |
| IP | فرێزی کات و کەس |
| I | کات و کەس |
| DS | دروستەی قووڵ |
| SS | دروستەی ڕووکەش |
| CS | هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەز |
| Ss | لە کۆتوبەندی هەڵبژاردندا بە واتای هەڵبژاردنی سیمانتیکی |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| External Argument | ئارگومێنتی دەرەکی |
| Internal Argument | ئارگومێنتی ناوەکی |
| Levels of Representation | ئاستەکانی نواندن |
| Structural level | ئاستی دروستەیی |
| Surface level | ئاستی ڕووکەش |
| Deep level | ئاستی قووڵ |
| Topicalization | باسمەند |
| Pronominalization | بەجێناوکردن |
| Barrier | بەربەست |
| Monadic predicate | بەشەکرداری یەک جێکەوتەیی |
| Logical Subject | بکەری لۆجیکی |
| Principles and Parameter | بنەما و پارامیتەر |
| Base | بنچینە/ بنکە |
| Horizontal Semantic relation | پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی |
| Projection | پڕۆژە سازدان |
| Theta Criterion | پێوەری سێتا |
| X-bar Theory | تیۆری ئێکسباڕ |
| Binding Theory | تیۆری بەستنەوە |
| Bounding Theory | تیۆری سنووردانان |
| Theta Theory | تیۆری سێتا |
| Government Theory | تیۆری دەسەڵات |
| Case Theory | تیۆری دۆخ |
| Control Theory | تیۆری چاودێریکردن/ کۆنتڕۆڵ |
| Standard Theory | تیۆری ستاندارد |
| Extended Standard Theory | تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| Empty Category Theory | تیۆری کەرەستە بەتاڵەکان |
| Move α | جوڵاندنی ئەلفا |

| | |
|---|---|
| Proper government | حوکمکردنی توند |
| Sisterhood | خوشکایەتی/ دەستە خوشک |
| Lexical entry | دەروازەی فەرهەنگی |
| Syntactic structures | دروستە سینتاکسییەکان |
| Surface structure | دروستەی ڕووکەش |
| Deep structure | دروستەی قووڵ |
| Accusative | دۆخی بەرکاری |
| Abstract Case | دۆخی ئەبستڕاکت |
| Structural Case | دۆخی دروستەیی |
| Dative Case | دۆخی پریپۆزیشن |
| Branching | دووپەلکی/ دوولقکردن |
| Thematic roles | ڕۆڵە واتاییەکان |
| Finite State Grammar | ڕێزمانی بارە سنووردارەکان |
| Universal Grammar | ڕێزمانی سەراپا |
| Pharase Structure Grammar | ڕێزمانی فریزپێکهێنان |
| Transformational Grammar | ڕێزمانی گواستنەوە |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Adjunct | سەربار |
| Universal | سەراپا/ گشتگیر |
| Head initial | سەرسەرەتایی |
| Head final | سەرکۆتایی |
| phonetic form | شێوەی فۆنەتیکی |
| Logical form | شێوەی لۆجیکی |
| Trace | شوێنپێ |
| Minimalism Program | کەمترین پرۆگرام |
| Theta condition | مەرجی سێتا |
| Movement | گواستنەوە |
| Coreference | هاونیشانە/ هاوئاماژە |
| Category Selection | هەڵاوێرکردنی کەتیگۆری |
| Transformational Rules | یاساکانی گواستنەوە |

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٣ | پێشەکی |
| ٢ | (٠- ١) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | (٠- ٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ٢ | (٠- ٣) گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | (٠- ٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | (٠- ٥) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤-٤٤ | بەشی یەکەم: قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە |
| ٥ | (١- ١) دەستپێک |
| ٦ | (١- ٢) تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە |
| ٦ | (١- ٢- ١) تیۆری بەرهەمهێنان |
| ٧ | (١- ٢- ١- ١) ڕێزمانی بارە سنووردارەکان |
| ٨ | (١- ٢- ١- ٢) ڕێزمانی فریزپێکهێنان |
| ٩ | (١- ٢- ١- ٣) ڕێزمانی گواستنەوە |
| ١٠ | (١- ٢- ٢) تیۆری ستاندارد |
| ١١ | (١- ٢- ٣) تیۆری ستانداردی فراوانکراو |
| ١٢ | (١- ٣) لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە بۆ دەسەڵات و بەستنەوە |
| ١٣ | (١- ٣- ١) تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە |
| ١٦ | (١- ٣- ٢) لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە |
| ١٧ | (١- ٣- ٢- ١) تیۆری ئێکس- باڕ |
| ٢٣ | (١- ٣- ٢- ٢) تیۆری سیتا |
| ٢٦ | (١- ٣- ٢- ٣) تیۆری دۆخ |
| ٢٨ | (١- ٣- ٢- ٤) تیۆری بەستنەوە |
| ٣٣ | (١- ٣- ٢- ٥) تیۆری سنووردانان |
| ٣٦ | (١- ٣- ٢- ٦) تیۆری کۆنترۆڵ |
| ٣٧ | (١- ٣- ٢- ٧) تیۆری دەسەڵات |
| ٤٠ | (١- ٣- ٢- ٨) تیۆری کاتیگۆرییە بەتاڵەکان |
| ٤٣ | (١- ٤) پوختەیەک لە مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام) |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم: ڕۆڵی کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا | ٤٥-٧٦ |
| (٢- ١) دەروازەیەک | ٤٦ |
| (٢- ٢) ئاستی قووڵ | ٤٧ |
| (٢- ٢- ١) تایبەتمەندییەکانی ئاستی قووڵ | ٥٠ |
| (٢- ٢- ٢) پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی | ٥٢ |
| (٢- ٣) دروستەی کردار | ٥٥ |
| (٢- ٤) دەروازەی فەرهەنگیی کردار | ٥٦ |
| (٢- ٥) ڕۆڵە واتاییەکان | ٦٠ |
| (٢- ٥- ١) ڕۆڵە واتاییەکانی بکەر | ٦١ |
| (٢- ٥- ٢) ڕۆڵە واتاییەکانی بەرکار | ٦٧ |
| (٢- ٦) دروستەی فرێزەکانی کردار بەپێی تیۆری (x-bar) | ٧٠ |
| بەشی سێیەم: هەژموونی کردار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا | ٧٧-١١٨ |
| (٣- ١) سەرەتا | ٧٨ |
| (٣- ٢) ئاستی ڕووکەش | ٧٩ |
| (٣- ٣) یاساکانی گواستنەوە | ٨٠ |
| (٣- ٤) یاساکانی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا | ٨٣ |
| (٣- ٥) دۆخی ڕێزمانی | ٩٧ |
| (٣- ٥- ١) پێناسەی دۆخ | ٩٨ |
| (٣- ٥- ٢) سەری ڕێزمانی | ٩٩ |
| (٣- ٥- ٣) ئاڕاستەی پێدانی دۆخ | ١٠٠ |
| (٣- ٥- ٤) جۆرەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا | ١٠٧ |
| (٣- ٥- ٤- ١) دۆخی زگماکی (بنجی) | ١٠٨ |
| (٣- ٥- ٤- ٢) دۆخی دروستەیی | ١١١ |
| (٣- ٦) ڕستەی سادەی فراوانکراو | ١١٢ |
| (٣- ٧) دروستەی مۆڕفۆسینتاکس | ١١٤ |
| (٣- ٨) گواستنەوەی باسمەند | ١١٧ |
| ئەنجام | ١١٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٢١ |
| خلاصة البحث | ١٢٩ |
| Abstract | ١٣٠ |

# پێشـــــەكــــــى

# پێشـەکی

## (٠– ١) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (هەژموونی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە)، لێکۆڵینەوەکەش لە بواری ڕستەسازیدایە، کەرەستە و داتاکان لە ئاخاوتنی ئەمڕۆی قسەکەرانی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون. مەبەستی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە، نیشاندانی هەژموون و ڕۆڵی کردارە بەسەر کەرەستەکانی تردا لە هەر دوو ئاستی قووڵ و ڕووکەشی ڕستەدا، سروشتی لێکۆڵینەوەکە بە جۆرێکە، کە پێویستە لە لایەنی واتاییشی بکۆڵرێتەوە، چونکە لەنێوان ڕستەسازی و واتاسازیدا، چوونەناویەک و تێکچڕژانێک دەبینرێت، کە لەنێوان ئەم دوو ئاستەدا هەیە، دروستەی ڕستە وەک دانەیەکی زمانی و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە دوو دیوی هەیە، کە (فۆرم و واتا)ن.

## (٠ – ٢) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا، هەندێک لایەنی سینتاکسی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی لقە تیۆرەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا تیشکیانخراوەتەسەر، ئەم لێکۆڵینەوەیەش جێبەجێکردنی لایەنێکی تری تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە لەسەر سینتاکسی زمانی کوردی، کە هەژموونی کردارە بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەدا لە هەر دوو لایەنی سینتاکسی و سیمانتیکیدا.

## (٠ – ٣) گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

زانیاری سەرچاوەکان لەیەکدەچن، زیاتر زانیاریی دووبارەیی لەخۆدەگرن، ئەمەش وایکردووە لێکچوون لە بەشی تیۆریدا بەرچاوبکەوێت.

## (٠– ٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەدا، ڕێبازی پەسنی شیکاریی لەژێر ڕۆشنایی یاسا و پرەنسیپەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا پەیڕەوکراوە.

## (٠ – ٥) ناوەڕۆک و بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، جگەلە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەکەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:

بەناونیشانی (قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە)، کە تایبەتکراوە بۆ لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە، لە سەرەتادا، تیشکێکخراوەتەسەر تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، پاشان تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و لقە تیۆرییەکانی باسکراون، بۆئەوەی لەلایەکەوە وەک بەشێکی دانەبڕاو سەیربکرێت و لەلایەکی تریشەوە سەرەتایەک بدەینە لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەکە.

بەشی دووەم:

بەناونیشانی (ڕۆڵی کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا)، لەم بەشەدا، جگەلە ناساندنی ئاستی قووڵی ڕستە و تایبەتمەندییەکانی، دروستەی فرێزەکانی کردار بەپێی تیۆری (x-bar) و ئەو ڕۆڵە واتاییانەی کردار پێیاندەبەخشێت، باسکراون.

بەشی سێیەم:

بەناونیشانی (هەژمونی کردار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا)، لەم بەشەدا، دوای ناساندنی ئاستی ڕووکەش، یاساکانی گواستنەوە و دۆخی ڕێزمانی و فراوانکردنی ڕستەی سادە باسکراون، پاشان دروستەی مۆرفۆسینتاکس و گواستنەوەی باسمەند خراونەتەڕوو، کە کردار ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی لە هەموو ئەو کردانەدا، لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا هەیە.

# بەشی یەکەم
# قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

# بەشی یەکەم

# قۆناغەکانی گەشەسەندنی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

## (١-١) دەستپێک:

مرۆڤ لەگەڵ گەشەسەندنی ڕێڕەوی ژیان و شارەستانییەتدا، بە دوای نهێنییەکانی ژیاندا گەڕاوە، زمانیش وەکو بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤدا، یەکێک بووە لەو بوارانەی زمانەوانان بەردەوام لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە کردووە، لێکۆڵینەوەکانیش بە تێپەڕبوونی کات لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی تر لە چوارچێوەیەکدا قەتیسنەماون و لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بوون، هەر لێکۆڵینەوەیەکیش، وەکو میراتی، بۆ دوای خۆی بەجێماوە. بەوپێیە (چۆمسکی) لە کارە زمانەوانییەکانی پێش خۆیدا، سوودی بینیوە و بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکەی بەکاریهێناون، ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو، ئەو یاسا گشتییانە دیاریبکات، کە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن. بە واتایەکی تر "هەوڵیدا بەو دەستوورە زمانییە گشتییانە بگات، کە هەموو ئەو زمانانە دەخاتەژێر ڕکێفی خۆیەوە" (خرما: ١٩٧٨، ٩٧) و قسەکەری هەر زمانێک بەپێی ڕێزمانی تایبەت بە خۆی، بۆ داڕشتنی ڕستە سوودی لێوەردەگرێت. ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ ڕێبازێکی فراوان لە بواری زمانەوانیدا، دەتوانین بڵێین: "سەدەی بیستەم بە سەرەتایەکی تازە لە زمانەوانیی نوێدا دادەنرێت، کە تیایدا ڕێبازی ڕۆنانکاری هاتەئاراوە، هەرچەندە لە سەدەی نۆزدەیەم و پێشووتریش لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کراوە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی زانستیی سیستەماتیکیی زمان دانانرێن. ئەوەندەی بە هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە زمانێک، یان چەند زمانێک ئەژماردەکرێن". (ناوخۆش: ٢٠٠٥، ٧).

پێش سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕێبازی ڕۆنانکاری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باڵی بەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا کێشابوو، کە زمانەوانەکان گرنگییان بە لایەنە هەستپێکراوەکانی زمان دەدا، پەسنی حاڵەتی ئێستای زمانی ئاخاوتنیان دەکرد، (محمد: ٢٠٠٩، ٥٣) بەڵام (چۆمسکی) بۆچوونی وابوو، ڕستەی ڕێزمانی، بەهۆی ئاخاوتنی قسەکەرێکەوە دیاریناکرێت، چونکە "یاساکانی قوتابخانە نوێباوەکە لە گشتییەوە دەستپێدەکەن و دەچن بۆ تاکەکان؛ ئەمە بە ڕێبازی de duktiv ناسراوە، بەپێچەوانەوە یاساکانی قوتابخانە کلاسیکییەکە لە تاکەکانەوە دەستپێدەکەن و بەرەو بەگشتییکردن دەچن، بەم ڕێبازە دەگوترێت in duktiv". (مەحویی: ٢٠٠١، ١١). ئەمەش بە یەکێک لە کەموکورتیی ڕێبازی ڕۆنانکاری

دادەنرێت، کە لەلایەن زمانەوانانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەوە، لە ئەنجامدا قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی هاتەئاراوە، کە بە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ناسرا.

## (١- ٢) تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە:

### (١ –٢ – ١) تیۆری بەرهەمهێنان:

تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، کە هەر دوو چەمکی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) لەخۆدەگرێت، بەو قوتابخانە زمانەوانییە دەگوترێت، کە لەلایەن (چۆمسکی)یەوە لە کۆتایی سالآنی پەنجاکانەوە سەریهەڵدا، تیۆری بەرهەمهێنانیش کۆمەڵێک تیۆری زمانەوانی دەگرێتەوە، کە پشت بە یاسا بەرهەمهێنەکان دەبەستێت، چونکە "بیری سەرەکیی ئەم تیۆرە، بەرهەمهێنانە لە بواری زماندا بە جۆرێک قسەکەری هەر زمانێک لەتوانایدایە، ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە بەرهەمبهێنێت، بێ ئەوەی پێشووتر ئەم ڕستانەی بیستبێت، ئەوەش ئەو مۆرکەیە، کە مرۆڤ لە ئامێر و ئاژەڵ جیادەکاتەوە". (یونس: ٢٠٠٤، ٨٣).

سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری بەرهەمهێنان بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (دروستە سینتاکسییەکان) دەستپێدەکات، کە لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (نەوام چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٥٧)دا بڵاوکرایەوە، ئەمەش کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بوو بە ڕووی لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا. ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆرەکانی تری زمانەوانیدا جیاوازیی زۆری هەبوو، چونکە وەرچەرخانێکی گەورەی لە ڕەوشی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەی زماندا دروستکرد، (چۆمسکی) لە ئەنجامی سەرنجدانی ورد و قووڵ لە لێکۆڵینەوەکانیدا و بەهۆی بۆچوونە زانستییەکانییەوە دەربارەی زمان و "جیاکردنەوەی چەمکی ڕێزمانێتیی لە ناڕێزمانێتیی و بنەماکانی ئەو جیاکردنەوەیە، توانی لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکەی بەرەو ئاڕاستەیەکی تر ببات". (Chomsky: 1957, 13) بەوپێیەی شارەزایی لە کەموکورتییەکانی ڕۆنانکارییەکاندا هەبوو، چونکە پەروەردەی دابونەریتی ئەوان بوو، ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبوو لە دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکانیان و توانی ڕۆنانکارییەکان تێپەڕێنێت، تیۆرەکەشی هەر وەکو خۆی نەمایەوە و لە ئاستێکدا نەوەستا، بەڵکو بەردەوام گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەرەوپێشچووە. (چۆمسکی) لە هەر ڕەخنەیەکدا، کە لە تیۆرییەکەی گیراوە، یان کەموکورتییەکی تێدا ببینرا بووایە، جارێکی تر بەسەریداچووەتەوە و چاکسازیی تێداکردووە، هەرئەوەش وایکرد، تیۆرەکەی بەرەو تیۆرێکی جیهانی و ڕێزمانێکی گشتگیر هەنگاوبنێت، کە دەسەڵات و بەستنەوە و کەمترین پرۆگرام بوو. (محمد: ٢٠٠٩، ٥٤).

هەنگاوی یەکەمی گریمانەی (چۆمسکی)، کە تیۆری  بەرهەمهێنان و گواستنەوە بوو، سێ ڕێزمان لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە: ڕێزمانی بارە سنووردارەکان و ڕێزمانی فریزپێکهێنان و ڕێزمانی گواستنەوە.

## (١-٢-١-١) ڕێزمانی بارە سنووردارەکان:

بە سادەترین سیستەمی ڕێزمانی دادەنرێت، کە چەند کەرەستەیەکی سنووردار، توانای بەرهەمهێنانی ڕستەی بێسنووریان هەیە، "ئەم تێڕوانینە زمانییە پشت بە دارِشتنێکی بیرکارییانە دەبەستێت، کە پەیوەندیی نێوان چەند هەنگاوێک دەخاتەڕوو، هەر هەنگاوێکیش وابەستەی هەنگاوی پێشووترە ". (جومسكي: ١٩٨٥، ٩) لە (قادر: ٢٠٠٩، ١٨) وەرگیراوە.  بەپێی ئەم ڕێزمانە لە ڕستەدا، هەر کەرەستەیەک کاریگەری لەسەر دوای خۆی هەیە، ئەم سیستەمە سینتاکسییە لە زماندا پشت بەو بۆچوونە دەبەستێت، کە دەڵێت: "ڕستە بە هۆی زنجیرە هەڵبژاردنێک، کە بە ئاڕاستەی لە چەپەوە بۆ ڕاست (تایبەت بەزمانی ئینگلیزیی)، بەرهەمدێت و تێیدا هەر کەرەستەیەک، وشەی دوای خۆی  لە زنجیرەکەدا هەڵدەبژێرێت". (لاينز: ٢٠٠١، ٦٤)، بەڵام سەبارەت بە زمانی کوردی، زنجیرە وشەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ بە دوای یەکدا دێن، بەوپێیەی لەڕووی واتاوە هەر وشەیەک، وشەی دوای خۆی لە هەمان دەوروبەردا هەڵدەبژێرێت.

(١) ئەو منداڵە گریا.

(٢) ئەو خانووە ڕووخا.

لە ڕستەی (١) و (٢)دا، وشەی (ئەو)، کە خاڵی دەستپێکردنی ڕستەکانە، بەپێی دەوروبەر و ئاڕاستەکەی، وشەی تر هەڵدەبژێرێت و دەیوروژێنێت، لێرەدا ناکرێت وشەی (ڕووخا) بخرێتە دەوروبەری (منداڵ)ەوە، یان وشەی (گریا) بخرێتە دەوروبەری  (خانوو)ەوە، بەوپێیە وشەی (منداڵ) بڕیاردەرە لە هەڵبژاردنی وشەی (گریا)دا، هەروەها وشەی (خانوو) بڕیاردەرە لە هەڵبژاردنی وشەی (ڕووخا)دا، هەر ڕستەییێکیش خاڵێکی سەرەتا و کۆتایی دەبێت، ئەو کەرەستەیەی دەکەوێتە سەرەتا وشەییێکی تر، کە گونجاو و هاوسێ بێت، لە هەمان دەوروبەردا دەیوروژێنێت، وشەی دواتریش بە هەمان شێوە بەپێی شوێنەکەی وشەی دوای خۆی، کە دەکەوێتە هەمان  دەوروبەر، هەڵدەبژێرێت، بەمپێیە ئاخێوەر بەردەوام دەبێت، تا دروستبوونی ڕستەکە کۆتاییدێت. ئەم بۆچوونە لە سەرەتادا پێشوازی لێکرا، بەڵام دواتر ڕەخنەی زۆری ئاڕاستەکرا، چونکە بنەماکانی ئەم ڕێزمانە بۆ دروستەی ڕستەی ئاڵۆز گونجاونین.

(٣) ئەو کوڕەی پاسکیل لێدەخوڕێت، لە چێشتخانە کاردەکات.

لە (٣)دا، لەنێوان وشەی (لێدەخوڕێت) و (چێشتخانە)دا، پەیوەندییەکی دەوروبەری بەهێز نییە، تا وشەی (لێدەخوڕێت) ناچار بە هەڵبژاردنی وشەی (چێشتخانە) بکات، هەرچەندە دوو وشەکە بەدواییەکدا هاتوون.

## (١-٢-١-٢) ڕێزمانی فرێزپێکهێنان:

لە ئەنجامی بەسەرداچوونەوەی ڕێزمانی بارە سنووردارەکان لەسەر بنەمای ئەو کەموکورتیی و ڕەخنانەی، لەلایەن زمانەوانانەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، (چۆمسکی) ڕێزمانێکی لەبارتر و گونجاوتری لەژێر ناوی ڕێزمانی فرێزپێکهێنان هێنایەکایەوە، هەرچەندە ئەو ڕێزمانەش خاڵینەبوو لە کەموکورتیی و ڕەخنەی زمانەوانان، چونکە یاساکان لەڕووی تواناوە لە سنوورێکی دیاریکراودا دەوەستن، بەڵام لە هی پێش خۆی بەهێزتربوو، یاساکانی ئەم ڕێزمانە لە هەشت یاسا پێکدێن، یاسای یەکەم و سەرەتا بۆ پێکهێنانی ڕستەیە، وەکو گەورەترین کەرەستەی زمان، کە لە فرێزی ناوی و فرێزی کرداری پێکدێت. یاساکانی فرێزپێکهێنان تەنیا لەم پێکهاتە سادانەدا کۆنابنەوە، بەڵکو لە ڕستەی ئاڵۆزیشدا ڕۆڵدەبینن، ئەویش لەڕێی پرۆسەی دووبارەکردنەوەوە، کە لە ڕستەی درێژ و ئاڵۆزدا دووبارەدەبنەوە. (یونس: ٢٠٠٤، ٩٦) یاساکانیش ئەمانەن:

1. S ⟶ NP + VP
2. VP ⟶ V + NP
3. NP ⟶ N + DET
4. PP ⟶ PreP + NP
5. V ⟶ VS
6. Aux ⟶ Tense Aspect (Modal)
7. Comp ⟶ NP, PP, Adj, Adv
8. Adv ⟶ Loc , time, reason… (Amin: 1979, 37)

یاساکانی فرێزپێکهێنان ئاستی قووڵی ڕسته بەرهەمدێنن، پێویسته کەرەستەکان بگوازرێنەوە بۆ ئاستی ڕووکەش، کە ڕێزمانی گواستنەوە لێی بەرپرسیارە و لەڕێی یاساکانی گواستنەوەوە جێبەجێدەکرێت.

## (١-٢-١-٣) ڕێزمانی گواستنەوە:

له هەر دوو جۆرەکەی پێشوو بەهێزتربوو، سەرەتای هەنگاوێکی گرنگ بوو له شۆڕشە زمانەوانییەکەی چۆمسکیدا و هەنگاونان بوو بەرەو قۆناغێکی نوێ له بواری لێکۆڵینەوەی زمانییدا. ئاستی قووڵی ڕسته بەهۆی یاساکانی فرێزپێکهێنانەوە بنیاددەنرێت و ئاستی ڕووکەشی ڕستەش بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە دروستدەکرێت، "دەشێت بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە چەندین ڕستەی تری لێ بەرهەم بهێنرێت، وەک بکەرنادیار، پرسیار، نەرێ،...هتد". (لاینز: ٢٠٠١، ٩٩) له ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوەوە ئاستی قووڵ و ڕووکەش بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. گواستنەوە کردنەوەی ئەو گرێکوێرانە بوو، کە له زۆربەی ڕستەکاندا بەدیدەکرا، هەرچەندە له ڕواڵەتدا لەیەکدەچن، کەچی له واتادا جیاواز بوون، یان به پێچەوانەوە، له ڕواڵەتدا جیاواز بوون و له هەمان کاتدا یەک واتایان دەگەیاند.

لەم قۆناغەدا، (چۆمسکی) به تێکەڵکێشکردنی ئەم سێ ڕێزمانە، توانی هەندێک جۆری ڕستەی سادە پەسنبکات، بەڵام زۆرلایەنی تر مانەوە، کە پێویستیان به لێکۆڵینەوە هەبوو، لەبەر ئەم کەموکورتییانە، لێکۆڵینەوەکانی قۆناغی تری هێنایەکایەوە:

أ- گرنگینەدان به لایەنی واتا.

ب- گرنگینەدان و پشتگوێخستنی لێڵیی سینتاکسی و فەرهەنگی.

ت- پراکتیزەکردنی به شێوەیەکی یەکسان و بێ جیاوازی لەسەر هەموو ڕستەکان. بۆ نموونە هەندێک ڕستە، بکەر نادیاری لێ دروستناکرێت.

پ- پشتگوێخستنی ڕۆڵی پێکهێنەری سینتاکسی له بەرهەمهێنانی ڕستەکاندا. (حاجی: ٢٠٠٧، ١٢).

ئەم قۆناغە، وەکو دوا قۆناغی تیۆری بەرهەمهێنان، "سیمای سەرەکی ئەوە بوو، کە چۆمسکی هێشتا لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی ڕێبازی ڕۆنانکاریی ڕزگاری نەبووبوو به تایبەتیش، کە دەیوت: کردە سینتاکسییەکان دەبێ سەربەخۆ بن له کردە واتاییەکان، بەوەی دەشێت هەندێک ڕستە له زماندا پەسەند نەبن (واتە بێ واتابن)، بەڵام ڕێزمانیی بن". (محەمەد: ٢٠٠٩، ٥٦).

دوای ئەم قۆناغە، (چۆمسکی) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە نموونەی شێوەزارەکانی زمان دووردەکەوێتەوە و پشت بە نموونەی ستانداردی زمانەکە دەبەستێت، بۆچوونی وایە، کە دەبێت زمان لە هەڵە و گۆڕانی وشەکانی ئاخاوتن، لە قسەی ئاخێوەرانی پاککرابێتەوە، نموونەی ستانداردی زمانەکە، هەڵە و کەموکورتی تێدا نییە و بە تەواوی پاککراوەتەوە، بەم هەنگاوەش لێکۆڵینەوەکەی چووە قۆناغێکی ترەوە، کە (تیۆری ستاندارد) بوو.

## (١-٢-٢) تیۆری ستاندارد:

بە قۆناغی دووەمی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە دادەنرێت، کە لە ساڵی (١٩٦٥)دا، بە بڵاوکردنەوەی دووەم بەرهەمی زمانەوانیی (چۆمسکی)، لەژێر ناوی (هەندێ لایەنی تیۆری ڕستەسازی) دەستپێدەکات، کە هەر بەرهەمێکی، پێداچوونەوە بووە بە کارەکانی پێشووتری. (چۆمسکی)، "لەم کتێبەیدا لە هەندێک لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەزدەبێتەوە و هەوڵدەدات لەم بەرهەمەیدا ڕاستیانبکاتەوە، ئەویش بە دووبارە وروژاندنەوەی سەربەخۆیی کردە سینتاکسییەکان لە کردە واتاییەکان". (محەمەد: ٢٠٠٩، ٥٧).

(چۆمسکی) لە سەرەتای تیۆرەکەیدا، کێشەی لەگەڵ واتادا هەبوو، واتای نەخستبووەناو تیۆرەکەی، پێیوابوو، ڕستەسازی دەبێت سەربەخۆ بێت و بەبێ واتا لێیبکۆڵرێتەوە، پاشان دوو ئاستی بۆ ڕستە دیاریکرد، کە ئاستی قووڵ و ڕووکەش بوون، لەم بەسەرداچوونەوەیەدا ئاستێکی واتا دەخاتە ڕێزمانەکەیەوە، پێیوایە واتا لە ئاستی قووڵدایە، لە کاتی گواستنەوەی ڕستە لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش، دەبێت پارێزگاری لە واتا بکرێت و هەر دوو ئاستەکە خاوەنی هەمان واتا بن. ئەمەش بە جیاوازیی سەرەکیی نێوان قۆناغی یەکەم و دووەم دادەنرێت. سەبارەت بە پێکهاتەکانی تیۆری ستاندارد بۆچوونی وایە، ڕستەی نموونەیی، دەبێت ئەم سێ پێکهاتەیەی هەبێت:

أ- سینتاکسی: بنج و یاساکانی گواستنەوە دەگرێتەوە، بنجیش لە یاساکانی فرێزپێکهێنان و فەرهەنگێکی وشەیی پێکدێت، یاساکانی گواستنەوەش لە ئاستی قووڵی ڕستە، ئاستی ڕووکەشی هەمەچەشن دادەتاشێت.

ب- فۆنۆلۆجی: لە کۆمەڵێک یاسای فۆنۆلۆجی پێکدێت، ئەرکی لێکدانەوەی چۆنیەتیی گۆکردنی وشە فەرهەنگییەکانە، لە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە، ئەم یاسایانەش بۆ ئەوەیە، ئاستی ڕووکەش بەرەو نواندنی فۆنەتیکی ببات.

پ- واتایی: لایەنی واتایی وشە و ڕستە دەگرێتەوە، ئەرکی لێکدانەوەی واتا جیاوازەکانی وشە فەرهەنگییەکانە، لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ واتای ڕستە دابیندەکات.

(ئەم زانیارییانە لە: ناوخۆش: ٢٠٠٥، ٦٢ وەرگیراون).

لەم قۆناغەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت "پێکهێنەری سینتاکسی بۆ هەر ڕستەیەک لە دوو ئاستدا بێت: قووڵ و ڕووکەش، ئاستی قووڵ بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە و ئاستی ڕووکەش بۆ دیارکردنی چۆنیەتیی گۆکردنی ڕستەیە. یەکەمیان لە ڕێگەی پێکهێنەری واتایی و دووەمیان لە ڕێگەی پێکهێنەری فۆنۆلۆجییەوە دەنوێنرێت". (باقر: ١٩٨٥، ٣٩) لە نامەی دکتۆرای (حاجی: ٢٠٠٧، ١٩) وەرگیراوە.

## (١-٢-٣) تیۆری ستانداردی فراوانکراو:

قۆناغێکی ترە لە قۆناغەکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، کە لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکاندا بەکارهاتووە، (چۆمسکی) لە ئەنجامی پێداچوونەوە و بەسەرداچوونەوەی بە دوو قۆناغی پێشووتری کارە زمانەوانییەکەی هێنایەئاراوە. بێگومان ئەم هەنگاوەش، دەبێت جیاواز بێت لە هەنگاوەکانی پێشووتری، کە "لە چەند ڕوویەکەوە لە تیۆری ستاندارد جیادەبێتەوە، بە تایبەتیش لەو ڕووەوە، کە دروستە سینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بەخۆوەدەگرن، سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش، وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی، کە لە تیۆری ستاندارد دەگیران". (Trask: 1993, 130) ئەم هەنگاوەی (چۆمسکی) بۆ بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستاندارد و چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بوو "بە تایبەتی ئەو گۆڕانکارییە واتاییانەی، کە لە ئەنجامی کارکردنی یاساکانی گوێزانەوە و فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەک ئاوازە و سترێس ڕوودەدەن". (حاجی: ٢٠٠٧، ٢١).

لەم قۆناغەدا، واتا بە ئاستی ڕووکەش پەیوەستدەکات، بۆچوونی وایە، کە واتا لەم ئاستەی ڕستەدایە، "ئاستی ڕووکەش بڕیار لەسەر واتای ڕستە دەدات و زانیاریی واتایی لە ڕێگای ئەم دروستەیەوە دەبێت". (ناوخۆش: ٢٠٠٥، ٨٣). (چۆمسکی) و لایەنگرانی پێیانوابوو، یاساکانی گواستنەوە گۆڕان لە واتادا دەکەن، بە پێچەوانەوە نەیارەکانیان بۆچوونیان وابوو، نابێت گۆڕینی واتا بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە ڕووبدات، بەڵکو بەلای ئەوانەوە کردەکە "تەنیا گۆڕانی دروستەیەکە بە دروستەیەکی تر، کە بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە ڕوودەدات". (عمادی: ١٣٧٦، ٢٢)، بەڵام یاساکانی گواستنەوە گۆڕان لە واتای ڕستەکاندا دروستدەکەن، وەکو لەم ڕستانەدا ڕوونکراوەتەوە:

(٤) أ- كریكارەكە خانووەكەی ڕووخاند.

ب- خانووەكە ڕووخێنرا.

(٥) أ- منداڵەكان یاریدەكەن.

ب- منداڵەكان یاریناكەن.

لە ڕستەی (٤) و (٥)دا، بەهۆی یاساكانی گواستنەوەوە گۆڕان لە واتای ڕستەكاندا ڕوویداوە، لە (٤)دا، گۆڕینی بكەردیار بۆ بكەرنادیار و لە (٥)دا، ئەریێ بۆ نەریێ گۆڕاوە، ئەو ڕستانە ئەوە نیشاندەدەن، كە هەندێكجار گواستنەوەكان دەبنەهۆی گۆڕانی واتای ڕستەكان.

## (١-٣) لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەوە بۆ دەسەڵات و بەستنەوە:

بەسەرداچوونەوەی تیۆری ستانداردی فراوانكراو، دوا قۆناغی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە بوو، بەو واتایەی ئەم مۆدێلە ڕێزمانییە لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە تیۆری ستانداردی فراوانكراودا سەریهەڵدا، "ئەم تیۆرە لە كۆتایی (١٩٧٠)ەكاندا بەكارهاتووە، بۆ ناولێنانی دوا ئاكامی تیۆرەكەی چۆمسكی". (محەمەد: ٢٠٠٩، ٦٤).

لەم قۆناغەدا، (چۆمسكی) گەیشتە ئەو ئەنجامەی، كە واتا لە هەر دوو ئاستی قووڵ و ڕووكەشی ڕستەدایە و هەر دوو ئاستەكە، لە واتای ڕستەدا بەرپرسن، لە ئەنجامی بەسەرداچوونەوەی بەردەوام، تیۆرێكی تر كۆتایی بە كەموكورتیی تیۆرەكانی پێشووتر هێنا، كە (دەسەڵات و بەستنەوە) بوو، ئەم تیۆرە بە خێرایی شوێنی تیۆرەكەی پێش خۆی گرتەوە. لێرەدا پوختەی گۆڕانكارییەكانی ئەم قۆناغە، بەكورتی لە چەند خاڵێكدا دەخەینەڕوو:

١- نواندنی واتایی پشت بە هەر دوو ئاستی قووڵ و ڕووكەش دەبەستێت، كە لە قۆناغی پێشوودا، تەنها پشتی بە ئاستی قووڵ دەبەست.

٢- ئارەزووی زۆری بۆ گشتاندنی گشتگیر و بنەما گشتییەكانی هەیە، كە دەسەڵاتیان بەسەر شێوەی سیستەم و پەیوەندییە دروستەییەكانەوە هەیە.

٣- پێشكەوتنێكی نوێ لە تیۆری زماندا دەركەوت، كە لە پێشووتردا بەم جۆرە نەبوو، بە تیۆری شوێنپێ ناسراوە (Trace Theory).

٤- کۆکردنەوەی گواستنەوەکان و کورتکردنەوەیان لە یەک گواستنەوەدا، لەژێر ناوی ئەلفا (α) بجولێنە.

٥- بەستنەوەی پێکهاتەی واتایی و فۆنۆلۆجی بە پێکهاتەی دروستەیی لە ئاستی ڕووکەشدا و لەم بارەدا، پێکهاتەی واتایی پێیدەوترێت شێوەی لۆجیکی (LF ).

٦- بە گواستنەوەیەکی پێشکەوتوو دادەنرێت، لەگرنگیدان بە سیستەمی سینتاکسی بۆ قۆناغێکی تر، کە گرنگی بە توانستی لێکدانەوە دەدات، نەخشە بۆ تیۆرێکی زمانیی گشتگیردەکێشێت. (باقر: ١٩٨٥، ١٢- ١٥) لە (دزەیی: ٢٠١٣، ١٠٤- ١٠٥) وەرگیراوە.

ناونیشانی تیۆرەکە، جگەلە زاراوەی (دەسەڵات و بەستنەوە)، "زۆر جار تیۆری (بنەما و پارامیتەرەکان) – Principles Parameters - ی پێدەوترێت". (محەمەد: ٢٠٠٩، ٦٤)، کە مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام- Minimalist program) یش لەخۆدەگرێت، بەڵام ئێمە کارەکەمان لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا ئەنجامداوە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی پێ ئاڕاستەکراوە، لەبەرئەوە زاراوەی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە)مان بەکارهێناوە.

## (١-٣-١) تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

لە ئەنجامی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە هاتەئاراوە، (چۆمسکی) لەسەر بنەمای چەمکی ڕێزمانی گشتگیر (Universal grammar) خستییەڕوو، کە لەم کتێبە زمانەوانییانەیدا، خۆیدەنوێنێت، لە ساڵی (١٩٨١)دا، کتێبی (چەند وانەیەک لەسەر دەسەڵات و بەستنەوە Lectures on Government and Binding)، پاشان لە ساڵی (١٩٨٢)دا، کتێبی (هەندێ چەمک و ئەنجامەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە Some Concepts and Consequences of the theory of Govenment and binding)، لە ساڵی (1986a)دا، کتێبی (زانینی زمان Knoledge of Language)، لە ساڵی (1986b)دا، کتێبی (بەربەستەکان Barriers). (Haegeman : 1998, 20).

ئەم مۆدێلە ڕێزمانییە، کە بە (GB) ناسراوە، کورتکراوەی (Government and Binding Theory) بەرەو ڕێزمانی جیهانی چوو، چونکە بەشێکە لە "ڕێزمانی سەراپا، دەتوانرێت بۆ دوو پێکهاتەی سەرەکی دابەشبکرێت: ئاستەکانی نواندن و سیستەمی سنووردارکردن". (Black: 1998, 2) ئەم تیۆرە (GB) ئاستەکانی نواندنی دەستنیشانکردووە، ئەمانە لە دیارترین ئاستەکانی نواندنن:

أ- ئاستی قووڵ: هەمان ئاستی قووڵی ڕێزمانی گواستنەوەیە.


ب- ئاستی ڕووکەش: زۆر نابەرجەستەترە لە ئاستی ڕووکەشی ڕێزمانی گواستنەوە، فۆڕمی فۆنەتیکی لە تیۆری (GB)دا لەگەڵ ئاستی ڕووکەشی ڕێزمانی گواستنەوە یەکدەگرن.

پ- شێوەی فۆنەتیکی: بەرانبەر بە ئاستی ڕووکەشی ڕێزمانی گواستنەوە دەوەستێت، کە دەبێتە کەرەستەی فۆنۆلۆجی.

ت- شێوەی لۆجیکی: لە ئاستی ڕووکەش بەدەستدێت، واتە ئاستی ڕووکەش دەبێتە کەرەستەی پرۆسەکانی لێکدانەوەی سیمانتیکی، بە پێچەوانەی ڕێزمانی گواستنەوەوە، کە نواندنی سیمانتیکیی ڕستە لە ئەستۆی ئاستی قووڵدا بوو. (Van Valin: 2004, 193).

تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە وایدادەنێت، کە "هەر مۆدێلێکی داڕێژراو (Derivational Model) لە چوار ئاستی نواندن پێکدێت، بەڵام لەهەندێک سەرچاوەدا سێ ئاستی نواندن دیاریکراون و تیایدا فەرهەنگ بە ئاستێکی نواندن دانەنراوە؛ لەوانە (Trask: 1993, 120) و (Crystal: 1992, 147) و (Mathews: 1997, 149)، هەریەکە لەم سەرچاوانە سێ ئاستی نواندنیان دیاریکردووە". (بڕوانە: محمد: ٢٠٠٩، ٦٤) ئاستەکانی نواندنی دروستەیەک لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، فەرهەنگیش تایبەتمەندیی یەکە فەرهەنگییەکان دەخاتە لیستێکەوە، "کە بەپێی تایبەتێتی فۆنەتیکی و ڕێزمانی پۆلدەکرێن و واتاکانیان دیاریدەکرێن" (قادر: ٢٠١٧، ١٣٠)، یەکە فەرهەنگییەکان یەکەی سینتاکسی دروستدەکەن. لە ئەنجامی یەکگرتنی یەکە فەرهەنگییەکانیش ئاستی قووڵ (Deep Structure) پێکدێت. پاشان بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە ئاستی ڕووکەش (Surface Structure) بەرهەمدێت. یاسای جولاَندنی (α) – ئەلفا بجوڵێنە- لەلایەکەوە ئاستی ڕووکەش بە ئاستی قووڵەوە دەبەستێتەوە، ئاستی ڕووکەشیش ڕاستەوخۆ لێکنادرێتەوە، بەڵکو بۆ دوو فۆڕم دابەشدەبێت: "فۆڕمی فۆنەتیکی (Phonetic from)، کە تیایدا کەرەستەکان بە شێوەی دەنگ دەنوێنرێن، لەگەڵ فۆڕمی لۆژیکی (Logical form)، کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ واتادا هەیە، لەلایەکی تریشەوە یاسای جولاَندنی ئەلفا (α)، ئاستی ڕووکەش و فۆڕمی لۆجیکی بەیەکەوە گرێدەدات، جوڵەی هەر کەرەستەیەکیش لە ئاستەکانی نواندن سیستمی سنووردارکردن بەرپرس دەبێت لە سنووردارکردنی ئەم جولاَنەدا ". (Black: 1998, 2). جێگۆڕکێی کەرەستەکان، کە بە جوڵەی ئەلفا ناوزەددەکرێن، پەیوەست دەبێت بە ئاستی ڕووکەشەوە، کە جوڵەی هەر کەرەستەیەک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لەخۆدەگرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، "زاراوەی (ئەلفا α) جێگرەوەیە بۆ هەر جۆرێکی جوڵەی سنووررداری وشە، یان پێکهاتە، بە واتا ئەمجۆرە جوڵەیە بنجێکی نەگۆڕی تیۆرەکەیە و ئاڕاستەی جوڵە بەپێی جۆری وشە سنووردراردەکات و دیاریدەکات، بەو واتایەی خودی جوڵە لە زمانە جیاوازەکاندا، تایبەتە بە کەرەستە گەلێک لە سنوورێکی دیاریکراودا. دەبێت ئەوە لەیادنەکرێت، کە حوکمی (ئەلفا بجوڵێنە) لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا زۆر سنووردارە، بەوەی، کە جوڵە نابێت زیاتر لە پێکهاتەیەک بالاتر، یان دوورتر بێت، کە دەشێت وشەیەک، یان فریزێک، یان فریزێکی ناویی فراوانکراو بێت". (مقدم: ١٣٨٦، ٤٣٨)، هێڵکاریی ژمارە (١) ئاستەکانی نواندنی داڕشتنی ڕستە نیشاندەدات.




هێڵکاریی ژمارە (١)، (Black: 1998, 2).

ئاستەکانی نواندن بەپێی یاساکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کە لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا، ئاماژەپێکراوە، تاکە یاسایەکی جوڵانەوە، کەبریتییە لە ئەلفا بجوڵێنە- Move α نەخشەی نێوان ئاستی قووڵ و ڕووکەش دەکێشێت، هەمان یاسا نەخشەی نێوان ئاستی ڕووکەش و فۆڕمی لۆجیکی دەکێشێت. Move α لە بنەڕەتدا، وەک یاسایەکی سادە ڕێگە بە هەر کەرەستەیەک دەدات، کە بۆ هەر شوێنێک بجوڵێت، بەڵام سیستەمی سنووردارکردنەکان بەرپرسیارە لەم جوڵانەوە، گریمانەی ئەوە دەکات شێوازبەندی و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تر لە فۆڕمی فۆنەتیکی (PF) دا، ڕوودەدەن. (Black: 1998, 2).

## (١-٣- ٢) لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لە چەند لقە تیۆرییێکی جیاواز پێکهاتووە، هەریەک لە (تیۆری دەسەڵات) و (تیۆری بەستنەوە)، کە دوو لقن لە لقە تیۆرییەکانی (GB) و هاوکات بوونەتە ناونیشان بۆ تەواوی تیۆرەکە، لەگەڵ ئەوەشدا (چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٩١)دا پێی باشتربوو، لەجیاتی ناوی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە)، تیۆری (بنەما و بگۆڕەکان) بەکاربێت، چونکە ناوێکی گشتگیرترە بۆ تیۆرەکە و بەرنامەی مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام)یش لەخۆدەگرێت. مەبەست لە بنەما و بگۆڕ ئەوەیە، کە بەلای (چۆمسکی)یەوە، تاکە ڕێزمانی جیهانی لەسەر چەند بنەمایەک بنیاتنراوە و لەناو ئەم بنەمایانەدا، چەندین بگۆڕی جۆراوجۆر هەن، یەکێک لەو بنەمایانە ئەوەیە، لە هەموو زمانەکاندا فرێز لە وشەیەک، کە (سەر)ە، یان لە (سەر) و (دیارخەر)ێک پێکدێت، چۆنییەتیی ڕیزبوونیان لە زمانە جیاوازەکاندا بگۆڕەکەیەتی. هەندێک لە زمانەکان شێوەی ڕیزبوونیان سەرسەرەتایە و هەندێک زمانی تر، سەرکۆتایە. (حاجی: ٢٠٠٧، ٢٩) بەڵام ئێمە زاراوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بەکاردێنین بۆ جیاوازیکردنی لەگەڵ مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام)دا. ئەم تیۆرە بەسەر ژمارەیەک لقە تیۆری دابەشبووە، هەریەکەیان بەشێوەی سەربەخۆ کاردەکەن و لەهەمان کاتدا کار لەیەکتری دەکەن، لقە تیۆرییەکانیش ئەمانەن:

١- تیۆری ئێکس- باڕ (X- bar theory).

٢- تیۆری سێتا (θ –theory).

٣- تیۆری دۆخ (Case theory).

٤- تیۆری بەستنەوە (Binding theory).

٥- تیۆری سنووردانان (Bonding theory).

٦- تیۆری کۆنترۆڵ (Control theory).

٧- تیۆری دەسەڵات (Government theory).

٨- تیۆری کاتیگۆرییە بەتاڵەکان (Empty category theory).

(Trask: 1993, 121)

## (١ -٣ -٢- ١) تیۆری ئێکس- باڕ: X- bar Theory

پێش ناساندنی تیۆری ئێکس- باڕ، کە یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی (GB)، لە سەرەتادا چەمکەکەی دەخەینەڕوو، ئێکس- باڕ (x – Bar)، لە: ئێکس (x) و باڕ (Bar) پێکهاتووە، "ئێکس (X) هێمایەکی بیرکارییە لە بری (س، ص)ی بواری بیرکاری بەکاردێت، هەرچۆن لە بیرکارییدا بەهاییکی جەبریی هەیە، لە زمانیشدا بەهاییکی زمانیی هەیە، بەهای ئاستەکەی خۆی، لە بریتی یەکێک لە کاتیگۆرییەکان بەکاردێت، باڕیش (Bar) بە شێوەی کۆما- فاریزە (،)، یان بە شێوەی پارچە ڕاستەهێڵێکی بچووک (-)، یان وەکو ژمارە لەلای ڕاست، یان لە سەرەوەی (x) ەوە دادەنرێت". (قادر: ٢٠٠٩، ٢٩) لەلایەن زمانەوانانەوە بە شێوەی جیا جیا ئاماژە بە باڕ (Bar) کراوە، بۆ نموونە (زیلیگ هاریس)، ژمارە ($X^1$) ی بەکارهێناوە، کە سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆرەکە، بۆ بەرهەمە سەرەتاییەکانی بۆ ساڵی (١٩٥٠) دەگەڕێتەوە، (جاکندۆف) هێمایەک ($X'$) ی بەکارهێناوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی، لە ساڵی (١٩٧٠) دا، گەشەی بە تیۆرەکە داوە، (چۆمسکی) یش بۆ باڕ ($\bar{x}$) ی بەکارهێناوە، کە لە ساڵی (١٩٨٠) بە دواوە تیۆرەکە ئاخنراوەتەناو تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و وەکو لقە تیۆرێکی (GB) دەناسرێت. (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٥٠-١٥٢).

(x –Bar)، تیۆرێکی سینتاکسییە، دەستپێکی کارکردنی، ئاستی قووڵی ڕستەیە، دروستەی فرێزە پێکهێنەکانی ڕستە شیدەکاتەوە، کە بریتیین لە فرێزی ناویی و کرداری، هەروەها لە ئاستە دروستەییەکاندا پەسنی چۆنییەتیی داڕشتنی فرێزەکان دەکات، لەنێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا کاردەکات و زانیارییە فەرهەنگییەکان دەنوێنێت، بە شوێنگرەوەی یاسا پێکهێنەکانی فرێز لە تیۆری ستانداردا دادەنرێت، بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی یاساکانی فرێزپێکهێنان لە تیۆری ستانداردا هاتەئاراوە. (بۆ کەموکورتییەکانی یاساکانی فرێزپێکهێنان، بڕوانە: قادر: ٢٠٠٩، ٢٣).


تیۆری (x –Bar)، ڕەگەزەکانی (سەر، تەواوکەر، دیاریکار) بە کەرەستەی سەرەتایی و بنچی فرێز دادەنێت، "(سەر) کەرەستە بەخورتییەکەی فرێزە" (Cowper: 1992, 20)، پێویستە لە هەموو فرێزێکدا بوونی هەبێت، هەرچی دوو ڕەگەزەکەی ترە، مەرج نییە، هاوبەشی لە پێکهێنانی هەموو فرێزێکدا بکەن، بەمپێیە لەم تیۆرەدا، هەموو پۆلکردنێکی فەرهەنگی، کە هێمای (x–Bar)ی بۆ دادەنرێت، تەنیا لە سەرەیێک (Head)، یان لە سەرەیێک و تەواوکەرێک (Complement)، لەگەڵ دیاریکارێک (Specifier)، پێکدێت. پەیوەندیی نێوان سەر و تەواوکەر لەلایەک و پەیوەندیی نێوان سەر و دیاریکار لەلایەکی ترەوە، پەیوەندییەکی دروستەیین. ئەم تیۆرە لە چوارچێوەی "تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا بە دوای لایەنە هاوبەشەکانی نێوان پۆلە جیاوازەکانی فرێزە

فەرهەنگییەکاندا دەگەڕێت، بەهۆی دانانی هەمان پێکهاتە بۆیان، لەجیاتی ئەوەی بۆ هەر فرێزێک (فرێزی کرداری، فرێزی ناوی،...هتد) سەر و دروستەیەک بنیادبنێت". (Black: 1998, 5) بە دانانی X یێک لە جیاتی سەرەی پۆلە فەرهەنگییەکە (N, V, A, P)، بەمەش بۆ پێکهێنانی فرێز لە جیاتی چەند یاسایەک، بە یەک یاسا و لەجیاتی چەند هێڵکارییەک، بە یەک هێڵکاریی فۆرمە گشتییەکەی پێکهێنانی فرێز دەخرێتەڕوو (بڕوانە هێڵکاریی (٢)).

XP → X⁻ Spec

X⁻ → X⁻ Adju

X⁻ → X Comp




هێڵکاریی ژمارە (٢) (Black: 1998, 5).

دەشێت لە فرێزدا، کەرەستەی سەربار (Adjunct) هەبێت، وەک (خوێندکارێکی زیرەک)، لەم فرێزەدا، ئاوەڵناوی (زیرەک) کەرەستەی (سەربار)ە.


لە پێکهێنانی فرێزەکاندا (سەر) لەهەمان چەشنی پۆلە فەرهەنگییەکەیە و بە ناوی پۆلە فەرهەنگییەکەوە، کە (سەر) بەشێکە تیایدا، ناودەنرێت. بۆ نموونە سەرەی فرێزی ناوی، (ناو) و فرێزی ئاوەڵناوی (ئاوەڵناو) و فرێزی کرداری (کردار)ن. (بڕوانە: ڕەسوول: ٢٠١٤، ٣٠).

ئەم چوار جۆرە فریزە، (NP)، (VP)، (AP)، (PP)، بە هێڵكارییەكانیانەوە دەیانخەینەڕوو (بڕوانە هێڵكاریی (٣، ٤، ٥، ٦)).

$NP \rightarrow N^{-}\ \ Spec$

$N^{-} \rightarrow N^{-}\ \ Adju$

$N^{-} \rightarrow N\ \ Com$





هێڵكاریی ژمارە (٣)

$VP \rightarrow V^{-}\ \ Spec$

$V^{-} \rightarrow V^{-}\ \ Adju$

$V^{-} \rightarrow V\ \ Com$





(٤) هێڵکاریی ژمارە

$AP \rightarrow A^{-}$ Spec

$A^{-} \rightarrow A^{-}$ Adju

$A^{-} \rightarrow A$ Comp





(٥) هێڵکاریی ژمارە

PP → $P^{-}$ Spec

$P^{-}$ → $P^{-}$ Adju

$P^{-}$ → P Comp




هێڵکاریی ژمارە (٦)

کەرەستە پێکهێنەرەکانی دروستەی فریز لە تیۆری ئێکس- باڕ (x –Bar)دا، بریتین لەمانە:

أ- سەرHead: لە هەموو فریزێکدا بوونی هەیە، بەرانبەر بە هەریەکە لە: (ناو، ئاوەڵناو، کردار،...هتد)، دەوەستێت، هەریەکەیان دەبنە سەری فریز بۆ فریزەکانیان، پێوەری سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی بۆدەستنیشانکردنی (سەری واتایی) پێویستن، بەپێی پێوەرەکان، دەکرێت (سەر) ئەم خاسیەتانەی هەبێت:

١- پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە، نیشانەیەکی ڕێزمانی هەڵگرتووە، کە بۆ هەموو فریزەکە دەگەڕێتەوە.


٢- دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکانیدا هەیە.

٣- لە ژمارە و کەسدا، لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانیدا ڕێکدەکەوێت. (Haspelmath: 2002, 90) لە (قادر: ٢٠٠٩ ، ٣١) وەرگیراوە.

ب- تەواوکەر Complement: ئەو فریزەیە، کە لە هێڵکارییدا، دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی جێکەوتی ناوەند، دەبێتە کچی ($X^{-}$) و لە هەمان کاتدا دەبێتە خوشکی (X)، کە جێکەوتەی بچووکە و سەری فریزەکەیە، تەواوکەر بەرانبەر چەمکی بەرکاری ڕێزمانی دێرین ڕادەوەستێت. (Carnie: 2013, 176).

پ- دیاریکارSpecifier: ئەو فریزەیە، کە لە هێڵکاریی درەختی (XP)دا، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتی مەزن، دەبێتە کچی (XP)، کە بە دایک Mather ناسراوە، لەهەمان کاتدا دەبێتە دەستەخوشک Sister hood، لەگەڵ ($x^-$) دا، دیاریکار "زاراوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کەرەستانە بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەی لە فریزی ناویدا دەرخەری لایەنێکی سەرەن، دەتوانن ڕۆڵی بکەریی وەربگرن و بەمشێوەیە پێکهاتەی ڕستەکە تەواوبکەن، ئەمە دەبێتە خاڵی جیاوازییان لە تەواوکەر، بێجگە لەوەی، کە دیاریکارەکان بە پێچەوانەی تەواوکەرەکان، لەڕووی شوێنی دەرکەوتنیان پێش پۆلە فەرهەنگییەکە دەکەون". (حاجی: ٢٠٠٧، ٥٧).

ت- سەربار Adjunect: هەر پێکهاتەیەکی تر، جگەلە سەر و دیاریکار و تەواوکەر، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە کچی (XP)، یان دەبێتە خوشکی ($x^-$)، یان کچی ($x^-$)، بەو واتایەی دەشێت زیاتر لەجارێک لە پێش ($x^-$) و لە دوای ($x^-$) ەوە بێت. لە هێڵکاریی ژمارە (٧)دا، (سەربار) لە تیۆری ئێکس- باڕ (x –Bar)دا نیشاندەدەین:




هێڵکاریی ژمارە (٧)، (حاجی: ٢٠٠٧، ٥٩)

تیۆری (X–Bar)، لەلایەکەوە لە دیاریکردنی دروستەی ناوەوەی پۆلە فەرهەنگییەکان و لەلایەکی تریشەوە لە دروستەی ڕستەدا، تایبەتە بە فرێزە ئەرکییەکان، کە پۆلی فەرهەنگی نین، بەڵکو مۆرفیمی بەندن، بەشێوەی پاشگر Affixes و ئەرکی سینتاکسییان هەیە، وەک نیشاندانی (کات و ڕێکەوتن، ...هتد)، ڕۆڵ دەبینن. (دزەیی: ٢٠١٣، ١٠٩).

یاسای یەکەمی تیۆری (X –Bar)، نەخشەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سەرجەمی فۆرمە سینتاکسییەکان دەنوێنێت، کە لە X ەوە دەستپێدەکات، یاسای دووەمی تیۆرەکەش (X¯)، زانیارییە فەرهەنگییەکانی ئایتمە فەرهەنگییەکان لە سەرەو ڕیزبوونێکی پێچەوانەدا دەنوێنێت و تا ڕادەیەک فۆرمی ئاستی قووڵ دەنەخشێنێت، یاسای سێیەمیش، کە کۆتا نواندنی تیۆرەکەیە، یاسایXP دەنوێنێت. (مەعروف: ٢٠١٣، ٦٦). تیۆری (X–Bar)، بۆ پێکهێنانی ڕستە لە ئاستی قووڵدا ڕۆڵدەبینێت، بۆئەوەی دروستەی قووڵی پۆلە فەرهەنگییەکان و ئەرکییەکان بگرێتەوە.

## (١ – ٣ – ٢– ٢ ) تیۆری سێتا (θ) Theta Theory:

لقێکە لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری (GB)، پەیوەندیی سیمانتیکیی نێوان کردار و فرێزە داواکراوەکانی شیدەکاتەوە، "بایەخ بە دیاریکردنی ڕۆڵە سیمانتیکییەکان دەدات، کە (چۆمسکی) پێیاندەڵێت: (ڕۆڵە سیماتیکییەکان)، سێتا (Theta/θ) پیتێکی گریکییە، شێوەی کورتکراوەی (thematic)ە، کە پێیدەوترێت ڕۆڵی واتایی". (Horrocks: 2014, 10). ئەم زاراوانەش بۆ ڕۆڵە سیمانتیکییەکان بەکارهێنراون: "ڕۆڵەکانی کردار، ڕۆڵەکانی دۆخ، دۆخەکانی ژێرەوە، ڕۆڵە ئەرکییەکان، ڕۆڵی بابەتانە، ڕۆڵە واتاییەکان، ...هتد". (Cruse: 2000, 281).

مەودای کارکردنی ئەم تیۆرە، ئاستی قووڵی ڕستەیە، (چۆمسکی) لە سەرەتای تیۆرەکەیدا، گرنگیی بەلایەنی واتا نەدابوو، بەڵام دواتر ئاستی (قووڵ و ڕووکەش)ی بۆ دیاریکردنی واتای ڕستە بە بنەما دانا، ئەوەش بە سەرەتای هاتنەناوەوەی لایەنی واتا بۆ کارە زمانەوانییەکەی دادەنرێت. پاشان (چۆمسکی) گەشەی بە تیۆرەکەی دا، سەرئەنجام لە سەرەتای هەشتاکاندا تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە هاتەئاراوە و ڕۆڵی واتایش لەو نێوەندەدا گەشەیسەند.

تیۆری سێتا (θ) لە (GB) دا، بەوە پێناسەدەکرێت: "مۆدێلێکە، لەگەڵ داواکارییەکانی کرداردا مامەڵە دەکات و کۆمەڵێک ڕۆڵی تایبەتی لە چوارچێوەی کرداردا بەیەکەوە

دەبەستێتەوە". (Trask: 1993, 279). داواکارییەکانی کردار بەپێی جۆری کردار جیاوازن، کە بریتین لە ئارگۆمێنت و نائارگۆمێنتەکان، دەبێت، داواکارییەکە لەگەڵ ئەو کردارەی، کە داوایدەکات، بگونجێت و شیاو بێت. یەکێک لە داواکارییەکانی تیۆرەکە مەرجی سێتا (θ) یە، کە "داوادەکات هەموو ئارگۆمێنتێک تەنها و تەنها یەک ڕۆڵی بابەتانەی پێبدرێت و هەموو ڕۆڵێکی بابەتانەش تەنها و تەنها بەیەک ئارگۆمێنت بدرێت، ئەوە ڕۆڵێکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی ئەو چاڵانەی، کە NP یە گوزارەکانی بۆ دەشێت". (Crystal: 2008, 428) بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر مەرجەکە نەهاتەدی "ئارگۆمێنتێک زیاتر لە ڕۆڵێکی بابەتانەی پێبدرێت، ئەوە لادانە لە تیۆری سێتا (θ) و بەهەمان شێوە ئەنجامەکەشی ڕستەکە نادروست دەبێت". (ئەحمەد: ٢٠١١، ٤٨).

بەخشینی ڕۆڵە واتاییەکان لەلایەن کردار و فرێزی کردارییەوە بۆ فرێزەکانی ڕستە، دەبێتە پێوەرێک بۆ ڕێزمانیی بوونی ڕستە، کردار خاوەنی ڕۆڵی واتاییە، کە دەبێت لە ڕستەدا بۆ فرێزەکانی بگوازێتەوە، بەم پرۆسەیەش دەوترێت (نیشانەکردنی واتایی). لە تیۆری سێتا (θ) دا، "پریدیکاتەکان هەندێک شت لەبارەی بوونی (Entity) ئارگۆمێنتەکان و پەیوەندییە واتاییەکانیانەوە ڕووندەکەنەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی دوو پرەنسیپدایە": (قادر: ٢٠٠٩، ١٠٨).

یەکەم: هەڵبژاردنی واتایی (Semantic Selection): هەڵبژاردنی ئەو کاتیگۆرییانەیە بۆ پریدیکاتەکان، کە پەیوەندیی واتایی لەنێوانیاندا هەیە. (ئەحمەد: ٢٠١١، ٤٩) بەمەش پریدیکات ژمارەیەکی دیاریکراو لەو ئارگۆمێنتانە هەڵدەبژێرێت، کە ڕۆڵی سێتا (θ) وەردەگرن.

(٦) أ- جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا.

ب- جوتیارەکە نووست.

لە ڕستەی (٦ أ)دا، کردارەکە تێپەڕە دوو ڕۆڵی واتایی لەگەڵدایە: کارا و کارتێکراو، (جوتیارەکە) لە ڕۆڵی (کارا) و (زەوییەکە) لە ڕۆڵی (کارتێکراو)، بەڵام لە (٦ ب)دا، کردارەکە تێنەپەڕە تەنها یەک ڕۆڵی واتایی دەوێت، کە (جوتیارەکە)یە، لە ڕۆڵی (کارا)دایە.

دووەم: هەڵبژاردنی کاتیگۆری (Category Selection): لەپاڵ هەڵبژاردنی واتاییدا، وەکو تایبەتمەندییەکی تری پریدیکات کاردەکات، ئەمەش توانای پریدیکاتە لە هەڵبژاردنی کاتیگۆریی تەواوکەردا (Complement)، کە یەکە فەرهەنگییەکە بواری پێدەدا، بە واتاییەکی تر، هەر پریدیکاتێک، یان کردارێک لە ڕێگەی دەروازە فەرهەنگییەکەیەوە، دەتوانێت جۆری کاتیگۆرییە تەواوکەرەکەی دەستنیشانبکات. (Cook and Newson: 2007, 85)، (قادر: ٢٠٠٩، ١٠٩).

(٧) أ- منداڵەکە نانەکەی خوارد.

ب- منداڵەکە گریا.

لەم ڕستانەدا، کرداری (خواردی) پێویستیی بە تەواوکەر هەیە، چونکە تێپەڕە، بەڵام کرداری (گریا Ø) پێویستیی بە تەواوکەر نییە، چونکە تێنەپەڕە.

(٨) * منداڵەکە بەردەکەی خوارد.

لە(٨)دا، یەکە فەرهەنگییەکە بوار بە پریدیکاتەکە نادات لە هەڵبژاردنی کاتیگۆریی تەواوکەرەکەدا، چونکە تایبەتمەندیی کردارەکە، لەگەڵ تەواوکەرەکەدا ناگونجێت.

بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان "زانیارییە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی سینتاکسیی دەنوێنرێن" (Haegeman: 1998, 55). ڕێسای پرۆژەسازدانیش دروستەی فرێزی کرداری دەگرێتەوە بە فراوانکردنی ڕێسایەکە، (ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو) بەرهەمدێت، بەپێی ئەم ڕێسایە هەموو ڕستەیەک دەبێت بکەرێکی هەبێت. تیۆری سیتا و ڕێسای پرۆژەسازدان هەردووکیان، بە هەماهەنگی شوێنپێ دەوروژێنن، بۆ دەرکەوتنی بکەرە هێزە بۆشە دەربراوەکان، بەپێی ئەم ڕێسایە، ئەو ڕستانەی بکەریان بەتاڵە، ڕستەی بێ بکەرنین، بەڵکو شوێنی بکەری ڕێزمانییان هەیە.

پێویستە ئەوە بزانرێت، کە ئەرکەکانی سیتا (θ)، لە بنج و ناوەڕۆکدا هەمان ئەو بوارە واتاییانەن، کە لە ڕێزمانی دۆخدا ئاماژەیان بۆکراوە، بەڵام ئەوەی شیاوی ئاماژە بۆکردنە، لە خستنەڕووی ئەرکەکانی سیتا (θ) دا ئەوەیە، کە بوار و ئەرکە ڕێزمانییەکانی وەک (بکەر، بەرکار و هاوشێوەکانیان) لەگەڵ بوار و ئەرکی واتایی (کارا، کارتێکراو و هاوشێوەکانیان) هیچ پەیوەندییان بەیەکەوەنییە. (قادر: ٢٠١٧، ١٤٢).

(٩) أ- مامۆستا ڕێزمانی کوردی فێری خوێندکارەکان دەکات. (لە ڕووی تیۆری دۆخەوە)

بکەر بەرکار سەربار

ب- مامۆستا ڕێزمانی کوردی فێری خوێندکارەکان دەکات. (لە ڕووی تیۆری سیتا (θ) وە)

کارا کارتێکراو سوودمەند

ئەم دوو ئاڕاستەیە، بەراوردێکمان لەنێوان تیۆری دۆخ و سێتا (θ) دا بۆ دیاریدەکات لەگەڵ ئەوەی کەرەستەکان یەکسانن، لەم ڕوانگەیەوە (چۆمسکی) جەخت لە سەر نەبوونی پەیوەندی لەنێوان دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتاییدا دەکاتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو، کە یەک حاڵەتی پێکهاتەیی، دەتوانێت ڕۆڵی سێتا (θ) یی جۆراوجۆر ببینێت، بەڵام لە تیۆری دۆخدا یەک ڕۆڵ دەبینێت. (مقدم: ١٣٨٦، ٤٦١).

(١٠) ئەو پێشمەرگەکەی خەڵاتکرد.

(١١) ئەو پێشمەرگەکەی شەهیدکرد.

لە ڕستەی (١٠) و (١١)دا، فریزی ناویی (پێشمەرگەکە)، پەیوەست بە تیۆری دۆخەوە، دۆخی ڕێزمانیی بەرکاری وەرگرتووە و لە ڕوانگەی تیۆری سێتایشەوە، ڕۆڵە واتاییەکانی (سوودمەند) و (زیانلێکەوتوو)ی پێدراوە.

لە تیۆری (GB) دا، "پێدانی ڕۆڵی واتایی لەلایەن ئارگۆمێنت- داواکەرەوە (کردار) بە ئارگۆمێنتەکانی لە ئاستی قووڵدا دەبێت، هەرچی دۆخی ڕێزمانییە لە ئاستی ڕووکەشدا دەدرێت، ئەو زانیارییانەی، کە پەیوەستن بە ڕۆڵی واتایی ئارگۆمێنت- داواکەرەکانەوە بەشێکن لە زانیاریی فەرهەنگی، دەبێت لە فەرهەنگدا تۆمارکرابن، ئەمەش بە سیماتیک گرید (Thematic grid)، یان سێتا گرید (Theta grid) ئاماژەی پێدەدرێت". (قادر: ٢٠١١، ٥٥).

## (١ –٣ –٢– ٣) تیۆری دۆخ: Case theory

لقە تیۆرییەکی (GB) یە، لە بنەڕەتدا لە ڕێزمانی کۆنەوە سەرچاوەیگرتووە، کە "بریتییە لەو پۆلە ڕێزمانییەی ڕۆڵی لە پەیوەندیی وشەکان و ڕیزبوونیان لە چوارچێوەی ڕستەدا دەردەکەوێت". (Crystal: 2008, 67). تیۆری دۆخ گرنگی بە دۆخی فریزی ناوی دەدات، کە "دۆخەکەی لەو کاتیگۆرییەوە وەردەگرێت، کە حوکمیدەکات، ئەو فریزانەی، کە دۆخیان پێدەدرێت، پێویستە لە شوێنی ئەو کاتیگۆرییانەدا بن، کە دوای ئەوەی یاسای گواستنەوەی گشتی ئەلفا بجوڵێنەیان Move – α بەسەردا جێبەجێدەکرێت". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٥٩) ئەم تیۆرە لە ڕێزمانی نوێدا "لێکۆڵینەوە لەبارەی پێدانی دۆخی نابەرجەستە و تێگەیشتنی مۆرفۆلۆجییانە دەکات،

هەروەها سنوور بۆ دابەشبوونی فریزە ناوییە فەرهەنگییەکان لە ئاستی ڕووکەشدا دادەنێت". (Crystal: 2008, 68)، مەودای کارکردنی ئەم تیۆرە، ئاستی ڕووکەشی ڕستەیە، هەموو فریزێکی ناوی لەم ئاستەدا، دۆخێک وەردەگرێت. "دیارترین جیاوازی لەنێوان چەمکی دۆخ لە کۆن و نوێدا ئەوەیە، کە پێیدەوترێت دۆخی نابەرجەستە Abstract Case ، کە بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەموو فریزێکی ناوی NP یێک دەدات". (قادر: ٢٠٠٩، ٧٥)، بە واتایەکی تر فریزی ناوی، بێ دۆخ نابێت، لەلایەن سەری ڕێزمانییەوە دۆخی پێدەدرێت.

(چۆمسکی) دەربارەی دۆخ، بۆچوونی وابوو،"کە هەموو فریزێکی ناوی تایبەتمەندیی دۆخی هەیە و بەبێ جیاوازی، نیشانەدەکرێن، واتا هەموو فریزێکی ناوی دۆخی نابەرجەستە (ئەبستراکت) وەردەگرێت، شێوەی فۆنەتیکی هەبێت، یان نەبێت". (Chomsky: 1986a, 74).

بەپێی بۆچوونی (چۆمسکی)، دۆخی نابەرجەستە (ئەبستراکت) لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەگشتی هەموو زمانێک سیستەمێکی تایبەت بە دۆخی ڕێزمانی هەیە، "دۆخ بە نیشانەکردنی فریزە ناوییەکان و ئەو تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییانەی لە ئەنجامی ئەو نیشانانەوە، پەیدادەبن بەندە". (Chomsky: 1981, 6). لە هەندێک زماندا، دۆخی ڕێزمانی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دەردەکەوێت (واتا دەبێت بە مۆرفیم)، بەڵام لە هەندێک زمانی تردا، ئەبستراکتە (نەبووە بە مۆرفیم)، ئەم تیۆرە داوادەکات "هەر فریزێکی ناوی، دەبێت نیشانەیەکی دۆخی ئاشکرا، یان نائاشکرا (نابەرجەستە)ی لە دروستەیەکی دیاریکراودا هەبێت". (Chomsky: 1986a, 6).

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، "لەنێوان چوار پۆلی سەرەکیدا، (ناو، کردار، ئاوەڵناو، پێشبەند)، تەنیا پۆلی کردار و پێشبەند دۆخ دەبەخشن، پۆلی ناویش دۆخی پێدەدرێت، کردار و پێشبەند لە ڕووی سیما سینتاکسییەکانیانەوە، یەک ڕووی هاوبەشیان هەیە، کە بریتییە لە [ N-]". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٦٢).

پاڵێوەری دۆخ، داواکارییەکی تیۆری دۆخە، کە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە و "داوادەکات دەبێت هەر فریزێکی ناویی دۆخێکی ڕێزمانی پێدرابێت، لەبەرئەمەیە، فریزی ناوی نادروست دەبێتNP*، ئەگەر ناوەڕۆکی فۆنەتیکیی هەبێت و دۆخی ڕێزمانی پێنەدرابێت". (مەحویی: ٢٠٠١، ٣٥). کەواتە لە ڕوانگەی پاڵێوەری دۆخەوە دەبێت، هەموو فریزێکی ناوی دۆخ وەربگرێت، لەسەر بنچینەی ئەم یاسایانەی خوارەوە، کە بە یاساکانی پێدانی دۆخ ناسراون:

١- ئەو فرێزە ناوییەی لەژێر دەسەڵاتی ڕەگەزی کات و ڕێککەوتندایە، دۆخی بکەری وەردەگرێت.

٢- ئەو فرێزە ناوییەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کردارێکەوە، لە دۆخی بەرکاریدا دەبێت.

٣- ئەو فرێزە ناوییەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پریپۆزیشنێکەوە، لە دۆخی پریپۆزیشنیدایە.

٤- ئەو فرێزە ناوییەی، کە لە دروستەی [NP - X⁻] دایە، دۆخی خستنەپاڵی هەیە.

٥- ئەو فرێزە ناوییەی، کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەندێک لەو فرێزە دەسەڵاتدارانەی، کە تایبەتمەندی [N-] یان هەیە، دۆخی زگماکی هەیە. (مقدم: ١٣٨٦، ٤٥٠).

لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە، دۆخ دوو جۆری هەیە:

یەکەم: زگماکی: ئەو دۆخانەن، کە "لە ئاستی قووڵی ڕستەدا، بە چەند ئارگۆمێنتێکی تایبەتی دەدرێن، پێش ئەوەی گواستنەوە ڕووبدات". (Chomsky: 1986a, 194)، (قادر: ٢٠٠٤، ٢٥).

دووەم: دروستەیی: ئەو دۆخەیە، کە لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا دەبەخشرێت، کە "لە ئەنجامی ڕیزکردن و ڕێکخستنی دروستەییدا بەپێی جێکەوتە بە فرێزە ناویی و دەرخەرییەکان دەدرێت". (Blake: 2004, 58).

## (١ -٣ -٢- ٤) تیۆری بەستنەوە: Binding Theory

لقێکە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، "لەگەڵ زۆرترین دیاردەی هاوئاماژەیی فرێزە ناوییەکاندا مامەڵەدەکات، لەناویاندا کاتیگۆرییە بەتاڵەکان"، (Trask: 1993, 30) واتە ئەگەر دوو فرێزی ناویی هاوئاماژە بن، ئەوا هەردووکیان ئاماژە بۆ یەک کەس و شت دەکەن، ئەو هاوئاماژەییەش بە بەستنەوە ناودەبرێت، کە "بە شێوەیەکی سەرەکیی بەو مەرجانەوە پەیوەستە، کە بەهۆیەوە فرێزە ناوییەکان وەک هاوئاماژەییەک، لەگەڵ فرێزە ناوییەکانی تری هەمان ڕستەدا لێکدەدرێنەوە". (Horrocks: 2014, 108) بە واتایەکی تر، ئەم تیۆرە، کە پێکهێنەرەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتردا، لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان و بەیەکەوە بەستراونەتەوە، "گرنگیی بە پەیوەندییە ئاماژەییەکانی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانی ڕستە، بە تایبەتی هاوئاماژەیی

نێوان دوو ڕەگەز دەدات، هەروەها گرنگیی بەو چوارچێوە سینتاکسییە دەدات ، کە حوکمی ئەو هاوئاماژەییە دەکات". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٧٥).

بە گشتی دوو جۆر بەستنەوە هەیە، کە بریتین لە:

یەکەم: ئارگۆمێنت: ئەو بەستنەوەیە، لەلایەن کاتیگۆرییەکەوە (فرێزێکی ناوی)یەوە، کە لە شوێنی ئارگۆمێنتێکدایە، واتا لە شوێنی ئەرکێکی سینتاکسیدایە و بەسەر ئەنافۆڕەکاندا پیادەدەکرێت. (قادر: ٢٠٠٩، ١٤٧).

دووەم: نائارگۆمێنت: بەستنەوەیەکە لەلایەن کاتیگۆرییەک، کە لە شوێنی ئاگۆمێنتێکدا نییە. واتا لە شوێنی ئەرکێکی سینتاکسیدا نییە. وەک هێنانە پێشەوەی وشەی پرس و بەلوتکەکردن. (محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٢٣).

تیۆری بەستنەوە، فرێزە ناوییەکان بەگوێرەی بوون و نەبوونی ئاماژە، بەسەر چوار جۆردا دابەشدەکات، (رضوان: ٢٠٠٧، ١٥٤) لە (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٧٨) وەرگیراوە.

١- ئەنافۆرەکان: ئەو ڕەگەزانەن، کە پێویستیان بە ڕەگەزێکی ترە، لە نیشانە و ئاماژەدا، لەگەڵیدا هاوبەش بن. (غلفان: ٢٠١٠، ٣٢٣)، وەک جێناوی خۆیی و هاوبەش، کە پشت بە فرێزێکی ناویی تر دەبەستن، کە پێشەنگییانە لە ئەنافۆڕەکاندا، "هەمان ئەو مەرجانەی بەسەر جێناوی خۆییدا جێبەجێدەکرێت، بەسەر (جێناوی هاوبەش)یشدا پیادەدەکرێن، ئەوە نەبێت، کە جێناوی هاوبەش پێویستیی بە بکەرێک هەیە، زیاتر لە کەسێک بنوێنێت". (قادر: ٢٠٠٩، ١٤٠) لە ئەنافۆڕەکاندا، دەبێت کرداری ئەو ڕستەیەی پێشەنگ و جێناوەکەی تێدا هاتووە، تێپەڕبێت، هەروەها پێویستە پێشەنگ و جێناوەکە لە هەمان ڕستەدا هەبن و لە کەس و ژمارە و ڕەگەزدا ڕێکبکەون. (بڕوانە: ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٠).

أ- جێناوی خۆیی: هەر کاتێک بکەر و بەرکار هەمان کەس و ژمارەیان هەبوو، ئەوا بۆ ئەوەی ڕستەیەکی لۆجیکیی بەرهەمبێت، بەرکار بە جێناوێکی خۆیی دەگۆڕدرێتەوە، کە ئاماژەکەی لە بکەرەوە وەردەگرێت و بکەرەکە بۆی دەبێتە پێشەنگ.

(١٢) * أ- من منم هیلاککرد.

ب- من خۆمم هیلاککرد.

له ڕووی لۆجیکیەوە (١٢- أ)، ناگوترێت. لە ڕستەی (١٢- ب)دا، (من) پێشەنگە بۆ بەرکارەکە، ئاماژە بۆ هەمان کەس و ژمارە دەکات، پێیدەگوترێت (ئەنافۆر)، بەرکارەکە بەپێی یاسایەکی گواستنەوە لە (من)ەوە بۆ جێناوی خۆیی (خۆم) دەگۆڕێت، بەمەش ڕستەیەکی لۆجیکیی بەرهەمدێت.

ب- جێناوی هاوبەش: بە ئەنافۆر دادەنرێت، کاتێک ئاماژە بۆ پێش خۆی بکات، (بکەر) بۆی ببێتە پێشەنگ، جێناوی هاوبەش، وەکو (یەکتر).

(١٣) دارا و ئاکۆ یەکتریان خۆشدەوێت.

لەم ڕستەیەدا، جێناوی هاوبەشی (یەکتر)، ئاماژە بۆ (دارا و ئاکۆ) دەکات، کە بکەر و پێشەنگن، لەبەرئەوە بە ئەنافۆر دادەنرێت.

٢- جێناوی کەسی: ئەو جۆرە فرێزە ناوییەیە، کە خاوەن ناوەڕۆکێکی فەرهەنگیی تایبەت نییە، بەڵکو تەنیا هەڵگری سیماکانی کەس و ژمارە و دۆخە. (حاجی: ٢٠٠٧، ١٣١) دەشێت ئاماژە بێت بۆ ئەو فرێزە ناوییانەی، کە پێشەنگیان لە ڕستەکەدا نییە، یان "ئەو جێناوە ڕەنگە ئاماژە بە کەسێکی تر بکات، کە ناوی لە ڕستەکانی پێشوودا هاتووە، یان لە دەرەوەی سنووری ڕستەی شوێنکەوتوودایە". (مقدم: ١٣٨٦، ٤٧٩).

(١٤) شیلان و نازەنین خوێندکارن، ئەوان هەموو ڕۆژێک لە وانەکان ئامادەدەبن.

لە ڕستەی (١٤)دا، (ئەوان) ئاماژەیە بۆ (شیلان و نازەنین) لە دەرەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو.

(١٥) تۆ کەسێکی بەڕێزیت.

لەم ڕستەیەدا، جێناوی کەسیی سەربەخۆی (تۆ)، ئاماژە بۆ کەسێک لە دەرەوەی ڕستەکە دەکات.

٣- فرێزی ناویی پڕاوپڕ (Full NP): ئەو فرێزە ناوییانەن، کە خاوەن ناوەڕۆکی فەرهەنگین، مەبەست ئەوەیە فرێزە ناوییەکە نەکرابێت بە جێناوی لکاو. لێرەدا فرێزە ناوییەکە لە سنووری ڕستە، یان لە قسەکردندا (discourse) سەربەستە و ئاماژە بۆ کەسێکی نادیار دەکات، کە هیچ ئاماژەیێکی لە ڕستەکەدا نییە و بە هیچ فرێزێکی ناو ڕستەکە (وەکو بۆ گەڕاوە) نەبەستراوەتەوە. (قادر: ٢٠٠٩، ١٤٢).

(١٦) ئارام کتێبێکی کڕی.

لە ڕستەی (١٦)دا، (ئارام)، فرێزێکی ناوییە، ئاماژەیە بۆ کەسێک لە دەرەوەی دەق، دەرەوەی دەق کات و شوێن و کەسەکانە، بە تایبەتیش کات و شوێن.

٤- شوێنپێی فرێزی ناوی، یان ڕەگەزە بەتاڵەکان: ئەو شوێنپێیەی ڕەگەزێک لە گواستنەوەیدا بەجێیدەهێڵێت، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، وەک بەرکار لە ڕستەی بکەر نادیاردا. (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٣).

لەم تیۆرەدا، شوێنپێی فرێزی ناوی، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، کە لەو شوێنانەدا فرێزێکی ناوی هەبووە و پاشان لابراوە، بە توندی حوکمدەکرێت.

(١٧) أ- پۆلیسەکە دزەکەی کوشت.

ب- دزەکە t کوژرا.

لە ڕستەی (١٧- ب)دا، لە ڕووی فۆنەتیکییەوە t شوێنێکی بەتاڵە، بەڵام لە ڕووی سینتاکسییەوە بەتاڵ نییە و گرنگیپێدەدرێت، ئەم ڕستەیە بە (یاسای گواستنەوەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر) داڕێژراوە، دەچێتە ئاستی ڕووکەشەوە، کە لە بەشی سێیەمدا باسکراوە.

ئەم فرێزە ناوییانەی سەرەوە، بەپێی ئەرک و جووڵانەوەکانیان، بۆ کارکردنیان لە تیۆری بەستنەوەدا، ئەم پرەنسیپانە دەستنیشانکراون:

یەکەم: پرەنسیپی A: ئەنافۆرەکان (جێناوی خۆیی و هاوبەش) لەژێر دەسەڵاتی کاتیگۆرییە حوکمکارەکەیاندا بەستراونەتەوە. (قادر: ٢٠٠٩، ١٣٠). لەم پرەنسیپەدا، جێناوەکان پێشەنگێکیان هەیە، کە هەردووکیان بۆ یەک کەس دەگەڕێنەوە، لە سنووری یەک ڕستەدا، ئاماژە بۆ یەکتری دەکەن.

(١٨) ئەو خۆی کوشت.

لەڕستەی (١٨)دا، جێناوی خۆیی (خۆی) پێشەنگێکی هەیە، جێناوەکە و پێشەنگەکە (ئەو) ئاماژە بۆ یەکتری دەکەن، لە سنووری یەک ڕستەدان و بۆ یەک کەس دەگەڕێنەوە.

(١٩) سەربازەکان یەکتریان کوشت.

لەم ڕستەیەدا، جێناوی هاوبەشی (یەکتریان) پێشەنگێکی هەیە، کە (سەربازەکان)ە، ئاماژە بۆ یەکتری دەکەن، لە ڕەگەز و ژمارە و کەسدا وەکو یەکن، لە سنووری یەک ڕستەدان.

دووەم: پرەنسیپی B: هەموو جێناوێکی کەسی لەژێر دەسەڵاتی حوکمکارەکەیدا سەربەستە.

جێناو لەو پرەنسیپەدا، هەمیشە ئاماژە بە ڕەگەزێکی تر دەکات، کە هاونیشانەن، واتە بۆ پێشەنگێک لە دەرەوەی ڕستەکەدا دەگەڕێتەوە، نەک بگەڕێتەوە بۆ پێشەنگێک لە هەمان ڕستەدا، بەو واتایەی پێشەنگ و جێناوە کەسییەکان لە سنووری پاڕستەیەکدا نایەن. (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٧٧).

(٢٠) شیلان i وادەزانێت، کە سروە ئەوی i خۆشدەوێت.

لەم ڕستەیەدا، پێشەنگ و جێناوە کەسییەکە لە هەمان ڕستەدان، بەڵام لە سنووری پاڕستەیەکدا نەهاتوون، جێناوەکە (ئەو) بۆ پێشەنگەکەی (شیلان) لە دەرەوەی ڕستەکە دەگەڕێتەوە، کە ئاماژە بە ڕەگەزێکی تر دەکات.

(٢١) ئەوi ئەوی i کوشت.

لە ڕستەی (٢١)دا، جێناوە کەسییەکە و پێشەنگەکەی ئاماژە بۆ دوو کەس دەکەن و بۆ یەک کەس ناگەڕێنەوە، هەرچەندە لە هەمان ڕستەدان، بەڵام لە سنووری یەک پاڕستەدا نین.

سێیەم: پرەنسیپی C: هەموو دەربڕینێکی ئاماژەیی سەربەستە.

ئەم پرەنسیپە پەیوەستە بە فریزە ناوییە پڕاوپڕەکان Full NP یان دەربڕە ئاماژەییەکان R-Expression. بنەمای (C) ناوی تایبەتی دەگرێتەوە. (قادر:٢٠٠٩، ١٤٢) دەربڕە ئاماژەییەکان خۆیان ئاماژەپێکراون، لەبەرئەوە لە سنووری یەک ڕستەدا، ئاماژە بەهیچ پێشەنگێک ناکەن، بەڵکو لە دەرەوەی ڕستە ئاماژە بە کەسێک، یان شتێک دەکەن و بە نیشانەکەیانەوە نابەسترێنەوە.

(٢٢) ئەوi لە گوێدرێژەکەی j دا.

لەڕستەی (٢٢)دا، (گوێدرێژەکە)، دەربڕێکی ئاماژەیی سەربەستە، لە سنووری ڕستەکەدا ئاماژە بۆ هیچ پێشەنگێک ناکات، بەڵام لە دەرەوەی ڕستەدا، ئاماژە بە کەسێک دەکات، کە (ئەو)ە، بە نیشانەکەیەوە نابەسترێتەوە.

(٢٣) ئەوان i لە میوەکەیان j خوارد.

لەم ڕستەیەدا، (میوەکە) لە سنووری ڕستەکەدا، ئاماژە بۆ پێشەنگێک ناکات، بەڵکو لەدەرەوەی ڕستە ئاماژە بە کەسێک، یان کەسانێک دەکات، ئاماژەیەکی سەربەست دەردەبڕێت.

## (١ –٣ –٢– ٥) تیۆری سنووردانان: Bounding Theory

ئەم لقە تیۆرییە بە یەکێکی تر لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دادەنرێت، سنووری جوڵەی کەرەستەکانی ناو ڕستە لە پێکهێنانی ڕستەدا چارەسەردەکات. بەو واتایەی "گرنگی بەو گۆڕانکارییانە دەدات، کە لە چوارچێوەی ڕستەدا دێنەئاراوە، لەگەڵ ئەو هۆیانەی سنووردارکردنەکە دەسەپێنێت. لە هەموو زمانێکدا جوڵانەوەی کەرەستەکانی ڕستە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جۆرە ئازادییەکی سنوورداریان هەیە، کە لەلایەن ئەم تیۆرەوە سنووردار دەکرێت". (دزەیی: ٢٠١٣، ١١٣). تەنیا هەندێک کەرەستە دەتوانن بجوڵێن، کە بە پێکهاتە ناودەبرێن، هەندێک شوێنیش، دەتوانن کەرەستەی جوڵێنراو وەربگرن، هەموو شوێنێک کەرەستەی جوڵێنراو وەرناگرێت، مەرجی جوڵاندنیش ئەوەیە، کە هەر کەرەستەیەکی جوڵاو شوێنپێیەک لە پاش خۆی بەجێدێڵێت. (بڕوانە: ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٩) گرنگترین یاساکانی جوڵاندنی (ئەلفا α) ئەمانەن:

یەکەم: جوڵانەوەی فرێزی ناویی NP لە چوارچێوەی ڕستەدا، یاسایەکە، کە لە ڕێیەوە فرێزێکی ناویی بۆ جێگایەک دەگوێزرێتەوە، واتە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەرەستەی بنەمای کاتیگۆریی بەتاڵ و بنەمای نادیارییە. (محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٥١)، جوڵاندنی بەرکار ئاشکراترین نموونەیە، کە لە هەموو زمانێکدا لە بکەر نادیاردا دەردەکەوێت.

دووەم: جوڵاندنی وشەی پرس لە ڕستەی پرسیاریدا، یاسای جوڵاندنی ئەم وشە پرسانە (کێ، کەی، چی، ...هتد)، "هاونیشانەیی نێوان شوێنپێیەکانی وشەی پرسیار و ئاماژە بۆ کراوەکانیان ڕووندەکاتەوە". (Haegeman: 1998, 41)، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی پرس لە هەموو بارێکدا بەرەو پێشەوەی ڕستە دەجوڵێت، بەڵام لە کوردیدا پرسیاری تایبەتی بە دوو جۆر دروستدەبێت:

أ- وشەی پرس دەخرێتە شوێنی ئەو کەرەستەیەی، کە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت.

(٢٤) أ- نەوزاد گۆڤارەکەی  بە ئەودا بۆ من نارد.

ب- کێ چی بە کێدا بۆ کێ نارد؟

ب- ئەگەر پێکهێنەرەکانی ڕستە درێژبن (ڕستەی سەرەکیی و ڕستەی شوێنکەوتوو) ناچارین ئامڕازی پرسەکە بێنینەپێشەوە. (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٩٢).

(٢٥) أ- ئاراس نەهات بۆ قوتابخانە، چونکە نەخۆش بوو.


ب- ئاراس نەهات بۆ قوتابخانە، بۆچی؟

پ- بۆچی ئاراس نەهات بۆ قوتابخانە.

سێیەم: جوڵەی کردار بەرەو کات و ڕێککەوتن و ئەسپێکت: لە ڕووی دروستەوە دوو جۆر جوڵانەوەی سەرەکی هەیە، لەبریخستن و سەربار. لەبریخستن، دەتوانێت بەشێک بێت لە جوڵانەوەی جێکەوتە مەزنەکان، یان سەرەکان، هەر دوو جوڵانەوەی  NP و  Wh نموونەی ئەو جۆرە لەبریخستنەن، جۆرەکانی تری لەبریخستن، جوڵانەوەی سەرە بۆ سەرەیە، یان تەنیا جوڵانەوەی سەرەیە، جوڵانەوەی کردار V بەرە و گیرەک Infl، بۆ دەستکەوتنی سیماکانی کات و ڕێککەوتن (Agr)، کە بنچینەن لە گیرەکدا، یان جوڵانەوەی کرداری یاریدەدەری لە Infl هوە بۆ تەواوکەر. (Saleemy: 1992, 19) لە (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٩٣-٩٤) وەرگیراوە.

کرداری یاریدەدەری (دەبوو، دەبێت، دەتوانرێت، هتد)، لە ئاستی ڕووکەشدا، جوڵەیان پێدەکرێت و بۆ (Spec)ی (CP) بەرزدەبنەوە. (بڕوانە (٢٦) و هێڵکاریی (٨)).

(٢٦) دەبێت بچین بۆ سەیران.




هێڵکاریی ژمارە (٨)

## (١ –٣ –٢– ٦) تیۆری کۆنترۆڵ: Control Theory

تیۆری کۆنترۆڵ، یان چاودێریکردن، لقە تیۆرییەکە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، "ئەگەری ئاماژەیی بکەرە جێناوییە دەرنەبڕاوەکانی لاڕستەیەکی چاوگیی دیاریدەکات، کە هەمیشە بە PRO، ئاماژەی بۆ دەکرێت. (PRO) یش، یان هەڕەمەکییە، یان بەزۆر و خورتەکییە. ( PRO ) هەڕەمەکییە، واتا لەناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا سەربەستە و ئاماژەبۆکراوێکی دیاریکراوی لەناو ڕستەکەدا نییە و بەخورتییە، واتا لەناو ڕستەکەدا بە ئاماژە بۆکراوێکەوە بەندە و لەگەڵیدا هاونیشانەیە". (محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٣٨) واتا چاودێریکردنی نێوان دوو ڕەگەز نیشاندەدات، سیما ئاماژەییەکانی ڕەگەزی یەکەم، ڕەگەزەکەی دوایی دیاریدەکات.

تیۆری کۆنترۆڵ "ئاماژە بۆکراوی (PRO) ی بەخورتیی دیاریدەکات، کە لەوانەیە بکەر، یان بەرکاری ڕستەی سەرەکی بێت". (Haegeman: 1998, 262) چونکە مامەڵە لەگەڵ دیاردەی تەواوکەری (VP) دا دەکات، کە هیچ بابەتێکی ئاشکرای نییە، بەڵام لە ڕووی واتاوە وەک هەبوو لێکدەدرێتەوە، "ئاماژە بە دیاریکردنی جێناوێکی نابەرجەستە، واتە (PRO) دەکات، کە لە ئاستی فۆرمی لۆجیکیی زماندا کاردەکات". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٤) جێناوی نابەرجەستە، جێناوێکی نادیارە، بەهەمان شێوەی جێناوە دیارەکان سیمای ژمارە و کەس و ڕەگەزیان هەن، بەڵام نیشانەی دەنگەکان دەرنابڕدرێن.

کردەی نیشانەکردن، دەشێت لەنێوان دوو ئەرکی جیاوازی ناوێک، یان جێناوێک بێت لە بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکی ئاوێتەدا، وەک یەکسانبوونی بکەری ڕستەی شوێنکەوتوو لەگەڵ بەرکاری ڕستەی سەرەکیدا. (قادر: ٢٠١٧، ١٤٦).

(٢٧) أ- دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا، کە {منداڵەکەی شەو زوو بخەوێت}.

ب- دایکەکە منداڵەکەی ڕاهێنا، کە شەو زوو بخەوێت.

لە (٢٧- أ)دا، دووجار فۆرمی (منداڵەکە)، کە هاوئاماژەن دووبارەبووەتەوە، بەڵام لە (٢٧- ب)دا، (منداڵەکە) لە ڕستەی شوێنکەوتوودا لابراوە.

شوێنپێ trace و جێناوی نابەرجەستە PRO ڕووی هاوبەش و جیاوازییان هەیە، ڕووی هاوبەشیان لەوەدایە، کە هیچ دەربڕینێکی فۆنەتیکیان نییە، بەڵام لە چەندین باردا لە یەکتر جیاوازن. (چۆمسکی) سێ تایبەتییەتیی لەبارەی شوێنپێوە دیاریکردووە، کە لە جێناوی نابەرجەستە (PRO) دا نییە:

١- شوێنپێ حوکمکراوە.

٢- پێشەنگی شوێنپێیەکە لە شوێنی سێتادا نییە.

٣- پەیوەندیی شوێنپێی و پێشەنگەکە پەیڕەوی مەرجی هاوسێیەتی دەکات.

(Chomsky: 1981, 56) لە (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٦) وەرگیراوە.

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە هاونیشانەکردنی (PRO) یە بۆ ئاماژەدەرەکەی لە چوارچێوەی ئەم لقە تیۆرەدا دەبێت، ئەگەرچی چوارچێوەیەکی هەمەلایەنەی ئەم تیۆرە دیارینەکراوە، بەڵکو تەنیا بە ئاماژەی هاوشێوەیی هاتنەناوەوەی جۆری کرداری سەرەکی بەئاگایی واتایی و پراگماتیک و هاوشێوەکانی، بۆ گەڕاوەی بکەری، یان بەرکاری دیاریدەکرێت، یان ئەوەتا ئەو جێناوە/ PRO هیچ ئاماژەیەکی نییە. (مقدم: ١٣٨٦، ٤٧٢).

## (١ –٣ –٢– ٧) تیۆری دەسەڵات: Government Theory

یەکێکە لە لقە تیۆرییەکانی (GB)، کە لەگەڵ تیۆری بەستنەوەدا، ناونیشانی تیۆرەکەیان هەڵگرتووە، (چۆمسکی)، گرنگیی زۆری بەم تیۆرە داوە، هەرچەندە دەسەڵات، یان "حوکمکردن ڕەگێکی کۆنی هەیە و بۆ سەردەمی ڕێزمانی کلاسیکیی دەگەڕێتەوە، کە تیایدا ئاماژە بەوە دراوە، کە ناو لەلایەن پێشناو و کردارەوە حوکمدەکرێت، هەروەها پێویستە ڕێککەوتن لەنێوان ناو و وشەکانی تردا هەبێت، بەڵام (چۆمسکی) لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، بیرۆکەی حوکمکردنی بە شێوازێکی نوێ بەکارهێناوە، کە حوکمکردنی بە (سەر)ەوە بەستەوە، واتا تەنیا سەرەکان دەتوانن حوکمبکەن". (قادر: ٢٠١١، ٣٢)، بەو واتایەی کەرەستەیەک حوکمی کەرەستەیەکی تر دەکات، بە مەرجێک ئەو کەرەستەیەی حوکمیدەکات (سەر) بێت، حوکمکەر و حوکمکراو یەکتری، وەکو وەچە دیاریدەکەن و هیچیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵنابێت.

بەگشتی دەسەڵات بەو واتایە دێت، کە کەرەستەیەک دەسەڵاتی بەسەر کەرەستەیەکی تردا هەیە لە ڕوانگەی پێویستیی کەرەستەکە بە کەرەستە گەلێکی ترەوە، وەک پێویستیی کرداری تێپەڕ بە بەرکار، یان پێویستیی پریپۆزیشن بە فرێزی ناوی، چونکە دەسەڵات مەرجێکی پێویستە بۆ دیاریکردنی حاڵەتە ڕێزمانییەکان، بە واتایەکی تر، چەمکی بنجیی تیۆری دەسەڵات بریتییە لەو پەیوەندییەی لەنێوان سەرەی پێکهاتە و کەرەستە وابەستەکانێتی (قادر: ٢٠١٧، ١٣٤) واتا دەسەڵات پەیوەندییەکی پێکهاتەیی تایبەتە لەنێوان دوو فرێزی هێڵکارییەکی درەختیدا، کە دەسەڵاتداری دوو پەیوەندی دەنوێنێت، (ستوونی) لەنێوان جێکەوتەی گەورە و جێکەوتەی ناوەند، (ئاسۆیی)ش لەنێوان دوو وەچە، کە بە دەستەخوشک (Sister hood) ناودەبرێن. ڕەگی کردار دەسەڵاتی بەسەر بەرکاردا دەشکێت و پریپۆزیشنیش دەسەڵاتی بەسەر فرێزە ناوییە شوێنکەوتووەکەیدا و کات و کەسیش، بە تایبەتی کەس، دەسەڵاتی بەسەر بکەردا دەشکێت، بە واتایەکی تر "بەرکار لەلایەن ڕەگی کردار و بکەر لەلایەن کات و کەس و فرێزی ناوی لەلایەن پریپۆزیشنەکانەوە حوکمدەکرێن". (Heagman: 1998, 442).

(٢٨) من تۆم لە بازاڕ بینی.

لەم ڕستەیەدا، (تۆ)، لەلایەن ڕەگی کردار و (من)، لەلایەن کات و کەس و (بازاڕ)، لەلایەن پریپۆزیشنی (لە)ەوە حوکمدەکرێن.

چەمکی دەسەڵات بەپێی جۆری کردارەکە، دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر هەموو کەرەستەکانی ڕستەکە (کەرەستە سەرەکییەکان) دەنێرێت، مامەڵەکردنی کردار بەپێی چەمکی دەسەڵات ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەرەستە سەرەکییەکانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە تەوەری ئاخاوتن لەسەر بنەمای سێ واتا، بکەریی و بەرکاریی و خستنەپاڵی بونیاددەنرێت، جگەلەوانە کەرەستەکانی تر سەربارن. (عبداللطیف: ١٩٨٤، ٢٣٤) لە (قادر: ٢٠٠٩، ٨٣) وەرگیراوە.

لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا، چەمکی بنەمای تیۆری دەسەڵات، بریتییەلە پەیوەندیی نێوان سەرەی دروستەیەک و کاتیگۆرییە شوێنکەوتووەکانی. ئەم پەیوەندییە دروستەییە و بە کورتی حوکمکار: یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی لە سەرانسەری قاڵبە ڕێزمانییەکاندا بەکاردەهێنرێت، پێکهاتەی حوکمکار: A حوکمکەرە، وەچە ئاڕاستەی B دەکات، کە حوکمکراوە، ئەگەر هەریەکەیان دەسەڵاتیان بەسەر ئەوی تریاندا نەڕوات، جێکەوتەی مەزنیش دەسەڵاتدارە بەسەریاندا، حوکمکردن، دەتوانرێت بە پەیوەندییەکی دووقۆڵیی وەچەئاڕاستەکردن پێناسەبکرێت. وەچەئاڕاستەکردن بەمشێوەیە ناسێنراوە: (Haegeman: 1998, 135).

نۆدی  A وەچە ئاڕاستەی نۆدی B دەکات، ئەگەر و تەنها ئەگەر:

١- نۆدی A ، بەسەر نۆدی B دا، زاڵنەبێت و B یش بەسەر A دا، زاڵنەبێت.


٢- یەکەم نۆدی دوو پەلکی (X)، کە بەسەر نۆدی A دا زاڵە، بە هەمان شێوە بەسەر نۆدی B یشدا زاڵ بێت.

حوکمکردن بە پێی وەچە ئاڕاستەکردن:

نۆدی  A ، حوکمی نۆدی B دەکات، ئەگەر و تەنها ئەگەر:

١-  A حوکمکەر، سەر بێت، کە دەبێت فریز، یان دانەیەکی سینتاکسی دروستبکات.

٢- نۆدی A و B وەچە ئاڕاستەی یەکتری بکەن، واتە هەردووکیان یەکتری بکەن بە وەچە. (والی: ٢٠١٥، ٨)، (بڕوانە هێڵکاریی (٩)).




هێڵکاریی ژمارە(٩)

لە ڕستەی کوردیدا، کردار (سەر)ە ، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست حوکمدەکات، پریۆزیشنیش (سەر)ە، بە پێچەوانەوەیە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمدەکات. سەبارەت بە ڕەگی کرداریش، پێویستە کردارەکە  تێپەڕ بێت، ڕەگی کرداری تێنەپەڕ حوکمناکات و دۆخیش نادات.  کەواتە زمانی کوردی، سیستەمێکی تێکەڵاوی هەیە، لە هەندێک فرێزدا (سەرسەرەتایی)یە و لە هەندێکی تردا (سەرکۆتایی)یە.

(٢٩) تۆ بۆ زانكۆ هاتیت.

له ڕستەی (٢٩)دا، کەسی کردار (یت)، حوکمی بکەر (تۆ) دەکات، (بۆ) حوکمی (زانکۆ) دەکات. فرێزی ناوی دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، دۆخەکەش دەبێت سەرێکی هەبێت، تەنیا لەو حاڵەتەدا دۆخ وەرناگرێت، کە ناوەکە بوو بە تەواوکەری کرداری (بوو).

(٣٠) من خوێندکار بووم.

له (٣٠) دا، (خوێندکار)، دۆخی نییە و تەنیا تەواوکەری کرداری (بوو)ە، لە شوێنی (کرداربەندی)ە.

## (١ –٣ –٢– ٨) تیۆری کاتیگۆرییە بەتاڵەکان: Empty Category Theory

لقێکی ترە لە لقە تیۆرییەکانی تیۆری (GB)، بەوە پێناسەکراوە: "ئەو کەرەستە نابەرجەستە (ئەبستراکتە)یە، کە فۆرمی فۆنەتیکی ئاشکرای نییە، بەڵام شوێنی فرێزێک لە ڕستەدا دەگرێتەوە". (Trask: 1993, 90)، بە واتایەکی تر، کاتیگۆریی بەتاڵ "ئاماژە بۆ ئەو پێکهێنانەی ڕستە دەکات، کە لەڕووی فۆنەتیکییەوە بەتاڵن، بەڵام لەڕووی سینتاکسییەوە چالاکن"، (محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٣١) کاتیگۆرییە بەتاڵەکان هەرچەندە لە ڕستەدا دەرناکەون، بەڵام ئەرکی ڕێزمانی دەبینن و لە شوێنی فرێزێکی ناویدا ئەژماردەکرێن.

کاتیگۆریی بەتاڵ لە (GB) دا، "یەکێکە لەو چەند ڕەگەزە نابەرجەستەیەی، کە هیچ فۆرمێکی فۆنەتیکییان نییە، بەڵام شوێنی فرێزێکی ناوی لە ڕستەدا پڕدەکەنەوە". (قادر: ٢٠٠٤، ١٩) ئەو شوێن پڕکردنەوەیەش لەلایەن پۆلێکی فەرهەنگییەوە، یان پۆلێکی هاونیشانەوە بەتوندی حوکمدەکرێت، بنەمای کاتیگۆریی بەتاڵ سنووردانانە بۆ جوڵاندنی ئەو کاتیگۆرییانەی بەهۆی جوڵاندنی ئەلفاوە دەجوڵێن، بەگشتی کاتیگۆریی بەتاڵ لە لێدوانە تازەکانی تیۆری (GB)دا، بەسەر چوار جۆردا دابەشدەبێت:

١- شوێنپێی جوڵانەوەی NP، کە بریتییە لە ئەنافۆرە بەتاڵەکان [+ ئەنافۆر، - جێناو].

٢- شوێنپێی جوڵانەوەی وشەی پرس Wh، کە بریتییە لە ئامرازە بەتاڵەکان [- ئەنافۆر،- جێناو].

٣- pro، کە بریتییە لە جێناوی بەتاڵ [- ئەنافۆر، + جێناو].

٤- PRO، کە بریتییە لە بکەری ئەو دەربڕینە چاوگییە گەردانەنەکراوە بەتاڵانەی، کە دەتوانێت لەناو کاتیگۆرییە حوکمکارەکەیدا بەستراوە بێت و لە هەمان کاتیشدا سەربەستیش بێت، سیمای ڕەگەزەکەی [+ ئەنافۆر، - جێناو]، لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، هەریەکە لە لقە تیۆرییەکانی (دەسەڵات، بەستنەوە، کۆنتڕۆڵ)، ئاماژە بۆ کاتیگۆریی بەتاڵ دەکەن. (جیفري بوول : ٢٠٠٩، ٤٤٨) لە (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٨٦) وەرگیراوە.

ئەم چوار جۆرەی سەرەوە، خاوەن سیمای جیاوازن لە یەکتری و حاڵەتی جیاوازیشیان بۆ دەرکەوتنیان هەیە، شوێنپێی فرێزە ناوییەکان بە ئەنافۆر دادەنرێن و لەناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیاندا، بە ئاماژەبۆکراوێک بەستراونەتەوە، کە وەچەئاڕاستەی دەکات و هەمان نیشانەیان لەڕووی کەس و ژمارەوە هەیە. (بڕوانە: محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٣٤)

سەبارەت بە (pro) ی بچووک، جێناوێکە ئاماژەبۆکراوێکی شوێنیی نییە و لەناو کاتیگۆرییەکەیدا سەربەستە، شوێنی بکەری ئەو ڕستانەی، بکەری ئاشکرایان نییە، بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو، پڕدەکاتەوە. (PRO) ی گەورەش، هەم جێناوە و هەم ئەنافۆریشە، بە واتایەکی تر، لەناو کاتیگۆرییە حوکمکەرەکەیدا، دەتوانێت هەم بەستراوە بێت و هەم ئازاد بێت، ئەمەش لەناو تیۆری بەستنەوەدا، نێواندژییەک دروستدەکات، بەڵام بەڕاستەقینەیی دەرناکەوێت، چونکە "(PRO) ناتوانرێت حوکمبکرێت و هیچ دۆخێکی ڕێزمانیی نییە". (مەحویی:٢٠٠١، ١٨٦)، هەرچی شوێنپێی وشەی پرسیاریشە، وەک دەربڕاوە ئاماژەدەرەکان دادەنرێت. کاتیگۆریی بەتاڵ لە زمانی کوردیدا، ئەمانەن:

١- شوێنپێی فرێزی ناوی (ف.ن).

٢- بکەری لابراو، یان بکەری (سفر)– pro - .

لە زمانی کوردی، (شێوەزاری سلێمانی)دا، دەتوانرێت لە بەشێکی زۆری ڕستەکاندا بکەر لاببرێت، بێ ئەوەی هیچ کارێک لە واتا و لێکدانەوەی ڕستە بکات. "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ئەوەیە، کە بکەر و کردار لەڕووی کەس و ژمارەوە ڕێکدەکەون، واتە کردار بەپێی کەسەکەی بکەر هەڵدەبژێرێت، چونکە کردار بەبێ بکەر نابێت، بکەری ڕستە دەتوانرێت دەرنەبڕرێت و بەرجەستە نەکرێت بەمەرجی کۆنتڕۆڵکردنی لەلایەن کردارەوە، هەروەها لە شوێنی بکەرە لابراوەکە (pro) دادەنرێت". (ساڵح: ٢٠١٢، ١٥٩).

جۆرەکانی پرۆ (pro):

پێش ئەوەی جۆرەکانی پرۆ (pro) بخەینەڕوو، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە pro " لە شوێنی حوکمکراودا دەبینرێتەوە، کە لەلایەن سەرێکی حوکمکەرەوە دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت. ئیتر گرنگ نییە، ئەگەر سەرە حوکمکەرەکەی نیشانە تایبەتییەکانی (کەس و ژمارە)ی هەڵگرتبێت، یان نا. چونکە دەتوانێت شوێنە بۆشەکەی بکەر پڕبکاتەوە". (مەحویی: ٢٠٠١، ٢٠٧) سێ جۆر پرۆ (pro) هەن، کە ئەمانەن: (محەمەد: ٢٠٠٩، ٢٣٦ – ٢٣٧).

١- ئاماژەدەر Referential: ئەم سیمایانەی هەیە [+ کەس، + ژمارە، + دیاریکراو].

(٣١) pro چووم بۆ بازاڕ.

لەم ڕستەیەدا، پرۆ (pro) ئاماژەدەرە، کەسی یەکەمە، تاکە، دیاریکراوە.

٢- ئاماژەنەدەر Non – Referential:

(٣٢) pro دەکرێت، ئەمڕۆ بچین بۆ دهۆک.

لە (٣٢)دا، بکەرێک هەیە، بەڵام ناناسرێتەوە، نیشانەی کەسی سێیەمی تاک و کرداری نادیار هەیە.

٣- نائارگۆمێنت Non-Argument: هیچ نیشانەیەکی ناوەڕۆکیی نییە، کە پێی بناسرێتەوە.

(٣٣) پێدەچێت، منداڵەکە نەخۆش بێت.

لە ڕستەی (٣٣)دا، پرۆ (pro)، نائارگۆمێنتە، هیچ نیشانەیەکی ناوەڕۆکی نییە، کە بەهۆیەوە بناسرێتەوە.

(pro) لە زمانی کوردیدا، ئارگۆمێنت و نائارگۆمێنتی هەیە، pro ی ئارگۆمێنتیش ئاماژەدەر و ئاماژەنەدەری هەیە، کە ناسینەوە و دیاریکردنی بەدەقە سینتاکسییەکەی و ناسنامە ئاماژەییەکەیەوە پەیوەستە.

## (١-٤) پوختەیەک لە مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام):


کەمترین پرۆگرام بە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی و گرنگ لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا دادەنرێت، کە تیایدا تیۆرەکەی چۆمسکی چووە قۆناغێکی ترەوە، لە ساڵانی نەوەدەکاندا جۆرێکی نوێی ڕێبازی بنەما و پارامیتەرەکان سەریهەڵدا و ناونرا مینیمالیزم (کەمترین پرۆگرام). نەخشەی مینیمالیزم "لە سەرەتادا بە وتارێکی (چۆمسکی) لە ساڵی (١٩٨٩)دا و هەندێک وتار لەبارەی ئابووریکردنی دارشتن و نواندنەوە دەستیپێکرد، دوای ئەوەش وتاری بچووکترین پرۆگرامی تیۆری زمانی لە ساڵی (١٩٩٢)دا، هەروەها لێکۆڵینەوەی تری (١٩٩٤، ١٩٩٥ أ- ب، ١٩٩٦ أ- ب، ١٩٩٨، ٢٠٠٠)ی بە دواداهات". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٩٩).

مینیمالیزم قۆناغێکی ترە لە تیۆرە زمانییەکەی (چۆمسکی)، کە درێژەپێدانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، لەڕووی پیشاندانی تایبەتییە گشتییەکانی توانستی زمان و لێوردبوونەوە لە میکانیزمی کارکردنی ئەو پرۆگرامەدا، سیمای دەرکەوتنی ئەو بنەما گشتییانەی لە نموونەی بنەما و پارامیتەرەکاندا بەرچاودەکەوێت. (سەرچاوەی پێشوو: ١٠١).

ئەم بەرنامەیە، بە بچووکترین، یان کەمترین پرۆگرام ناودەبرێت، چونکە "تەنیا دوو ئاستی نواندن بۆ لێکدانەوەی ڕستە دەستنیشاندەکات، فۆڕمی فۆنەتیکی و لۆجیکی، فۆڕمی فۆنەتیکی بۆئەوەی بەهۆی کۆئەندامی ئاخاوتنەوە قسەکردن بەرهەمبهێنێت و فۆڕمی لۆجیکیش بەهۆی چەمکی مەبەست، لە سیستەمی کۆزانیارییەوە ڕستە لەڕووی واتاییەوە لێکبداتەوە". (Van valin: 2004, 203) بە واتایەکی تر، فۆڕمی فۆنەتیکی بۆ چۆنیەتیی دەربڕینی ڕستە و فۆڕمی لۆجیکی بۆ چۆنیەتیی لێکدانەوەی ڕستەیە.

چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆ بنیاتنانی ڕستە، تەنیا ئەو کەرەستانە دەمێننەوە، کە پێویستن، بەو واتایەی پرۆگرامەکە لەسەر دوو پێکهێنەری سەرەکی بنیاددەنرێت، یەکەمیان پێکهێنەری فەرهەنگی، کە وشەکان بە هەموو تایبەتمەندیی دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، دووەمیان ئەو میکانیزمە ڕێزمانییەیە، کە دەتوانرێت وەکو پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری، یان ژمێریاری دابنرێت، کە توانای بەرهەمهێنانی نواندنی سینتاکسیی هەیە، بەرهەمهێنانی ڕستە بە هەڵبژاردنی کۆمەڵە وشەیەکی دەستنیشانکراو دەبێت، کە بە هەژمارکردن ناودەبرێت. کۆکردنەوەی دوو وشە بۆ پێکهێنانی لقە درەختێک و کۆکردنەوەی

دوو لق بۆ پێکهێنانی لقی بەرزتر بە لێکدان، یان ئاوێتەکردن ناودەبرێت. دەرئەنجامەکەی دوو لق بۆ پێکهێنانی ئەو ڕستەیەی دەیەوێت، بەرهەمدەهێنێت. (بقرة: ٢٠٠٩، ١٥٨)، ئەم دوو ئاستە بریتین لە شێوەی فۆنەتیکی (PF) و لۆجیکیی (LF)، وەکو لە هێڵکاریی ژمارە (١٠)دا، خراوەتەڕوو.




هێڵکاریی ژمارە (١٠)

(ئەم هێڵکارییە لە: حاجی: ٢٠٠٧، ٣٤ وەرگیراوە)

# بەشــی دووەم
# ڕۆڵی کردار لە ئاستــی قووڵــی ڕستەدا

# بەشی دووەم

# ڕۆڵی کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا

## (٢-١) دەروازەیەک:

پێش ئەوەی باس لە دابەشبوونی ئاستە دروستەییەکانی ڕستە لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەوە بکەین، کە (ئاستی قووڵ و ڕووکەش)ن، تیشکێک دەخەینەسەر یەکێک لە کەرەستەکانی ڕستە، کە ئارگۆمێنت – داواکەرە و ڕۆڵی سەرەکیی لە دروستەی ڕستەدا هەیە، ئەویش بریتییە لە کردار، کە بە هەڵسوڕێنەری کەرەستەکانی تری ڕستە دادەنرێت، چونکە هەموو کەرەستەکان بە ویستی کردار دێنەناو ڕستەوە، جا کردار حوکمیان بکات، یان حوکمیان نەکات. بە واتایەکی تر، سەرجەم کەرەستەکانی ڕستە ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەخۆ بە کردارەوە بەستراون، هەریەکە لە بکەر و بەرکار و ئەدڤێربڵەکانیش، هەموویان لەژێر دەسەڵاتی کرداردان، بەڵام دەسەڵاتەکەی بەپێی جۆری کەرەستەکە جیاوازە، دەسەڵاتەکەی بۆ ئەدڤێربڵەکان، وەکو دەسەڵاتی بۆ بکەر و بەرکار نییە، کردار لە بکەر و بەرکاردا دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام لە ئەدڤێربڵەکاندا دەسەڵاتەکەی ناڕاستەوخۆیە. لە دروستەی ڕستەدا، کە داوای هەندێک کەرەستە دەکات و داوای هەندێک کەرەستەی تر ناکات، پەیوەندیی بە دەسەڵاتی کردارەوە هەیە، ئەگەر داوای کەرەستەیەک نەکات، لەبەرئەوەیە، کە لەگەڵ سیما واتاییەکانیدا ناگونجێت، بەهۆیەوە پێکدادانی واتایی لەنێوانیاندا دروستدەبێت و ڕستەیەکی نادروستیش بەرهەمدێت. باڵادەستیی کردار وادەکات ڕستە لەڕووی سینتاکسیی و سیمانتیکییەوە دروستبێت، چونکە لەنێوان ئاستی ڕستەسازی و واتاسازیدا چوونەناویەک و تێکچڕژانێک دەبینرێت. دروستەی ڕستە وەک دانەیەکی زمانی، دوو دیوی هەیە، کە (فۆرم و واتا)ن.

لەلایەن زمانەوانان و شارەزایانی بواری زمانەوە، هەریەکە لە زاراوەکانی (ڕۆنانی ژێرەوە و ڕۆنانی سەرەوە، بنج و سیما، قووڵ بنەما و ڕووکارە بنەما، ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوە، ....هتد)، بەکارهێنراون. (قادر: ٢٠٠٤، ٢٩)، لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەی (ئاستی قووڵ و ڕووکەش) بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ کردار هەریەک لە زاراوەکانی (کردار، کار، فرمان، ...هتد) بەکارهاتوون، لە لێکۆڵینەوەکەدا زاراوەی (کردار)مان بەکارهێناوە.

بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ڕستە دوو ئاستی دروستەیی هەیە، کە بریتیین لە: (ئاستی قووڵ) و (ئاستی ڕووکەش) ، لە لقە تیۆرییەکانی (دەسەڵات و بەستنەوە)دا، هەریەکە لە تیۆری (سێتا) و (X-bar) لە ئاستی قووڵدا و لقە تیۆرییەکانی تریش لە ئاستی ڕووکەشدا جێبەجێدەکرێن. ڕۆڵی کردار لە ئاستی قووڵدا، دابەشکردنی واتایە، کە ڕۆڵە واتاییەکان بە فرێزەکانی ڕستە دەبەخشێت، ڕۆڵێکی تری لەم ئاستەدا، داواکردنی فرێزە پێویستییەکانی و دروستەی فرێزەکانیەتی، کە بە ویستی کردار دێنە ناو ڕستەوە و هەموویان لەژێر هەژموونی کرداردان.

## (٢-٢) ئاستی قووڵ:

یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی سینتاکسییە و "دروستەی نابەرجەستە دەنوێنێت". (Trask: 1993, 79)، یەکێکە لە دوو ئاستە دروستەییەکەی ڕستە، کە لای هەموو مرۆڤێک بوونی هەیە و جیاوازی نییە. ڕستە لە هەموو زمانێکدا، وەکیەک دروستدەبێت، هەمان کەرەستە لە پێکهاتنیدا بەشداریدەکەن، بە پێی بۆچوونی (چۆمسکی)، هەموو زمانەکانی جیهان لە ئاستی قووڵدا یەکسانن و جیاوازییان نییە، چونکە "زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پێڕەو کاردەکەن و هەڵدەسوڕێن، ئەم جیاوازییانەی لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، هەر لە (سیما)دایە Surface Structure، ئەگینا لە (بنچ)دا، Deep Structure هەموو یەکن و یەکدەگرنەوە". (ئەمین: ٢٠٠٩، ٢٣٧) ئاستی قووڵ بۆ پەیوەندیکردن بەکارنایەت و مرۆڤ دەربڕینەکانی بەم ئاستە نادرکێنێت، ئاستی ڕووکەش، کە بۆ چۆنییەتیی گۆکردنی ڕستەیە، بەکاردەهێنێت. ئەم ئاستە، "پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەیە" (عبدالرحمن: ٢٠٢٢، ٣٩)، کە تیایدا یاسا فەرهەنگییەکان و یاساکانی فرێزپێکهێنان پێکەوە ڕستە پێکدەهێنن. کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و زاراوە سینتاکسییەکان بە دانەی فەرهەنگیی پڕدەکرێنەوە، کە "تێکردەی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەم دروستانەدا ئاستی قووڵ دەهێنێتەئاراوە، بەمپێیە بنەما دروستەییەکان دەکاتە یاساکان". (حسەین: ٢٠١٢، ١١١)، ئەمەش یەکەم قۆناغی دروستەی ڕستەیە، چونکە "هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی ڕستەیەک لە ئاستی قووڵەوە دەستپێدەکات". (محمد: ٢٠١٤، ١١٣).

لەم ئاستەدا، کەرەستەکانی ڕستە لە جێکەوتەی چەسپاوی خۆیاندان و هیچ جێگۆڕکێیەک ناکەن، هەروەها فرێزەکان لە شێوەی دانەی فەرهەنگیی تەواودان و نابنە جێناوی لکاو، هیچ کورتکردنەوەیەک، یان دیاردەیەکی ئابووری لەم ئاستەدا جێبەجێناکرێت، "کردارێک و ئارگۆمێنتە

پێویستەکانی، کە بەپێی ڕۆڵی واتایی کردار دێتەئاراوە و بەپێی یاساکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکی دیاریکراودا ڕێکدەخرێن". (حسەین: ٢٠٠٩، ٢٣) بەگشتی ئاستی قووڵ پەسنی پێکهاتەی قووڵی دەربڕاوە زمانییەکان دەکات و دیاریکەری پەیوەندییە سینتاکسییەکانیشە، "ئەوەی گرنگە لەم ئاستەدا، ئەوەیە ئاستی قووڵ بە دیاریکەری ئاستی سیمانتیکی دەربڕاوەکان دانراوە" (حسەین: ٢٠١٢، ١١١) و کاریگەریی لەسەر واتای ڕستە هەیە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ڕستەکان لێکبدرێنەوە، بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی قسەی ئاخێوەر، ئەم ئاستە "دروستەی پێکهاتەکەیە، کە هەموو ئەو هۆکارانە دیاریدەکات، کە بەهۆیەوە ڕستەیەک دەبێت لێکبدرێتەوە، زانیاریمان دەداتێ، کە جیاوازی بکەین لەنێوان لێکدانەوەی جیاواز لە ڕستەکاندا، کە هەمان ئاستی ڕووکەشیان هەیە".(Crystal: 2008, 31) بەجۆرێک دوو ڕستەی هاوبەش لە ئاستی قووڵدا، بە هاوواتا دادەنرێن، هەرچەندە لە گۆکردندا جیاواز بن، بەڵام ئەگەر لەم ئاستەدا جیاواز بوون، هاوواتانین، هەرچەند لە درکاندندا هاوشێوە بن، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی کاریگەریی ئاستی قووڵ لەسەر واتای ڕستە.

(٣٤) أ- چاکەت بخۆرەوە.

ب- چاکەت ساردبووەوە.

ڕستەی (٣٤- أ) و (٣٤- ب) هەمان ئاستی قووڵیان هەیە، هەرچەندە لە درکاندندا جیاوازن، بە واتایەکی تر لەلای قسەکەر و گوێگر هەمان واتا دەگەیەنن، دوو ڕستەی هاوواتان. بەڵام ئەگەر ڕستەکان خاوەنی هەمان ئاستی ڕووکەش بن، ئەوا ڕستەیەکی فرەواتا بەرهەمدێت و لێڵی واتایی دروستدەبێت، لە ئاستی قووڵی ڕستەدا کردار واتای ڕستە دیاریدەکات، چونکە واتای ڕستە بەپێی ناوی کرداری کردارەکە و ئەو فرێزانە دەبێت، کە کردار لە ئاستی قووڵدا داوایاندەکات. بۆ نموونە: لە ڕستەی (پێی دەخورێت). لە ئاستی ڕووکەشدا، ڕستەیەکی فرەواتایە، لێڵی واتایی بەرهەمهاتووە، چونکە لە ئاستی قووڵدا بەپێی جیاوازی ناوەکردارییەکانی ئەم کردارانەوە چەندین واتا لەخۆدەگرێت:

(٣٥) أ - پێی دەخورێت. واتە (پێی ئەو کەسە دەخورێت). / خوران /

ب - پێی دەخورێت. واتە (پێی ئەو پەلەوەرە بۆ خواردن دەبێت). / خواردن /

ت - پێی دەخورێت. واتە (ئەو خواردنەکەی پێ دەخورێت). / پێخواردن /

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە کردار لە ئاستی قووڵدا، هەژموونی بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەدا هەیە و واتای ڕستە دیاریدەکات.

ئەگەر فریزێک لە ڕستەدا هەبێت و داواکراوی کردار نەبێت، ئەوا لەڕووی لۆژیکەوە ناگونجێت و پێکدادانی واتایی لەنێوان فریزە کردارییەکە و فریزەکانی تری ڕستەکەدا دروستدەبێت.

(٣٦) * ئەو کاغەز خواردی.

(٣٧) * ئەو نان خوێندییەوە.

لە (٣٦) و (٣٧) دا، کردارەکان داوای ئەو فریزانە ناکەن، چونکە سیما واتاییەکانی (خواردی) داوای فریزێکی ناوی دەکات، کە بۆ خواردن شیاو بێت، هەروەها کرداری (خوێندییەوە) سیما واتاییەکانی، لەگەڵ (نان)دا ناگونجێت و لە ئەنجامدا پێکدادانی واتایی لەنێوانیاندا ڕوویداوە و ڕستەیەکی نادروست بەرهەمهاتووە.

کەواتە ئەم ئاستە، ئاستێکی واتاییە و پەیوەندیی واتایی نێوان ڕستەکان نیشاندەدات، یەکەمجاریش توانای لێکدانەوەی واتایی ڕستە بەو ئاستە دراوە، چونکە چۆمسکی لە سەرەتادا ڕای وابوو، کە (واتا) لە ئاستی قووڵی ڕستەوە بەرهەمدێت و دەبێت گواستنەوەکان (واتا) نەگۆڕن، بەڵام دوایی بۆچوونێکی تری هەبوو، وتی ئاستی قووڵ و ڕووکەش بەرهەمهێنەری واتای ڕستەن و هەردوو ئاستی قووڵ و ڕووکەشی بۆ دیاریکردنی واتای ڕستە بە بنەما دانا. ئەوەش بە سەرەتای هاتنەناوەوەی لایەنی واتا بۆ کارە زمانەوانییەکەی دادەنرێت، ئاستی قووڵی ڕستە، لەم دوو بەشە پێکدێت: (ئەحمەد: ٢٠١٥، ٣١).

یەکەم: فەرهەنگ: هەموو یەکە فەرهەنگییەکان و وشە و مۆرفیمەکان دەگرێتەوە، بە هەریەکەیان دەوترێت دانەی فەرهەنگی، هەر یەکێک لەمانە خاوەنی دوو سیمان، یەکێکیان واتا و ئەوەی تریان چۆنییەتیی خوێندنەوەیەتی.

دووەم: یاساکانی فریزپێکهێنان: یاساکانی فریزپێکهێنان و یاسا فەرهەنگییەکان پێکەوە کاردەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی چوارچێوەی ڕستەیەکی نابەرجەستە.

## (٢-٢-١) تایبەتمەندییەكانی ئاستی قووڵ:

ئاستی قووڵی ڕستە، چەند تایبەتمەندییەكی هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- زاراوە سینتاكسییەكان، تێیدا بە دانەی فەرهەنگی پڕدەكرێنەوە، واتە بوارێكە بۆ گۆڕینەوەی هێما بە دانەی فەرهەنگی، كە تێیدا یاساكانی فەرهەنگ ڕۆڵدەبینن. (حسەین: ٢٠١٢، ٣١).

(٣٨) مامۆستا پەرتووك بە خوێندكارەكە دای.

لە (٣٨) دا، كە ئاستی قووڵە، لە جێكەوتەی زاراوە سینتاكسییەكان لە یاساكەدا، دانەی فەرهەنگی دانراون و چاڵی زاراوە سینتاكسییەكانیان پێ پڕكراونەتەوە.

٢- پەیوەندیی بە واتاوە هەیە و سروشتی پەیوەندیی واتایی نێوان كردار و فرێزە داواكراوەكانی ڕووندەكاتەوە. (Fowler: 1971, 10) بۆ نموونە: كردارێكی وەك (خوێند)، داوای بكەرێك دەكات، كە یەكێك لە سیما واتاییەكانی [+ مرۆڤ] بێت و بەركارێكیش وەردەگرێت، كە سیمای واتایی [+ خوێندن] ی هەڵگرتبێت و لەگەڵ ڕەگەكەیدا گونجاو بێت، چونكە تێپەڕە، بەڵام كردارێكی وەك (نووست) تەنیا داوای بكەرێك دەكات، كە یەكێك لە نیشانە واتاییەكانی [+ گیاندار] بێت، لەبەرئەوەی تێنەپەڕە.

(٣٩) - بارام وانە خوێندی.

(٤٠) أ- شێرزاد نووست Ø.

ب- شێرەكە نووست Ø.

٣- پەیوەندییە سینتاكسییەكانی نێوان كەرەستەكانی ڕستە، لەم ئاستە دروستەییەدا جێبەجێناكرێن، واتە ئاستێكی ڕێكنەخراوی ڕستەیە لەڕووی پەیوەندییە سینتاكسییەكانەوە، (حسەین: ٢٠٠٩، ٢٣) لەو شێوەزارانەدا، كە دۆخی ڕێزمانییان لە شێوەی مۆرفیمدا دەردەكەوێت، لەم ئاستەدا هیچ نیشانەیەكی دۆخ، لەسەر فرێزە ناوییەكانییان دەرناكەوێت، وەك شێوەزاری هەورامی:

(٤١) أ- من ئارام وینوو. (ئاستی قووڵ) (من ئارام دەبینم).

ب- من نەسرین وینوو. (ئاستی قووڵ) (من نەسرین دەبینم).

کاتێک پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکان لە ئاستی ڕووکەشدا جێبەجێدەکرێن، دۆخە ڕێزمانییەکان لە شێوەی مۆرفیمدا دەردەکەون.

(٤٢) أ- من ئارامی وینوو. (ئاستی ڕووکەش)

ب- من نەسرینی° وینوو. (ئاستی ڕووکەش)

٤- دارشتەی ڕاستەوخۆی گۆکردنە ڕێزمانییەکانە، ئەم گریمانەیە ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە ڕۆڵە بابەتییەکان بە گۆکردنە ڕێزمانییەکان دەبەخشرێن، کە دەبێت بە تەواوی و بێکەموکورتی بن. (مەحویی: ٢٠٠١، ٢٥) واتە هیچ دیاردەیەکی ئابووری لەم ئاستەدا جێبەجێناکرێت.

(٤٣) - من سێو دەخۆم.

نەک: - سێو دەخۆم.

(٤٤) -ماڵی ئێمە سووتا.

نەک: - ماڵمان سووتا.

٥- ڕستە نابەرجەستەیە و گۆناکرێت، تا بە یاساکانی گواستنەوە نەگوازرێتەوە و بۆ ئاستی ڕووکەش نەگۆڕێت.

(٤٥) أ- من وانە نووسیم. (ئاستی قووڵ)

ب- من وانەم نووسی. (ئاستی ڕووکەش)

٦- لە توانایدا نییە، تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراو، یان زارێکی تایبەتیی زمانێک بە شێوەیەکی گشتی بخاتەڕوو، چونکە تایبەتمەندییەکان پەیوەندییان بە ڕێککەوتنە سینتاکسییەکانەوە هەیە، کە بەرهەمی یاساکانی گواستنەوەن و گواستنەوەکانیش لە ئاستی ڕووکەشدا پیادەدەکرێن. (حسەین: ٢٠٠٩، ٢٣).

٧- کەرەستەکانی ڕستە لە جێکەوتەی بنەڕەتی و چەسپاوی خۆیاندان و هیچ جێگۆڕکێیەک ناکەن.

## (٢-٢- ٢) پەیوەندیی واتایی ئاسۆیی:

جۆرێکە لە پەیوەندیی واتایی نێوان کەرەستەکانی ڕستە، "ئەو پەیوەندییەیە، کە لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتن و دەرکەوتنی وشەکان لەگەڵ یەکدا دروستدەبێت، کە پەیوەندیی گونجان و نەگونجان لەنێوان وشەکان لە سنووری ڕستە و فرێزدا دەگرێتەوە". (دزەیی: ٢٠١٤، ١٤٧) بە واتایەکی تر ئەو پەیوەندییە واتاییە، "دراوسێیەتییەکە لەنێوان توخمە بەشداربووەکانی یەک ڕستەدا بەدیدەکرێت، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەک بۆ پێکهێنانی ڕستە لە ئەنجامی ئەو یەک لە دواییەک بوونەی، کە وشەکان دەیگرنەبەر و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت و ئەو کاریگەرییەش پابەند دەبێت بە پێش و پاشی هەریەک لەو زنجیرەیەوە"، (معین: ٢٠٠٥، ١٧) بەو واتاییەی پێکهێنەرەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، ...، کردار) بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر یەک هێڵ بە دوای یەکدا دێن، کە لە پەیوەندیی دراوسێیەتی، یان پێکەوەهاتندا دەبن، پێویستە وشەکان هاوڕێیەتی، لەگەڵ یەکتردا دروستبکەن و پەیوەندیی واتایی لەنێوانیاندا هەبێت، کە "بریتییە لە پەیوەندی سینتاکسیی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا و لەناو چوارچێوەی ڕستەدا بەشێوەیەکی ئاسۆیی، واتا کام وشە، لەگەڵ کام وشەدا دەچنەپاڵ یەکەوە". (فەرهادی: ٢٠٠٨، ٣٣)، ئەم پەیوەندییەش ڕێگریدەکات لەوەی، کە ڕستەیەکی ناڕێزمانی و ناپەسەندی واتایی بەرهەمبێت.

(٤٦) یاریزانەکە بە قاچی ڕاست لە تۆپەکە دای.

لە (٤٦)دا، پەیوەندیی نێوان (یاریزانەکە، قاچ، ڕاست، لە تۆپەکە،...) پەیوەندییەکی واتایی ئاسۆییە، کە لەسەر یەک هێڵ بەشێوەی ئاسۆیی دەبینرێت. کرداری (لێیدا) تێپەڕە، پێویستیی بە بکەر و بەرکار هەیە، بەپێی سیما واتاییەکانی کردارەکە، دەبێت بکەرەکە یەکێک لە سیما واتاییەکانی [+ زیندوو] ی هەڵگرتبێت، بەرکارەکەش سیمایەکی [± نازیندوو] هەبێت و لەگەڵ ڕەگی کردارەکەدا بگونجێت، (ڕاست) بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی (قاچ) هاتووە، (تۆپ بە قاچ) لێیدەدرێت.

گرنگیی پەیوەندیی ئاسۆیی لەوەدایە، کە ڕستەی (دروست و نادروست) لەیەکتر جیادەکاتەوە، (عەلی: ١٩٩٨، ٣٣) کاتێک لێکدانی وشەکان لە ڕستەیەکدا لەڕووی (ڕێزمان و واتا)وە تەواو بن، کە ڕستە دەبێت لەڕووی ئەرکە ڕێزمانی و واتاییەکەیەوە پەسەندبێت، ئەوا (ڕستەی دروست) بەرهەمدێت، کە "بریتییە لەو ڕستەیەی کەرەستەکانی لەناو خۆیاندا ڕێکن،

واتە ڕستەکە ئەم دوو مەرجەی تێدایە (ڕێزمانیی ڕستە+ پەسەندیی واتا). بە لەدەستدانی یەکێک لەم دوو مەرجە، (ڕستەی نادروست) بەرهەمدێت، کە کەرەستەکانی ئەو ڕستەیە لەنێوان خۆیاندا نەگونجاو و نالەبارن". (فەرهادی: ٢٠٠٢، ١٠) ئەنجامی ئەوەش ڕستەکەناڕێزمانییە، یان ناپەسەندی واتاییە، ئەمەش بۆ بەزاندنی کۆتی هاوسێیەتی دەگەڕێتەوە، کە کەرەستەیەکی ڕستە بەسەر کەرەستەیەکی تردا دەیسەپێنێت. کەرەستەکان بە دوای یەکدا دێن و بەهۆی چەند یاسایەکەوە لەیەکتر دەدرێن، کە لەڕووی واتاوە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، لە هەمووشیان بەهێزتر کردارە، کە ڕۆڵێکی گرنگیی لە دروستکردنی ڕستەدا هەیە و لە هاوڕێیەتییکردن و هەڵبژاردنی کەرەستەکانی تری ڕستەدا هەژموونی هەیە، بەوەی "کۆتی هەڵبژاردن و هاوڕێیەتی لە دەست وشە بەدەسەڵاتەکەدایە لە ڕستەدا، کە (کردار)ە، واتە پەیوەندیی (بکەر- کردار) و (بەرکار- کردار)". (ناوخۆش: ٢٠٠٥، ٣٤) بکەر لەناو ڕستەدا پەیوەندییەکی ڕێزمانی و واتایی بە کردارەوە هەیە، لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە و فرێزی ناویی ئەو ئەرکە دەبینێت، لە پەیوەندیی واتایی نێوان بەرکار و کرداردا، تەنیا کرداری تێپەڕ توانای هەڵبژاردنی بەرکاری هەیە، چونکە تێنەپەڕ پێویستیی بە بەرکار نییە. پێویستە بەرکار لەڕووی واتاییەوە، لەگەڵ ڕەگی کرداردا بگونجێت، کەرەستەیەک ناتوانێت ببێتە بەرکار، ئەگەر لەگەڵ کرداردا لەڕووی واتاییەوە نەگونجاو بێت، کەواتە بکەر و بەرکار و کردار پەیوەندیی واتایی لەنێوانیاندا هەیە، ڕستەیەک هەرچەندە ڕێزمانیش بێت، بە نادروست دادەنرێت، ئەگەر ناپەسەندی واتایی بێت.

کۆتی هاوسێیەتی، یان پێکەوەهاتن دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

أ- هەڵبژاردن: دوو وشە، یان زیاتر، کە بەیەکەوە دێن، هەندێک کۆت دەخەنە سەر یەکتری لە ڕستەدا، ئەمجۆرە کۆتانە پێیاندەگوترێت کۆتی هەڵبژاردن. (دزەیی: ٢٠١٤، ١٤٩) کردار کەرەستەیەکی هەڵبژێرە (ئارگۆمێنت – داواکەرە)، بە سیما واتاییەکانییەوە پەیوەستە، کەرەستە پێویستەکانی، بۆ دروستەی ڕستەیەکی دروست لەڕووی ڕێزمان و واتاوە هەڵدەبژێرێت. هەڵبژاردنی بکەر و بەرکار، لە لایەن کردارەوە، بۆ دروستەی ڕستە "ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەرکی خودی کەرەستەکانی ڕستەوە هەیە. نابێت ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەرکی واتایی و ئەرکی بکەر و بەرکار بخاتە پشتگوێ". (سەعید: ٢٠٠٩، ٦٨) بەو واتاییەی کۆتی هەڵبژاردن لەواتای وشەکانەوە دروستدەبێت، ئەگەر ئەو کۆتەی، کە کردار لە بکەر و بەرکاری دەوێت، نەهاتەدی، کە مەرجی هەبوونی نیشانەی واتاییە، ئەوا ڕستەیەکی نادروست بەرهەمدێت.

(٤٧) أ- شوشەکە شکا.

ب- * ئاوەکە شکا.

لە (٤٧ ب)دا، کرداری (شکا)، دەبێت یەکێک لە سیما واتاییەکانی بکەرەکەی، [+ ڕەق] بێت. ڕستەیەکی نادروستە، بەهۆی بەزاندنی کۆتی هەڵبژاردنەوە هاتۆتەدی، بکەرەکە لەڕووی واتاوە پەسەند نییە و کردارەکە پەسەندیناکات، نەگونجانی واتایی دروستبووە.

(٤٨) أ- ئاسۆ پشیلە کوشتی.

ب- * ئاسۆ بەرد کوشتی.

ڕەگی کرداری (کوشتی)، بەرکارێک هەڵدەبژێرێت، کە سیمای واتایی [+ زیندوو] ی هەڵگرتبێت، ناتوانێت، بەرکارێک پەسەندبکات، کە سیمای واتایی [+ زیندوو] ی نەبێت، لە (٤٨ب)، نادروستییەکەی لە بەزاندنی کۆتی هەڵبژاردنەوە سەرچاوەیگرتووە، چونکە کرداری (کوشتی)، بەرکارێک پەسەنددەکات، کە سیمای واتایی [+ گیاندار] ی هەبێت، لە کاتێکدا (بەرد)، سیمای [- گیاندار] ی هەڵگرتووە، لە ئەنجامدا پێکدادانی واتایی لە جۆری (پلەی نەگونجان) دروستدەبێت، کە بەرزترین پلەی پێکدادانە.

ب- هاوڕێیەتیی: ئەم کۆتە "پەیوەندیی ئاسایی بەیەکەوە هاتنی وشەیەکە، لەگەڵ هەندێک وشەی تر لەناو ڕستەیەکدا، لەسەر بنەمای ڕێککەوتن، پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان وشەکانی زمان پلەدارە، هەندێک وشە هەن، ڕادەی بەکارهێنانیان بەرزە و هەندێکی تر نزمە". (دزەیی: ٢٠١٤، ١٤٨).

کەرەستەی بەدەسەڵات، کە کردارە، بەتەواوی بەسەر کەرەستەکانی تردا زاڵە و هەژموونی بەسەریاندا هەیە، لەسەر بنەمای گونجان و ڕێککەوتن، کەرەستەکان بە دوای یەکدا بۆناو ڕستە ڕادەکێشێت، ئەو ڕاکێشانەش بە کۆتی هاوڕێیەتی ناودەبرێت. هاوڕێیەتی ئەو واتایەیە، کە وشە بەهۆی هەڵسوکەوت و هاتنی لەگەڵ وشەی تردا پەیدایدەکات، لەسەر بنەمای وشەیی کاردەکات، بۆ نموونە وشەی (جوان، قۆز) هەرچەندە لە هاوواتا دەچن و لە واتادا لەیەکەوە نزیکن، بەڵام لە واتای هاوڕێیەتیدا جیاوازن.

(٤٩) أ- کچی جوان گوێبگرە.

ب- * کچی قۆز دابنیشە.

وشەی (جوان)، لەگەڵ (کچ)دا هاوڕێیەتی هەیە، بەڵام (قۆز) ناتوانێت، لەگەڵ (کچ)دا هاوڕێیەتی دروستبکات، نادروستیی (٤٩ ب)، بەهۆی بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتییەوە هاتووەتەئاراوە و لە ئەنجامدا پێکدادانی واتایی دروستبووە، کە لە جۆری (پلەی ناتەبایی)ە، ئەمەش "کەمترین پلەی پێکدادانی واتاییە، کە لە هەڵبژاردنی بەهەڵەی وشەی هاوواتاوە دێت". (فەرهادی: ٢٠٠٢، ١٢)، کە لادانە واتاییەکەی لە لادانی واتایی کۆتی هەڵبژاردن کەمترە، بە دانانی هاوواتایەک، یان وشەیەکی نزیک لە هاوڕێیەتیدا، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی واتا دروست.

## (٢- ٣) دروستەی کردار:


کردار، زاراوەیەکە لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا بەکاردێت، یەکێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ئەو کەرەستەیە، کە لە کوردیدا لە کۆتاییدایە و "باسێک لە بارەی بکەرەوە ڕادەگەیەنێت. ئەو کەرەستەیەی ئەم ئەرکە دەبینێت، فرێزی کردارییە. کردار بەشێکی سەرەکیی ڕستەیە و دەورێکی گرنگیی لە دروستکردنی ڕستە لە زماندا هەیە و هیچ ڕستەیەکیش بێ کردار دروستنابێت". (فەرهادی: ٢٠١٣، ٣١)، ئەم کەرەستەیە پڕکەرەوەی چاڵێکی سەرەکیی ڕستەیە و ڕۆڵی لە پڕکردنەوەی چاڵەکانی تری ڕستەدا هەیە. ئاشنابوون بە کردار و ئەو ڕۆڵانەی لە ڕستەی زمانێکی دیاریکراودا هەیەتی، بە ڕێساکانی ئەو زمانە ئاشنامان دەکات، چونکە "ڕادەی زانینی زمانێک و بەکارهێنانی بە ڕەوانی، بەندە بە ڕادەی درککردنی چۆنیەتیی کارکردنی کردار و پەیوەندییەکانی لە سیستەمی ئەو زمانەدا". (ئەمین: ٢٠١٦، ٧).

چەندین پێناسە بۆ کردار کراون، یەکێک لەوانە: "نیشانەی ڕوودانی کردارێکە لە کاتێکی تایبەتیدا". (فەخری و موکریانی: ١٩٨٢، ١٠٨)، یان بەم شێوەیە ناسێنراوە: "بریتییە لەو کەرەستە سەرەکییەی ڕستە، کە سەرەی فرێزی کردارییە و ڕوودان و کاتی تێدایە". (خۆشناو: ٢٠٠٨، ٤٦)

لەلایەن شارەزایانی زمانەوە کردار لەڕووی دروستەوە بەشێوازی جیاواز و لەسەر بنەمای جیاواز دابەشکراوە، یەکێک لەو بنەما و پێوەرانە بۆ لێکۆڵینەوە لە دابەشکردنی کردار، (مۆرفیم)ە. "کردار، ئەو وشەیەیە، کە هەڵگری ئەم سێ تایبەتییەیە (ڕووداو، کات، کەس و ژمارە). هەر یەکێک لەمانە لە پێکهاتنی کرداردا، بەهۆی مۆرفیمێک (یان زیاتر)ەوە دەنوێنرێت، بۆ نموونە (ڕووداو) بەهۆی ڕەگی کردارەکانەوە دەردەبڕدرێت، کە واتای فەرهەنگیی کردارەکەی هەڵگرتووە و (کات و کەس و ژمارە) بەهۆی لاگری گەردانکردنەوە نیشاندەدرێت". (عول: ٢٠٠١، ١٩).

کردار لەڕووی واتاوە ڕووداوێک، یان بار و حاڵەتێک دەگەیەنێت بەگشتی ڕوودان و کات و کەس و ژمارەی تێدایە و سادەترین کردار لە زمانی کوردیدا لە سێ مۆرفیم کەمتر پێکنەهاتووە، بەڵام "لە هەندێ بارد‌ا دەکرێت مۆرفیمی کەس (جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک) دەرنەکەوێت. هەروەها لە کرداری (بوو)دا دەشێت ڕەگ و مۆرفیمی کاتی ئێستایش بسوێن و دەرنەکەون". (والی: ٢٠١٥، ٥٥).

دروستەی کردار ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و زۆرکردنی ژمارەی ناوی کرداریی لە زماندا هەیە، چونکە کردارە بنجییەکان لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر نییە، لەڕێی دروستەوە دەتوانرێت ئەو بۆشاییانە پڕبکرێنەوە. "کرداری بنەڕەتی بنەما و سەرچاوەی دارشتنی کرداری دارێژراو و لێکدراو، کە لە ڕێی مۆرفیمی سەربەستەوە جیادەکرێنەوە و سنووری نێوانیان دیاریدەکرێت". (عول: ٢٠٠١، ٢١)، (بڕوانە هێڵکاریی (١١)).




هێڵکاریی ژمارە (١١)

کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا، بەپێی دەروازە فەرهەنگییەکەی فرێزە پێویستییەکانی داوادەکات، بکەر بەپێی کەسی کردار و بەرکاریش بەپێی ڕەگەکەی دێنەناو ڕستەوە.

## (٢-٤) دەروازەی فەرهەنگیی کردار:

فەرهەنگ مۆدێلێکە، کەرەستە و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. سینتاکس یەکێکە لەو پێکهاتانەی، کە دەبێتە دەرخەری دیوی دەرەوەی زانیارییە فەرهەنگییەکان. دەروازەی زانیاریی توخمێکی ناو فەرهەنگ، دەبێتە هۆکار بۆ دروستکردنی دروستە سینتاکسییەکان، هەموو ئەو زانیارییانەش لای ئاخێوەری زمان بوونیان هەیە. "کردار وەک ئارگۆمێنت- داواکەر، چەند ئارگۆمێنت هەڵاوێردەکات و چ ڕۆڵێکی سیمانتیکیش دەدات". (سەعید: ٢٠٢٠، ٣٢)، کە لەگەڵ ئارگۆمێنتە - داواکراوەکانی، دەروازە فەرهەنگییەکەی دیاریدەکەن.

له ڕوانگەی دەروازەی فەرهەنگیی کردارەوە، دروستەی ڕستە، بریتیی دەبێت لە:

أ- فریزی ناویی بکەر+ ئارگومێنت داواکراو (فریزە پێویستەکانی) + ئارگومێنت داواکەر (کردار).

ب- فریزی ناویی بکەر + ئارگومێنت داواکەر (کردار).

کردار لە ڕوانگەی هێزەوە، دابەشدەبێت: بۆ (تێپەڕ) و (تێنەپەڕ)، مەبەست لە هێزی کردار ژمارەی ئەو فریزانەیە، کە کردارێک داوایاندەکات و پێویستێتی، بۆئەوەی لەگەڵیاندا ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتادار دابڕێژێت. (حسین: ٢٠٢١، ١٥) لەڕووی دروستەشەوە، کردارەکان دابەشدەبن بۆ: بنجی و نابنجی، نابنجیش دوو جۆرە: داڕێژراو و لێکدراو، هەروەها کردار بکەردیار و نادیاریشی هەیە.

یەکەم: تێنەپەڕ: ئەوانەن، کە لە ڕستەدا "تەنیا یەک بەشدار، بەشداریی ڕوودانی کردارەکە دەکات، ئەویش بکەرە". (محەمەد: ٢٠٠٨، ١١٤)، بکەر نادیاریشی لێ دروستناکرێت، تا نەکرێت بە تێپەڕ، بە واتایەکی تر تێنەپەڕ هێز و کاریگەرییەکەی لە فریزی ناویی بکەرەوە تێناپەڕێتە سەر هیچ فریزێکی تر، لەبەرئەوە بە تێنەپەڕ ناوزەددەکرێت. (بڕوانە: کەریم: ٢٠٠٤، ٤٢).

١- بنجی: ئەوانەن، کە لە فۆرمێکی سێ مۆرفیمی (ڕەگ + کات + کەس) پێکهاتوون و هیچ مۆرفیمێکی بەند، یان سەربەستی کردار داڕێژەریان لەگەڵدا نییە. (حسەین: ٢٠٢١، ١٥) وەکو: (هات، کەوت، مرد، ...هتد) لەڕووی پێویستیان بە جێکەوتەوە "کۆمەڵەی ئەم جۆرە کردارانە، یەک جێکەوتەیین، چونکە لە بکەر بەولاوە  پێویستیان بە کەرەستەی دیکە نییە، تا تەواویانبکات". (سەعید: ٢٠٠٩، ٥١) دەروازەی فەرهەنگییان بریتین لە: کردار، [فریزی ناوی].

(٥٠) نەخۆشەکە مرد.

(٥١) منداڵەکە گریا.

(٥٢) ئەو کەوت.

٢- نابنجی: ئەوانەن، کە بەهۆی مۆرفیمە بەند و سەربەستەکانەوە ئامادەدەکرێن:

أ- داڕێژراو: لە کردارە بنجییەکانەوە بە یاریدەی مۆرفیمە بەندەکان سازدەکرێن، لە فەرهەنگدا پێشگرەکانی (پێ، تێ، لێ)یان لەگەڵدایە. "ئەم وەچەپۆلەی کردار، فۆرمەکردارییەکانی وەک

(پێکەوت، تێچوو، لێهات، لێچوو، ...) دەگرێتەوە، کە لە ڕستەدا، جگە لە بکەر بۆ تەواوکردنی دروستە و واتای گوزارەکەیان پێویستیان بە کەرەستەی ئەدڤێربڵی هەیە". (عول: ٢٠٠٨، ٨١) دەروازەی فەرهەنگییان بەمجۆرەیە: کردار [فرێزی ناوی]، [فرێزی پریپۆزیشنی].

(٥٣) کوڕەکە لە باوکی دەچێت.

(٥٤) پارەی زۆر لە خانووەکە چوو.

(٥٥) بەردەکە بە ئۆتۆمبێلەکە کەوت.

هەندێکی تر لەو کردارانە، بەهۆی پێشگرەکانی (هەڵ، دا، ڕۆ، ...هتد) پێکدێن. وەکو: (هەڵچوو، ڕۆچوو، داتەپی، ...هتد)، یەک جێکەوتەیین، دەروازەی فەرهەنگییان بریتییە لە: کردار [فرێزی ناوی]، واتە تەنیا فرێزێکی ناوییان بۆ تەواوکردنی واتاکانیان پێویستە.

(٥٦) زەوییەکە ڕۆچوو.

(٥٧) کەپرەکە داتەپی.

(٥٨) شیرەکە هەڵچوو.

ب- لێکدراو: ئەوانەن، کە بەهۆی مۆرفیمی سەربەست لە کرداری بنجی سازدەکرێن و دوو پارچەی واتادارن، وەکو (گیانی دەرچوو، پەکی کەوت، ڕۆحی چوو، ...هتد)، ئەمانە "یەک جێکەوتەیین، چونکە تەواوکەرەکانیان بە بەشێک لە کردارەکە دەژمێردرێن". (سەعید: ٢٠٠٩، ٥١) دەروازە فەرهەنگییەکەیان بەمجۆرەیە: کردار [فرێزی ناوی].

(٥٩) پەکی ئۆتۆمبێلەکە کەوت.

(٦٠) ڕۆحی منداڵەکە چوو.

(٦١) گیانی نەخۆشەکە دەرچوو.

هەندێکی تریان دوو جێکەوتەیین وەکو (چاوی پێکەوت، خەوی لێکەوت، ...هتد)، دەروازە فەرهەنگییەکەیان بریتین لە: کردار [فرێزی ناوی]، [فرێزی پریپۆزیشنی]. (حسەین: ٢٠٢١، ١٦).

(٦٢) خوێندکارەکە چاوی بە مامۆستا کەوت.

(٦٣) ئاگر لە پووشەکە بەربوو.

(٦٤) خەو لە منداڵەکە کەوت.

دووەم: کرداری تێپەڕ: ئەوانەن، کە "لە ڕستەدا دوو توخم، یان زیاتر وەردەگرن، کە کاریگەریی لە بکەرەوە تێدەپەڕێتە سەر بەرکار، بۆ ئەوەی واتای ڕستە تەواوبکات، ئەو بکەرەی کردارەکە داوای دەکات، ئەرکی کردارەکەی دەکەوێتە سەر یەکێک، یان شتێک لە خۆی بەدەر، واتە دوو بۆشایی پڕدەکەنەوە، کە بکەر و بەرکارن". (محەمەد: ٢٠٠٨، ١١٥)، (مەلازادەیی: ٢٠١٣، ٧٨) بە واتایەکی تر، هێزی کردارەکە لە بکەرەوە تێدەپەڕێتە سەر بەرکار، بۆیە بە تێپەڕ ناودەبرێت. کردارە تێپەڕەکانیش دابەشدەبن بۆ:

١- بنجی: ئەوانەن، کە لە ڕەگی کردار و مۆرفیمە سینتاکسییەکانی کردار پێکهاتوون، مۆرفیمی بەند و سەربەستیان لەگەڵدا نییە، وەکو (فرۆشتی، نووسیی، خواردی، کڕیم، گرتم، خوێندمەوە، ...هتد)، ئەمجۆرە کردارانە، دوو فریزی ناوی  وەردەگرن، واتە تەنیا بە کەرەستەیەک واتای ڕستەکە تەواونابێت، دەروازەی فەرهەنگییان بەمجۆرەیە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی].

(٦٥) ئاریان گۆڤارەکە کڕیی.
(٦٦) من نامەکە خوێندمەوە.
(٦٧) ئاوێزە ڕۆمان نووسیی.

٢- نابنجی: ئەوانەن، کە لە کرداری بنجی سازدەکرێن بە یاریدەی مۆرفیمی بەند و سەربەست، بۆ داڕێژراو و لێکدراو دابەشدەبن:

أ- داڕێژراو: ئەوانەن، کە لە کردارە تێپەڕە بنجییەکان، بە یاریدەی  پێشگرەکانی (هەڵ_، دا_، ڕا_، ... هتد) سازبوون. وەکو (هەڵخست، داخست، ڕاخست، ...هتد)، دوو جێکەوتەیین، دەروازە فەرهەنگییەکانیان بریتین لە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی]. (حسەین: ٢٠٢١، ١٨).

(٦٨) ژنەکە جلەکان هەڵخستی.
(٦٩) ئەو دەرگاکە داخستی.
(٧٠) پۆلیس تاوانبارەکە هەڵبڕیی.

هەندێکی تر لەو کردارە داڕێژراوانە، بەهۆی پێشگرەکانی (پێ_، لێ_، تێ_) دروستدەبن، وەکو (پێیدا، پێیزانی، لێیسەند، تێیگرت، ...هتد)، ئەوجۆرە کردارانە داوای دوو جۆر تەواوکەر دەکەن، کە ناتوانین دەستبەرداری هیچ کامیان ببین، لەلایەکەوە پێویستیان بە بەرکارە، لەلایەکی ترەوە پێویستیان بەفریزێکی ئەدڤێربڵی هەیە. (بڕوانە: عول: ٢٠٠٨، ٦٧). دەروازەی فەرهەنگییان بەمجۆرەیە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی]، [فریزی پریپۆزیشنی].

(٧١) منداڵەکە بەرد لە ماڵەکە گرتی.

(٧٢) ئاسۆ گۆڤارەکە بە نەوزاد دای.

(٧٣) من تۆ بە زیرەک دەزانم.

ب- لێکدراو: ئەوانەن، کە بەهۆی مۆرفیمی سەربەستەوە دروستبوون، لە دوو پارچەی واتادار پێکهاتوون، وەکو: (سوێندیخوارد، هەڕەشەیکرد، هێرشیکرد، ... هتد)، ئەمجۆرە کردارانە دوو جێکەوتەیین، دەروازەی فەرهەنگییان بریتییە لە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی]. بەشی یەکەمی کردارەکانیان دەبنە بەرکار و یەکێکن لە دوو جێکەوتەکە. (حسەین: ٢٠٢١، ١٨).

(٧٤) پیاوەکە سوێند خواردی.

(٧٥) دوژمن هێرش کردی.

(٧٦) کوڕەکە هەڕەشە کردی.

هەندێکی تر لەو کردارە لێکدراوانە دوو جێکەوتەیین، وەکو (ئاویدا، پاکیکردەوە، بۆیەیکرد، ... هتد)، دەروازە فەرهەنگییەکەیان بەمجۆرەیە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی].

(٧٧) کرێکارەکە خانووەکە بۆیەکردی.

(٧٨) ئەو باخچەکە ئاودای.

(٧٩) نازەنین ژوورەکە پاکیکردەوە.

هەندێک لەو کردارە لێکدراوانەش، سێ جێکەوتەیین، دەروازە فەرهەنگییەکانیان بریتین لە: کردار [فریزی ناوی]، [فریزی ناوی]، [فریزی پریپۆزیشنی]، ئەم کردارانە بە تێپەڕی ئاڵۆز ناودەبرێن. (بڕوانە: عول: ٢٠٠٨، ٧٠-٧١) وەکو (ئەژماریکرد، لەقەڵەمیدا، لەجوڵەیخست، ...هتد).

(٨٠) تۆ ئەو بە زانا لە قەڵەم دات.

(٨١) من شاهۆ لە ڕیزی سەرکەوتووانداا ئەژمارکردم.

(٨٢) ئەو ئۆتۆمبێلەکە لە جوڵەخستی.

## (٢- ٥) ڕۆڵە واتاییەکان:

پێدانی ڕۆڵە واتاییەکان بە ئارگۆمێنتەکان لەلایەن کردارەوە، پەیوەستە بە گونجانی سیما واتاییەکانیان، کە دەبێت، سیما واتاکانیان لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون، ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە، وەرگرتنی ئەو ڕۆڵە واتاییانەیە لەلایەن ئارگۆمێنتەکانەوە، کە جێکەوتەکانیان پێ پڕدەکرێنەوە،

جێکەوتەی بکەریی، کە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی ناودەبرێت، لەلایەن فرێزی کرداریی (VP) ەوە ڕۆڵی واتایی پێدەدرێت و جێکەوتەی بەرکاریی، کە بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی دادەنرێت، لەلایەن ڕەگی کردار (V) ەوە ڕۆڵەکانی پێدەبەخشرێت، پرۆسەی بەخشینی ئەم ڕۆڵە واتاییانەش لە ئاستی قووڵدا جێبەجێدەکرێن.

## (٢-٥- ١) ڕۆڵە واتاییەکانی بکەر:

بکەر یەکەم ئەرکی سینتاکسییە، بەشێوەیەکی گشتی، کردەی کردار جێبەجێدەکات، لە شیکردنەوەی ڕستەدا دوو جۆر بکەر هەیە، کە (ڕێزمانی و لۆژیکی)ن.

أ- ڕێزمانی: دەکەوێتە سەرەتای ڕستە لە کوردیدا، کردار باسێکی لە بارەوە ڕادەگەیەنێت، لە کەس و ژمارەدا، لەگەڵ کرداردا ڕێکدەکەوێت. (فەرهادی: ٢٠١٣، ٢٢) جێکەوتەی بکەریی لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە.

(٨٣) ئۆتۆمبێلەکە سووتا.

(٨٤) خانووەکە ڕووخا.

ب- لۆژیکی: بریتییە لە بکەری ڕاستەقینەی ڕستە، بەوە دەناسرێت، کە توانای ئەنجامدانی کارێکی هەیە. (ئەحمەد: ٢٠١١، ٦٤)، کە بە ویست و ئارەزوی خۆی کردەکە ئەنجامدەدات، جێکەوتەی بکەریی پڕدەکاتەوە، هەموو بکەرێکی لۆژیکی بکەری ڕێزمانیشە.

(٨٥) ئارام ئۆتۆمبێلەکەی سووتاند.

(٨٦) کرێکارەکە خانووەکەی ڕووخاند.

بکەر لە دروستەی ڕستەدا، ئەم ڕۆڵە واتاییانەی پێدەدرێت:

١- کارا Agent : ڕۆڵێکی واتایی زیندووە، "کە بە کارێک هەڵدەستێت، یان ڕووداوێک دەنێتەوە و بە ئەنجامی دەگەیەنێت". (سەعید: ٢٠٠٩، ١٩) ئەم ڕۆڵە واتاییە، سیما بنەڕەتییەکانی [+ N، + زیندوو، + هێز، + مەبەست] هەڵدەگرێت. (قادر: ٢٠٠٩، ١٢٣) بەگشتی (کارا) چەند جۆرێکی هەیە، دەکرێت ڕۆڵە واتاییەکەی (ئەنجامدەر) بێت، کە جێبەجێکەری کردارەکەیە. (دزەیی: ٢٠١٥، ١٠١).

(٨٧) جوتیارەکە زەوییەکە کێڵای.

(٨٨) نەوزاد ڕۆمانەکە دەنووسێت.

(٨٩) منداڵەکە نانەکە خواردی.

لەم ڕستانەدا، (جوتیارەکە، نەوزاد، منداڵەکە) فرێزی ناویی بکەرن، ڕۆڵی واتایی (کارا)یان لە جۆری (ئەنجامدەر)، پێدراون، سیمای بنەڕەتییان، زیندوون، توانای ئەنجامدانی کردەی کردارەکانیان هەیە، هەروەها مەبەستیینە، کردارەکە بەئەنجامبگەیەنن (ئەنجامدەر)ن، یان دەتوانن مەبەستەکەیان بگۆڕن و کردارەکە بەئەنجامنەگەیەنن (ئەنجامنەدەر)بن.

(٩٠) جوتیارەکە زەوییەکە نەکێڵای.

(٩١) نەوزاد ڕۆمانەکە نانوسێت.

(٩٢) منداڵەکە نانەکە نەخواردی.

هەندێک لە کردارە تێنەپەڕەکان، ڕۆڵی واتایی (کارا) بە فرێزی ناویی بکەرەکانیان دەدەن، ئەو کردارانە، بکەرەکانیان ڕێزمانی و لۆجیکین.

(٩٣) أ- منداڵەکە نووست.

ب- منداڵەکە نەنووست.

(٩٤) أ- ئاری هات.

ب- ئاری نەهات.

لەم ڕستانەدا، (منداڵەکە، ئاری)، فرێزی ناویی بکەرن، ڕۆڵی واتایی (کارا)یان هەیە، لەو کردارانەی ئەرێن ڕۆڵی واتایی (ئەنجامدەر) و لەوانەی نەرێن، ڕۆڵی واتایی (ئەنجامنەدەر)یان پێدراوە، بەڵام هەندێک لە تێنەپەڕەکان، کە بەهۆی پاشگری (اند)ەوە بۆ تێپەڕ دەگۆڕێن، وەکو (ڕووخا، شکا، کوڵا، دڕا، باری، پسا، خورا، ...هتد)، "لە توانایاندا نییە، (کارا) بە بێ پاشگری (اند) یەکسەر هەڵبژێرن، بەڵام کاتێک ئەم پاشگرە دەچێتەسەر ئەم کردارانە، توانای ئەوەیان دەداتێ، کە (کارا) هەڵبژێرن". (سەعید: ٢٠٠٩، ٢٠).

(٩٥) کرێکارەکە خانووەکە ڕوخاندی.

(٩٦) منداڵەکە شوشەکە شکاندی.

(٩٧) نەسرین شیرەکە کوڵاندی.

لەم ڕستانەدا، فرێزی ناویی بکەریی (کرێکارەکە، منداڵەکە، نەسرین)، ڕۆڵی واتایی (کارا)یان پێدراون، کردارەکانی (ڕوخاندی، شکاندی، کوڵاندی)، بەهۆی پاشگری (اند) کراون بە تێپەڕ.

دەکرێت بکەر ڕۆڵی واتایی (سەرپەرشتیار)ی پێبدرێت، چونکە "هەندێک جار کارا کەسێکی سەرپەرشتیار دەبێت و لە ڕێگەیەوە ڕووداو جێبەجێدەکات". (حسەین: ٢٠٢٢، ١٣٧).

(٩٨) ئەندازیارەکە قوتابخانەکە دروستکردی.

لە (٩٨)دا، فرێزی ناویی بکەری (ئەندازیارەکە)، ڕۆڵی واتایی (کارا)ی لە جۆری (سەرپەرشتیار)ی پێدراوە، چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە قوتابخانەکە دروستکراوە و ئەندازیارەکە تەنیا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بینیوە. واتە دەستی لە ئەنجامدانی کارەکەدا هەیە.

لە ڕستەیەکدا دەگونجێت، فرێزە ناوییە بکەرەکە، "هۆی ئەنجامدانی کردارێک بێت و خۆی ئەنجامی نەدابێت" (سەعید: ٢٠٠٩، ٢٠)، بەڵکو فرێزە ناوییە بکەرەکە "بە هۆی یەکێکی ترەوە، ئەم کردارەی ئەنجامداوە، دروستبوونی ئەم جۆرە کۆزەتیڤە دەگەڕێتەوە بۆ زیادکردنی کارایەکی تر". (عومەر: ٢٠١٤، ٢٨).

(٩٩) جوتیارەکە زەوییەکە بە نەوزاد کێڵای.

(١٠٠) دارا پیاوەکە بە بارام کوشتی.

(١٠١) مامۆستا وانەکە بە نەسرین نووسیی.

لەم ڕستانەدا، هەر یەکە لە (جوتیارەکە، دارا، مامۆستا)، ڕۆڵی واتایی (کارا)یان پێدراوە، هەرچەندە بکەرەکانیان خۆیان کردارەکانیان ئەنجام نەداون، بەڵام هەریەکەیان بوون بە هۆکار بۆ ڕوودانی کردەی کردارەکان.

٢- کارتێکراوPatient: کەسێکە، یان شتێکە، کە بەهۆی کردەیەکەوە کاریتێدەکرێت. (محەمەد: ٢٠٠٩، ٩٦) ئەم ڕۆڵە واتاییە لەلایەن ئەو کردارە تێنەپەڕانەوە، کە بکەرەکانیان ڕێزمانین، یان لەلایەن ئەو کردارە تێپەڕانەوە، کە بکەرەکانیان نادیارن، بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێت، کە ئەو فرێزانە بۆشایی بکەریان پڕکردووەتەوە، بەڵام بەویست و ئارەزووی خۆیان کارەکەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو ڕوودانی کارەکە بەسەر ئەواندا ئەنجامدراوە.

(١٠٢) نەخۆشەکە مرد.

(١٠٣) گۆشتەکە کوڵا.

(١٠٤) پیاوەکە کوژرا.

دەکرێت بەهۆی ئەو کارتێکردنەوە، کارتێکراوەکە زیانی بەربکەوێت، واتە (زیانبەرکەوتوو)بێت، کە جۆرێکی کارتێکراوە. (بۆ جۆرەکانی کارتێکراو سوودم لە: حسەین: ٢٠٢٢، ٦ وەرگرتووە).

(١٠٥) کەپرەکە ڕووخا.

(١٠٦) پەنجەرەکە شکا.

(١٠٧) مەشکەکە دڕا.

فرێزە ناوییەکانی (کەپرەکە، پەنجەرەکە، مەشکەکە) بکەری ڕێزمانیین، لەڕووی سینتاکسییەوە چاڵی بکەریان پڕکردووەتەوە، ڕۆڵی (کارتێکراو)یان لە جۆری (زیانبەرکەوتوو) پێدراوە. دەکرێت ڕۆڵی واتایی کارتێکراوەکە لە جۆری (سوودمەند)بێت، کە بکەر وەریدەگرێت.

(١٠٨) خوێندکارەکە خەڵاتکرا.

(١٠٩) منداڵەکان بۆ سەیران بران.

(١١٠) نازەنین بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشتکرا.

لەم ڕستانەدا، فرێزە ناوییەکانی (خوێندکارەکە، منداڵەکان، نازەنین)، بکەری ڕێزمانین، ڕۆڵی کارتێکراویان لە جۆری (سوودمەند) پێدراون، کە کردارەکانیان بکەرنادیارن. دەگونجێت، ڕۆڵی واتایی کارتێکراوەکە، (بەرهەم)بێت، کە بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێت.

(١١١) پردەکە دروستکرا.

(١١٢) ڕۆمانەکە نووسرا.

(١١٣) پرۆژەکە تەواوکرا.

هەریەکە لە بکەرە ڕێزمانییەکانی (پردەکە، ڕۆمانەکە، پرۆژەکە)، لە ڕستەکانیاندا، ڕۆڵی کارتێکراوی (بەرهەم)یان پێدراون.

٣- ئامێرInstrument: ئەو فرێزە ناوییانەن، کە بێگیانن و لە جۆری ئامرازن، بۆ ڕوودانی کردارەکە بەکارهاتوون. (دزەیی: ٢٠١٥، ١٠٢).

(١١٤) کلیلەکە قفڵەکە کردییەوە.

(١١٥) بەردەکە سەری منداڵەکە شکاندی.

(١١٦) چەقۆکە دەستی ژنەکە بڕیی.

هەریەکە لە (کلیلەکە، بەردەکە، چەقۆکە)، فرێزی ناویی بکەرن، ڕۆڵی (ئامێر)یان پێدراون، سیمای نازیندوویان هەن، بکەری ڕێزمانین وچاڵی بکەریان پڕکردووەتەوە.

٤- هێز Force: یەکێکی ترە لەو ڕۆڵە واتاییانەی، بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێت، "کە هێزێکی سروشتییە دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەک". (قادر: ٢٠٠٩، ١٢٧) بەهۆی ئەو هێزە سروشتییەوە ڕووداوێک ڕوودەدات، وەکو (لافاو، ڕەشەبا، بوومەلەرزە، ...هتد)، ئەم ڕۆڵە واتاییە، بە (هۆکاری دەرەکی)ش ناودەبرێت. (بڕوانە: عومەر: ٢٠١٤، ٨٦).

(١١٧) لافاو پردەکە ڕووخاندی.
(١١٨) ڕەشەبا درەختەکە شکاندی.
(١١٩) بوومەلەرزە شارەکە وێران کردی.

لەم ڕستانەدا، فرێزە ناوییە بکەرییەکانی (لافاو، ڕەشەبا، بوومەلەرزە)، ڕۆڵی واتایی (هێز)یان پێدراوە، چونکە ئەو هێزە سروشتییانە، ڕووداوەکانیان دروستکردووە.

٥- ئەزمونکار Experiencer: ئەمجۆرە لە ڕۆڵی واتایی فرێزی ناویی بکەر، "تایبەتمەندیی ئەو کەسە دەردەخات، کە خاوەن هەست و درکپێکردنە". (دزەیی: ٢٠١٥، ١٠٢).

(١٢٠) دیاکۆ دڵتەنگە.
(١٢١) فریشتە دڵخۆشە.
(١٢٢) ئاسۆ غەمبارە.

٦- باس Theme: ئەم ڕۆڵە واتایە لە ڕستەدا زانیارییەک دەربارەی فرێزی ناوی دەخاتەڕوو، بەهۆی گوزارەیەکیشەوە، گوزارشتی لێدەکرێت، گۆڕینی باری تێدا نییە و هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات. (بۆ ئەم ڕۆڵە واتاییە سوودم لە: قادر: ٢٠٠٩، ١٢٤ وەرگرتووە).

(١٢٣) باخچەکە گەورەیە.
(١٢٤) هێز لە یەکێتیدایە.
(١٢٥) هەواڵەکە ئاشکرایە.

٧- هەستیارSensitive: ئەم ڕۆڵە واتاییە، بە فرێزی ناویی بکەر دەدرێت، لەلایەن ئەو کردارانەوە، "کە هەست و بیر و ناسینەوە و پەیبردن و بۆچوون دەردەبڕن و لە ڕێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێن، کردارەکانی وەک (باوەڕدەکا، دەزانێ، هەستدەکا، ...هتد) لەو کردارە بڵاوانەن، کە لەگەڵ ئەم کردەیەدا دێن". (فەرهادی: ٢٠٠٨، ٦٦) بکەر لەم ڕۆڵە واتاییەدا، ئەوەی کە پەیپێدەبات، یان وەک ڕاستییەک دەریدەبڕێت، یان باوەڕیپێدەکات، (دیاردە)یە.

(١٢٦) تۆ ئەوان بە بلیمەت دەزانیت.

(١٢٧) من هەستدەکەم، کە تۆ نەخۆشیت.

(١٢٨) ئێمە لەو باوەڕەداین، کە ئەوان ئەمساڵ دەردەچن.

٨- گۆڕان Change: ڕۆڵی واتایی "ئەو فریزە ناوییە بکەرانەن، کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، یان دێت". (حسەین: ٢٠٢٢، ١٣٩)، کرداری (بوو) لە ڕستەکانیاندا ئەم ڕۆڵە واتاییە بە فریزی ناویی بکەر دەدات.

(١٢٩) شاناز بوو بە مامۆستا.

(١٣٠) سەهۆڵەکە بوو بە ئاو.

(١٣١) ئەو بوو بە ئەندازیار.

لەم ڕستانەدا، فریزە ناوییەکانی (شاناز، سەهۆڵەکە، ئەو)، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر گۆڕاون، یان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، ڕۆڵی واتایی (گۆڕان)یان پێدراوە.

٩- ڕەوشتکار Behavior: ڕۆڵی واتایی ئەو فریزە ناوییانەن، کە لە ڕستەکانیاندا، بکەرەکە دەسەڵاتی بەسەر کردەکەدا ناشکێت. (فەرهادی: ٢٠٠٨، ٦٨- ٦٩) بە واتاییەکی تر بکەر کردارەکە بە بێ ویستی خۆی ئەنجامدەدات، وەکو (هەناسەیدا، بورایەوە، ڕشایەوە، کۆکیی، پژمیی، ....هتد).

(١٣٢) ژنەکە بورایەوە.

(١٣٣) منداڵەکە ڕشایەوە.

(١٣٤) نەخۆشەکە هەناسەدەدات.

١٠- ئارا Existence: فریزی ناویی بکەر، ڕۆڵی واتایی (ئارا)ی دەبێت، ئەوە دەگەیەنێت، کەسەکە، یان شتەکە لەئارادایە و هەیە، فریزە ناوییەکە کەس، یان شت بێت، کردارەکە، (بوو)ە، لە شێوەی داڕێژراویدا، بەهۆی پێشگری (هە)وە، بۆ کاتی ئێستا دروستبووە.

(١٣٥) ئێوە هەن.

(١٣٦) ئەو خانووی هەیە.

## (٢-٥- ٢) ڕۆڵە واتاییەکانی بەرکار:

بەرکار بە دووەم ئەرکی سینتاکسیی دادەنرێت، کە لە دوای بکەر دێت و لەلایەن کردارەوە (ڕەگی کردار) ڕۆڵە واتاییەکانی پێدەدرێت، بەرکار "ئەو کەرەستەیەیە لەناو ڕستەدا، کە لەژێر کاریگەریی کردەی کرداردایە، ئەگەر ئەو کەرەستەیە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی کرداردا بێت، ئەوا پێیدەوترێت بەرکاری ڕاستەوخۆ، کە خۆی لە دووەم فرێزی ناویی ڕستەدا دەنوێنێت، کەرەستەیەکی سەرەکیی ئەو ڕستانەیە، کە کردارەکانیان تێپەڕن". (فەرهادی: ٢٠١٣، ٢٣).

دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو جۆر بەرکاردا بکرێت، کە ئەمانەن:

أ- بەرکاری واتایی (سیمانتیکی): بەو فرێزە ناوییانە دەگوترێت، کە "ڕۆڵی واتایی کارتێکراویان هەیە، واتە کاریگەریی ڕوودانی کرداریان دەکەوێتەسەر، لە ڕێزمان و دنیای دەرەوە (لۆجیک)دا بەرکارن". (حسەین: ٢٠٢٢، ١٣٩).

(١٣٧) خوێندکارەکە وانەکە نووسیی.

(١٣٨) ئارمەند نان خواردی.

(١٣٩) ئەو خانوو دەفرۆشێت.

لەم ڕستانەدا، فرێزە ناوییەکانی (وانەکە، نان، خانوو)، جێکەوتەی بەرکاریان پڕکردووەتەوە، بەرکاری واتایین، لەژێر هەژموونی کرداردا، ڕۆڵی واتایی کارتێکراویان پێدراوە.

ب- بەرکاری ڕێزمانی (سینتاکسی): بەو فرێزە ناوییانە پێناسەدەکرێن، کە چاڵی بەرکاری واتاییان پڕکردووەتەوە، بەڵام کاریگەریی کردەی کرداریان ناکەوێتەسەر. "ئەو کەرەستەیە دەبێتە بکەری (لۆجیک)، یان بەرکاری ڕێزمانی". (بڕوانە: عومەر: ٢٠١٤، ٨٥)، ئەم بەرکارانە، لەگەڵ کردارە تێپەڕەکانی (بینی، بیستی، ....هتد)دا دێن.

(١٤٠) من تۆ بینیم.

(١٤١) دایکەکە گریانی منداڵەکە بیستی.

(١٤٢) ئارام ئاکۆ ناسیی.

فرێزی ناویی (من، دایکەکە، ئارام) بکەری ڕێزمانیین، چونکە چاڵی بکەریان پڕکردووەتەوە، فرێزەکانی (تۆ، گریانی منداڵەکە، ئاکۆ)، چاڵی بەرکاریان پڕکردووەتەوە، بەرکاری ڕێزمانیین.

فرێزی ناویی بەرکار، چەند ڕۆڵێکی واتایی پێدەدرێت، لەوانە:

١- کارتێکراوPatient: ئەو ڕۆڵە واتاییەیە، کە بە بەرکار دەدرێت، بەرکار "کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کردار و گۆڕانی بەسەردا هاتووە". (دزەیی: ٢٠١٥، ١٠٤) کاریگەریی کردار دەکرێت، ئەرێنی، یان نەرێنی بێت.

(١٤٣) ئاکۆ ئۆتۆمبێلەکە سوتاندی.

(١٤٤) ئەو پەنجەرەکە شکاندی.

(١٤٥) منداڵەکە پەرتووکەکە دڕاندی.

لەم سێ ڕستەیەدا، (ئۆتۆمبێلەکە، پەنجەرەکە، پەرتووکەکە)، بەرکاری ڕستەکانن، ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)یان لە جۆری (زیانبەرکەوتوو) پێدراون، لێرەدا کردارەکان کاریگەریی نەرێنییان لەسەر بەرکارەکان دروستکردووە، یان بە پێچەوانەوە، دەکرێت کردارەکە کاریگەریی ئەرێنی دروستبکات، کە بەهۆیەوە (بەرهەم)ێک دێتەئاراوە و بەرکار ڕۆڵی واتایی (بەرهەم)ی پێدەدرێت.

(١٤٦) کرێکارەکە خانووەکە دروستکردی.

(١٤٧) شازیار چیرۆکێک نووسیی.

(١٤٨) کچەکە کڵاوەکە چنیی.

لەم ڕستانەدا، فرێزی ناویی بەرکاری (خانووەکە، چیرۆکێک، کڵاوەکە)، ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)یان لە جۆری (بەرهەم) پێدراون. هەروەها دەگونجێت، جۆری (کارتێکراو) نە زیانبەرکەوتوو بێت و نە بەرهەم، بەڵکو بە کاریگەریی کردار، گۆڕان بەسەر بەرکاردا هاتبێت، چونکە "ڕوودانی هەندێک کردار، گۆڕانکاریی بەسەر بەرکاردا دەهێنێت". (حسەین: ٢٠٢٢، ١٣٩)، بەرکارەکە ڕۆڵی واتایی (کارتێکراو)ی لە جۆری (گۆڕاو) پێدەدرێت.

(١٤٩) کچەکە کراسەکە شتی.

(١٥٠) شاکار خانووەکە بۆیە کردی.

(١٥١) ئەو ژوورەکە پاککردییەوە.

هەریەکە لەم بەرکارانە، (کراسەکە، خانووەکە، ژوورەکە)، ڕۆڵی واتایی (گۆڕاو)یان پێدراون، چونکە لە ڕووی پاکوخاوێنی و جوانیی و ڕووکارەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتوون.

٢- باس Theme: لەم ڕۆڵە واتاییەدا "(بەرکار) بەزۆری بابەتێکی بێلایەن هەڵدەبژێرێت و ئەرکی واتایی (تەوەرە) دەبینێت". (دزەیی: ٢٠١٥، ١٠٣) بارودۆخی بەرکارەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت، پێش کردەی کردارەکە و دوای کردەش، هەمان بارودۆخی دەبێت.

(١٥٢) ئاشتی باخچەکە بینیی.
(١٥٣) ئەو ئۆتۆمبێلەکە فرۆشتی.
(١٥٤) من کتێب دەخوێنمەوە.

لەم ڕستانەدا، (باخچەکە، ئۆتۆمبێلەکە، کتێب)، فرێزی ناویی بەرکارن، ڕۆڵی واتایی (باس)یان پێدراون، چونکە تەنیا باسێکن لە ڕستەکاندا و بارودۆخەکانیان گۆڕانیان بەسەردا نەهاتوون.

٣- کارا Agent: ڕۆڵی واتایی (کارا) بە فرێزی ناویی بەرکار دەدرێت، چونکە کاریگەریی لەسەر بکەرەکان دادەنێن. بەرکارە ڕێزمانییەکان ئەم ڕۆڵە واتاییەیان دەبێت. (حسەین: ٢٠٢٢، ١٣٩).

(١٥٥) تۆ دەنگی ئەو بیستت.
(١٥٦) ژنەکە منداڵەکە ناسیی.
(١٥٧) پزیشکەکە نەخۆشەکە بینیی.

لەم سێ ڕستەیەدا، هەریەکە لە (دەنگی ئەو، منداڵەکە، نەخۆشەکە)، لە ڕستەکاندا، ڕۆڵی واتایی (کارا)یان پێدراون. هەروەها (تۆ، ژنەکە، پزیشکەکە)، بکەری ڕێزمانیین، ڕۆڵی (کارتێکراو)یان دراوەتێ، بەڵام لە لۆجیکدا بەرکارن.

٤- وەرگیراو Recipient: لەم ڕۆڵە واتاییەدا دەگونجێت، بەرکارەکە کەرەستەیەک، یان شتێک بێت و لەلایەن بکەرەوە بەخشرابێت. (بۆ ئەم ڕۆڵە واتاییە سوودم لە: دزەیی: ٢٠١٥، ١٠٥ وەرگرتووە).

(١٥٨) ئاسۆ خوێن بە نەخۆشەکە بەخشیی.
(١٥٩) مامۆستا کتێبەکە پێشکەشی خوێندکارەکە کردی.
(١٦٠) ئەو پارە بە هەژارەکە دای.

لەم ڕستانەدا، هەریەکە لە فرێزە ناوییەکانی (خوێن، کتێبەکە، پارە)، بەرکارن، ڕۆڵی واتایی (وەرگیراو)یان پێدراون.

٥- سوودمەند Beneficiary: ڕۆڵێکی واتایی زیندووە، "بەو فریزە ناوییە بەرکارانە دەدرێت، کە لە ڕوودانی کارێک سوودمەند دەبن". (حسەین: ٢٠٢٢، ١٤٠).

(١٦١) باوکەکە منداڵەکان بۆ سەیران بردی.

(١٦٢) مامۆستا خوێندکارەکە خەڵات کردی.

(١٦٣) زانا کامەران بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کردی.

لەم ڕستانەدا، فریزە ناوییە بەرکارییەکانی (منداڵەکان، خوێندکارەکە، کامەران)، ڕۆڵی واتایی (سوودمەند)یان پێدراون، چونکە لە ئەنجامی ڕوودانی کردارەکان سوودمەندبوون.

## (٢- ٦) دروستەی فریزەکانی کردار بە پێی تیۆری (x- bar):


دروستەی فریزە داواکراوەکانی کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا، بەپێی تیۆری (x-bar) دادەڕێژرێن، "لەبەرئەوە بە تیۆری دروستەی فریز و داڕێژەری دروستەی قووڵ و ڕووکەش و فۆرمە لۆجیکییەکان دادەنرێت". (حسەین: ٢٠٠٩، ٥٥) فریزی کرداری یەکێکە لە فریزە گرنگ و سەرەکییەکانی ناو ڕستە، چونکە کردار خۆی سەری ڕێزمانیی فریزی کردارییە. لە ئاستی قووڵدا دروستەی فریزەکانی کردار، بەپێی ویستە فەرهەنگییەکەی جۆری کردارەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، چونکە "هەموو فریزە کردارییەکان دروستەیەکی ئارگۆمێنتی خۆیان هەیە و بەهۆی ئەو ئارگۆمێنتانەوە دیاریدەکرێن، کە کردارەکان داوایاندەکەن و پێویستیان پێیان هەیە، واتە ئارگۆمێنتەکان بەشداریکەرن و هاوبەشی لەبارێک، یان چالاکییەکدا دەکەن، کە بەهۆی کردارێکەوە دەردەبڕرێن". (Hageman: 1998, 43).

کردار بەپێی سیما واتاییەکانی، داوای فریزەکان دەکات، کە بەپێی یاساکانی (x-bar) دروستبوون، لێرەدا چەند کردارێک بە نموونە وەردەگرین و دروستەی فریزە داواکراوەکانیان شیدەکەینەوە:

١- هەندێک کردار دروستەی فریزە داواکراوەکانی، تەنیا لە (سەر)، یان لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکدێن و جێکەوتەی بکەریی پڕدەکەنەوە. وەکو (چووØ، هاتØ، ڕۆیشتØ، بردی، هێنای، ...هتد) ئەمانە بە سروشتی خۆیان داوای شوێن دەکەن، چونکە چەمکی گواستنەوەیان تێدایە. (بڕوانە (١٦٤، ١٦٥) و هێڵکاریی (١٢)).

(١٦٤) من چووم بۆ بازاڕ.

(١٦٥) ئەو ڕۆیشت بۆ دهۆک.





هێڵکاریی ژمارە (١٢)

لە ڕستەی (١٦٤) و (١٦٥) دا، فرێزی بکەریی تەنیا لە (سەر) پێکهاتووە. دەکرێت، دروستەی بکەرەکانیان (سەر) و (تەواوکەر)بن، واتە فرێزەکانیان خستنەپاڵی بن. وەکو لە (١٦٦، ١٦٧ و هێڵکاریی (١٣)دا ڕوونکراوەتەوە.

(١٦٦) هاوڕێکەی من چوو بۆ سەیران.

(١٦٧) باوکی نەوزاد ڕۆیشت بۆ دهۆک.





هێڵکاریی ژمارە (١٣)

٢- هەندێک کرداری لێکدراو، کەرتی یەکەمیان لە شێوەی فرێزی خستنەپاڵیدا دەبێتە بکەر، دروستەکانیان بریتیین لە: (سەر) و (تەواوکەر)، وەکو (ڕۆحیچوو، پەکیکەوت، ....هتد). (فەخری و موکریانی: ١٩٨٢، ١٥٠)، (بڕوانە (١٦٨، ١٦٩) و هێڵکاریی (١٤)).

(١٦٨) ڕۆحی من چوو.

(١٦٩) پەکی نەخۆشەکە کەوت.





هێڵکاریی ژمارە (١٤)

بکەری ئەو ڕستانەی سەرەوە، لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکهاتوون، ناتوانرێت تەنیا یەک وشە بێت، واتا فرێزەکانیان بە تەنیا لە (سەر) دروستنابن، بەڵکو پێویستیان بە (تەواوکەر) هەیە.


٣- کرداری (بوو)، دەکرێت دروستەی بکەرەکانیان تەنیا (سەر) بن، یان (سەر) و (تەواوکەر) بن. لە (١٧٠) و (١٧١) و هێڵکاریی (١٥) و (١٦) ڕوونکراوەتەوە.

(١٧٠) من لە هەولێربووم.




هێڵکاریی ژمارە (١٥)

(١٧١) ماڵی ئێمه له هەولێره.





هێڵکاریی ژماره (١٦)

له ڕستەی (١٧١)دا، دروستەی فرێزه بکەرییەکەی  له (سەر) و (تەواوکەر) پێکهاتووه، به تەنیا له (سەر) دروستنابێت.

٤- هەندێک کرداری تر هەن، دروستەی فرێزه بەرکارییەکانیان، له شێوەی خستنەپاڵیدا دەبن، کەرتی یەکەمیان دەبنه (دیاریکار) وەکو (چاوی نوقاند، یاری کرد، سەری شکاند، ...هتد). (عەلی: ٢٠١٤، ٢٢٠) له (١٧٢، ١٧٣) و هێڵکاریی (١٧)دا نیشاندراون.

(١٧٢) نەخۆشەکە چاوی چەپی نوقاند.

(١٧٣) ئەو سەری منداڵەکەی شکاند.




هێڵکاریی ژمارە (١٧)

ئەم ڕستانەی سەرەوە، دروستەی فرێزی بکەرەکانیان لە (سەر) و بەرکارەکانیان لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکهاتوون.

# بەشــی سـێیەم
# هەژموونــی کردار لە ئاستی ڕووکەشــی ڕستەدا

# بەشی سێیەم

# هەژموونی کردار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا

## (٣-١) سەرەتا:

یەکەم بەرهەمی سینتاکسی لە ئاستی قووڵەوە بنیاددەنرێت، پاشان بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکی تایبەتیی گواستنەوەوە بۆ ئاستی ڕووکەش دەگوازرێتەوە، لە گواستنەوەشدا "هەر زمانێک دەستەیەک یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە ڕستەکانی لە بنجەوە بۆ سیما دەگوێزێتەوە، پێیان دەوترێت یاساکانی گواستنەوە، لەم گواستنەوەیەدا، دانەی ڕێزمانی هەیە دەقرتێنرێت، هەیە زیاد دەکرێت، هەیە ئاڵوگۆڕ دەکرێت، هەیە دەگۆڕێت، ....هتد". (ئەمین: ٢٠٠٩، ٢٤١).

گواستنەوە کردەی گۆڕینی ڕستەیەک بە فۆرمێکی ترە، لەبەرئەوە فۆرمی ڕستەکە دەگۆڕێت. شوێنی بکەر و بەرکار بەپێی ویستی قسەکەر دەشێت بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی واتای ڕستە گۆڕانی بەسەردابێت، بەڵام هەندێک جاریش دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا. "یاساکانی گواستنەوە بەگشتی، گۆڕانکاریی لە ئەرکە سینتاکسییەکانی ڕەگەزەکانی ڕستەدا ناکەن و واتا و بیر ناگۆڕن و جۆرە ڕیزبوونێکی ئازاد بە کەرەستەکانی ڕستە دەبەخشن، کە دەبنە هۆی ئەوەی ڕستەیەک زیاتر لە شێوەیەکی دەربڕینی هەبێت، بەمەیش ئاسانکاری لە شێوەی ئاخاوتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوودەدات و قسەکەر بە ویست و ئارەزووی خۆی، دەتوانێت جەخت لەسەر هەر کەرەستەیەکی ڕستە بکات". (حسەین: ٢٠١٢، ٢٣٠).

یاساکانی گواستنەوە، بەشێوەیەکی گشتی، کۆمەڵێک کردەی گواستنەوەن بەشداری لە بەرهەمهێنانی ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا دەکەن، "زۆربەی ڕستەکان لە ڕێگەی زیاتر لە گواستنەوەیەکەوە بۆ ئاستی ڕووکەش دەگوێزرێنەوە". (کەمال: ٢٠٠٢، ٥٨) کردار ڕۆڵی گرنگی لە گواستنەوەکاندا هەیە، کە هەژموونی کردار بەسەر کەرەستەکانی تردا نیشاندەدات. لەم ئاستەدا، هەژموونێکی تری کردار دۆخی ڕێزمانییە، کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە تەواوکەرەکانی دەبەخشێت، هەروەها فراوانکردنی ڕستە و دروستەی مۆرفۆسینتاکس و گواستنەوەی باسمەند، هەموو ئەو کردانە، دەسەڵات و هەژموونی کردار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا نیشاندەدەن.

## (٣-٢) ئاستی ڕووکەش:

دووەم ئاستی دروستەی ڕستەیە و قۆناغی کۆتایی دروستەکەیە، کە لە ئاستی قووڵەوە دوای جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوەوە بەرهەمدێت. ئەم ئاستە، "شێوەی دەرەوە و بەرچاوی ڕستە نیشاندەدات" (باتینی: ١٩٩٣، ١١٤)، کە کەرەستەکانی ڕستەی تێدا دەردەکەون، بە دوای یەکداهاتن و ڕیزبوونی کەرەستەکانیش، هەڕەمەکی نابن و بە یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکەوە پەیوەستن، واتا ئەم ئاستە "پەیوەندیی بە ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە هەیە، پاشان بە فۆنەتیکەوە، بۆئەوەی بە دوایەکداهاتنی دەنگەکانی تێدا دەستنیشان بکرێت". (ئیبراهیم: ٢٠١٤، ٤١). ئاستی ڕووکەش دروستەی خوێندنەوە و گۆکردنی ڕستەیە، کە تیایدا ڕستە بەرجەستەیە و گۆدەکرێت، هەروەها "بۆ پەیوەندیکردن و لەیەک گەیشتن و گۆڕینەوە و گەیاندنی بیر لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت". (حسەین: ٢٠٠٩، ٢٤).

لەم ئاستەدا، کە پەیوەندییە دروستەییەکانی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەیە، "پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان کردار و فرێزەکانی جێبەجێدەکرێن"، (حسەین: ٢٠١٢، ٣٢) واتا ئاستێکی ڕێکخراوی ڕستەیە لەڕووی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە، بەڵام مەرج نییە فرێزەکانی کردار لە شوێنی بنەڕەتی و چەسپاوی خۆیاندا بن، بەڵکو جێگۆڕکێ لەنێوان کەرەستەکاندا ڕوودەدات، هەندێکجار ئەم گواستنەوانە بە زۆرەملێیی و هەندێکجاریش بەشێوەی ئارەزوومەندانە جێبەجێدەکرێن.

لە ئاستی ڕووکەشدا، دیاردەی ئابووریکردن لە زماندا جێبەجێدەکرێت، لەوانە ئابووریکردن لە درێژیی داڕشتن و پاراستنی وزەدا، چونکە لە هەندێک ڕستەدا، یاساکانی گواستنەوە، جگەلە دەربڕینی فرێزەکانی کردار، کە دەشێت لە شێوەی کلیتیکدا بن، "ئەرکی هێنانەدی کەمکردنەوە و پاراستنی وزە لە ئاخاوتندا دەبینن". (سالح: ٢٠١٢، ١٤٧) لەم ئاستەدا، دەشێت کەرەستەیەک دەرنەکەوێت، کەچی لە ئاستی قووڵدا بوونی هەیە. "لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵی ڕستە، دەتوانرێت بنەڕەتی ڕستە دەستنیشان بکرێت و واتای تەواوی ڕستە بەرجەستە بێت". (کەمال: ٢٠٠٢، ٣٥).

(١٧٤) أ- شێتەکە هات.


ب- مرۆڤە شێتەکە هات.

لە ڕستەی (١٧٤ أ)دا، کە ئاستی ڕووکەشە، کەرەستەیەک دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ئاستی قووڵدا، کەرەستەکە بوونی هەیە، لە (١٧٤ ب)دا، کەرەستەکە دەرکەوتووە، کە (مرۆڤ)ە.

## (٣-٣) یاساکانی گواستنەوە:

کۆمەڵە یاسایەک لەخۆدەگرێت، کە بەهۆیانەوە لە ئاستی قووڵەوە ئاستی ڕووکەش بەرهەمدێت، بە واتایەکی تر ئەوانەن، کە ئاستی قووڵی ڕستە بۆ ئاستی ڕووکەش دەگۆڕن، ئەم یاسایانە، دوو ئاستی سەرەکیی لە ڕستەدا جیادەکەنەوە، کە ئاستی قووڵ و ڕووکەشن. یەکێک لە سیماکانیان ئەوەیە، کە دەتوانن "چەند ڕستەیەکی بە سیما و ڕواڵەت جیاواز بخەنە پاڵ هەمان بنچەوە Deep Structuer و هەمان ڕستە بخەنە پاڵ چەند بنچێکی جیاوازەوە". (ئەمین: ٢٠١١، ٢٦)، بە واتایەکی تر ئەم یاسایانە دەتوانن لە یەک ڕستەی ئاستی قووڵەوە، چەند ڕستەیەکی ئاستی ڕووکەش بخەنەڕوو، یان بە پێچەوانەوە، بۆ یەک ڕستەی ئاستی ڕووکەش زیاتر لە ڕستەیەکی ئاستی قووڵ نیشانبدەن.

هەموو ڕستەیەک بەگشتی یەک ئاستی قووڵی هەیە و بەهۆی یاسای گواستنەوەوە چەند ئاستێکی ڕووکەشی دەبێت، واتە (یەک ئاستی قووڵ بەرانبەر بە چەند ئاستێکی ڕووکەشە)، ئەم جۆرە ڕستانە هاوواتا دەبن. لە هێڵکاریی ژمارە (١٨)دا، یەک ئاستی قووڵ بەرانبەر بە چەند ئاستێکی ڕووکەش نیشاندراوە.




(ئەمین: ٢٠١١، ٢٦)

هێڵکاریی ژمارە (١٨)

(١٧٥) تۆ سێو خواردت.


(١٧٦) أ- تۆ سێوت خوارد.

ب- pro سێوت خوارد.

پ- خواردت.

ڕستەی (١٧٥)، ئاستی قووڵە، بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە، بۆ ڕستەی (١٧٦ أ) و (١٧٦ب) و (١٧٦پ) گۆڕاون، کە ئاستی ڕووکەشن، بەمەش چەند ڕستەیەک لە ئاستی ڕووەکەشدا یەک ئاستی قووڵیان هەیە، ڕستەکان هاوواتان.

ڕوویەکی تری گواستنەوە، یەک ڕستەی ئاستی ڕووکەش، زیاتر لە ئاستێکی قووڵی دەبێت. دەشێت دوو ڕستە لە ئاستی ڕووکەشدا چوونیەک بن، بەڵام ئاستی قووڵیان جیاواز بێت. ئەم ڕستانە، بە لێڵ ناودەبرێن، لە هێڵکاریی ژمارە (١٩)دا، خراوەتەڕوو.




(ئەمین: ٢٠١١، ٣١ )

هێڵکاری ژمارە (١٩)

(١٧٧) نان دەخۆن.

(١٧٨) أ- ئێوە نان دەخۆن.

ب- ئەوان نان دەخۆن.

(١٧٩) پێم دەخورێت.

(١٨٠) أ- ئەو شتە بە من دەخورێت.

ب- قاچم دەخورێت.

(١٨١) ئەگەر نەیەیت، دەتکوژم.

(١٨٢) أ- تۆ، ئەگەر نەیەیت، من تۆ دەکوژم.

ب- تۆ، ئەگەر بێیت، من تۆ دەکوژم.

(١٨٣) هاتن.

(١٨٤) أ- ئێوه هاتن.

ب- ئەوان هاتن.

ڕستەی (١٧٧)، (١٧٩)، (١٨١)، (١٨٣)، ئاستی ڕووکەشن و لێڵن، چونکە بۆ هەریەکەیان زیاتر لە ئاستێکی قووڵ هەیە.

یاساکانی گواستنەوە بەگشتی هەمان پلە و بایەخیان نییە و هەندێکیان گرنگتر و پێویستترن، چونکە ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدێنن و پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بەئەنجامدەگەیەنن. (حسەین: ٢٠١٢، ٣٥)، واتە یاساکان لەڕووی پێویستی و گرنگییانەوە جیاوازییان هەیە، "لە ڕوانگەی تیۆرەکەی چۆمسکییەوە، دوو جۆری سەرەکیی گواستنەوە هەن، کە هەریەکەشیان، بۆ چەند جۆرێکی تر دابەشدەبن". (Crystal: 2008, 463)، کە دەشێت، جۆرێک لە گواستنەوە لە زمانێکدا هەبێت و لە زمانێکی تردا نەبێت. بەگشتی بۆ ئەم دوو کۆمەڵەیە پۆلکراون:

١- یاسا بەخورتییەکان:

پێویستیی سەرەکین و بەبێ ئەم یاسایانە، ڕستەی ڕێزمانی لە ئاستی ڕووکەشدا سازنابێت. ئەم یاسایانە بوونەتە بەشێک لە زانیاریی زمانی، کە بەشێوەیەکی زگماکی لای قسەکەری هەر زمانێک هەن، چونکە قسەکەر بۆ دەربڕینی بیر و گوزارشت کردن لە دەوروبەر، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار بەم یاسایانە دەکات. (حسەین: ٢٠١٢، ٣٥) بە واتایەکی تر بەخورتییەکان ئەو یاسایانەن، کە ئاخێوەر بەناچاری ئەنجامیاندەدات، ویست و ئارەزووی قسەکەری تێدا نییە.

٢- یاسا سەرپشکییەکان:

ئەو گواستنەوانەن، کە پێویستیی سەرەکی نین و بە بێ جێبەجێکردنیشیان، ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمدێن، بەواتایەکی تر ئەوانەن، کە "دەتوانرێت پیادەبکرێن، یان بە ئارەزوو پیادەنەکرێن، هەر ڕستەیەکی تەواوە، کاریگەریی لەسەر بە دوایەکدا هاتن و جێگیربوونی ڕستەکان نابێت و ڕستەی تەواو بەرهەمدێن". (غلفان، ملاخ، علوي: ٢٠١٠، ١٠٥)، واتە بەکارهێنانیان بە ئارەزوو و مەبەستی قسەکەرەوە بەندە.

## (٣-٤) یاساکانی گواستنەوە لە زمانی کوردیدا:

یەکەم: یاسا بەخورتییەکان:

چەند جۆرێک یاسای گواستنەوەی بەخورتی لە کوردیدا هەن، لەوانە:

١- گواستنەوەی کەسی کردار بۆ سەر بەرکار:

ئەم گواستنەوەیە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی (شێوەزاری سلێمانی)، کە لە کرداری ڕابردووی تێپەڕدا، کەسی کردار بۆ سەر بەرکار دەگوازرێتەوە، ئەمەش دەکرێت هاوشێوەی لاگری گواستنەوە دابنرێت، لەبەرئەوەی "پەیوەندیی نێوان ڕەگی کردار و مۆرفیمی کات لە پەیوەندیی نێوان قەدی کردار و مۆرفیمی کەس توندوتۆڵترە". (مەحویی و عومەر: ٢٠٠٤، ٦٣).

(١٨٥) أ- تۆ نان خواردت. (ئاستی قووڵ)

ب- تۆ نانت خوارد. (ئاستی ڕووکەش)

٢- گواستنەوەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر:

لە دروستەی ڕستەی بکەرنادیاردا، کرداری بکەرنادیار بە یاسایەکی گواستنەوەی بەخورتی دادەڕێژرێت، کە دوای لابردنی بکەر و نیشانەکەی، بەرکار بۆ شوێنەکەی دەگوێزرێتەوە و دەکرێت بە بکەرێکی ڕێزمانی. لە ئەنجامی ئەم کردە سینتاکسییەشدا، کردار هێزێکی کەم دەبێتەوە و وەک کردارێکی تێنەپەڕ مامەڵە دەکات و تەنها بۆشاییەکی پێویست لە پێش خۆیەوە بەجێدەهێڵێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٤٤- ٤٥).

(١٨٦) أ- خوێندکارەکان وانەکەیان نووسی.

ب- وانەکە نووسرا.

(١٨٧) أ- ئەندازیارەکە خانووەکە دروستدەکات.

ب- خانووەکە دروستدەکرێت.

٣- گواستنەوەی کات:

ئەم گواستنەوەیە، بەیەکەوە هاتنی کات و ڕەگی کردار نیشاندەدات، تایبەتە بە دەستنیشانکردنی کاتی کرداری ڕستەکە، ئەمەش واتای نەبوونی کات نییە، لە ئاستی قووڵی ڕستەدا، بەڵکو ڕیزبوونی کات، لەگەڵ ڕەگدا دیاریدەکات. (کەمال: ٢٠٠٢، ٦١).

(١٨٨) أ- منداڵەکە سێوەکە. (خواردن)

ب- منداڵەکە سێوەکە دەخوات. (ڕانەبردوو)

پ- منداڵەکە سێوەکەی خوارد. (ڕابردوو)

٤- بە جێناوی خۆیی کردن:

بە جێناوی خۆیی کردنی بەرکار و دەرخەر و فرێزە ئەدڤێربڵییەکان دەگرێتەوە.

أ- بە جێناوی خۆیی کردنی بەرکار:

ئەگەر بکەر و بەرکار لە ڕستەیەکدا یەک کەس بوون، واتا هەمان کەس و ژمارەیان هەبوو (بە تایبەتی کەسەکانی یەکەم و دووەمی تاک و کۆ)، بۆئەوەی ڕستەکە ڕێزمانی بێت و لە ڕووی لۆژیکەوە بەکاربێت، بەرکارەکە بە جێناوی خۆیی دەکرێت. (ناوخۆش: ٢٠٠٨، ٨٠).

(١٨٩) أ- * من من ئامادەکردم. (ئاستی قووڵ)

ب- * من منم ئامادەکرد.

پ- من خۆمم ئامادەکرد. (ئاستی ڕووکەش)

ب- بە جێناوی خۆیی کردنی دەرخەر:

لە ڕستەیەکدا، ئەگەر بەرکار فرێزێکی ناویی خاوەنێتی بێت و بە یاسای (دەرخراو + ی + دەرخەر) داڕێژرابوو، دەرخەرەکەی هەمان کەس و ژمارەی بکەری هەبوو، ئەوا بە خورتی بۆ جێناوی خۆیی دەگۆڕرێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٤٥).

(١٩٠) أ- * من خانووی من دەفرۆشم. (ئاستی قووڵ)

ب- من خانووی خۆم دەفرۆشم. (ئاستی ڕووکەش)

(١٩١) أ- * ئێمە نیشتمانی ئێمە خۆشماندەوێت. (ئاستی قووڵ)

ب- * ئێمە نیشتمانی ئێمەمان خۆشدەوێت.

پ- ئێمە نیشتمانی خۆمانمان خۆشدەوێت. (ئاستی ڕووکەش)

ج- بە جێناوی خۆیی کردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان:

ئەگەر لە ڕستەیەکدا، فرێزێکی پریپۆزیشنی هەبوو، پێکهاتبوو لە (پریپۆزیشن + جێناوێکی کەسیی سەربەخۆ)، جێناوەکە هەمان کەس و ژمارەی بکەری هەبوو، ئەوا بەخورتی بۆ جێناوی خۆیی دەگۆڕرێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٤٦).

(١٩٢) أ- * من لە منەوە نەهاتووم.

ب- من لە خۆمەوە نەهاتووم.

ئەگەر فرێزە پریپۆزیشنییەکە پێکهاتبوو لە (پریپۆزیشن + فرێزێکی ناوی) و فرێزە ناوییەکەیش دروستەی (دەرخراو+ ی + دەرخەر)ی هەبوو، دەرخەرەکەیش، لەگەڵ بکەردا هەمان کەس و ژمارەیان هەبوو، ئەوا لەم بارەیشدا دەکرێت بە جێناوی خۆیی. (سەرچاوەی پێشوو: ٤٦).

(١٩٣) أ- * تۆ بە دەستی تۆ دەرگاکەت داخست.

ب- تۆ بەدەستی خۆت دەرگاکەت داخست.

(١٩٤) أ- * من بە چاوی من بینیم.

ب- من بە چاوی خۆم بینیم.

٥- گواستنەوەی سنوور جیاکەرەوە:

جیاکردنەوەی کەرەستەکانە لە چوارچێوەی دروستەی گەورەتردا، کە ڕستەی ئاوێتەیە، "گرنگیی بە لایەنی جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی هەر کەرەستەیەکی زمانی دەدات لە قاڵبی یەکەیەکی زمانی گەورەتردا". (محەمەد: ٢٠١٤ ، ١٢٨).

(١٩٥) أ- سلێمانی شارێکی دڵگیرە.

ب- سلێمانی شارێکی کوردستانە.

پ- سلێمانی، کە شارێکی کوردستانە، دڵگیرە.

دووەم: یاسا سەرپشکییەکان:

چەند جۆرێکن لەوانە:

١- لابردن:

مەبەست لابردنی کەرەستەیەکە لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا، وەکو (بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ، کردار، ...هتد)، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، لێرەدا کەرەستە لابراوەکان و هۆکارەکانی لابردنیان دەخەینەڕوو:

أ- لابردنی بکەر:

بکەری ڕستە دەتوانرێت، دەرنەبڕرێت و بە فۆنەتیکی بەرجەستەنەکرێت، پەیوەست بە مەرجی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن کردارەوە. لەم ڕوانگەیەوە و بەوپێیەی زمانی کوردی لە زمانە بکەرخراوەکانە، ئەم کارەی زیاتر تێدا ڕوودەدات و ئەو بکەرەش، کە دەرنابڕێت لە شوێنی (pro) یێک دادەنرێت. (قادر: ٢٠٠٨، ٣٧-٣٨).

(١٩٦) أ- <u>من</u> ڕۆمانەکە خوێندم<u>ـ</u>ەوە. (ئاستی قووڵ)

ب- <u>من</u> ڕۆمانەکە<u>م</u> خوێندەوە. (ئاستی ڕووکەش)

پ- <u>pro</u> ڕۆمانەکە<u>م</u> خوێندەوە.

لە ڕستەی (١٩٦ پ)دا، بکەرەکە لابراوە، (pro) ییێک دادەنرێت، کە ئاماژەیە بۆ بکەرێک، بەهۆی نیشانەیەکەوە لە فۆڕمی کرداردا دەناسرێتەوە.

لە ڕستەی ناسادەدا، کاتێک دوو ڕستە، یان زیاتر لێکدەدرێن، کەرەستەی هاوبەش لە نێوانیاندا دێنەئاراوە، دەکرێت کەرەستە دووبارەکە بکەر بێت و لاببرێت.

(١٩٧) أ- منداڵەکە نانی خوارد.

ب- منداڵەکە نووست.

پ- منداڵەکە نانی خوارد و منداڵەکە نووست.

ت- منداڵەکە نانی خوارد و نووست.

ب- لابردنی بەرکار:

لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستەی سادە، یان زیاتردا، ڕستەیەکی ناسادە بەرهەمدێت، کە دەشێت کەرەستەیەک، یان زیاتری هاوبەش هەبێت و دووبارەکردنەوەی پێویست نەکات، لە ئەنجامدا لە یەکێک لە ڕستەکاندا لادەبرێت، دەشێت یەکێک لەو کەرەستانەیش بەرکار بێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٣٩).

(١٩٨) أ- ئاسۆ خانوو دەکڕێت.

ب- ئاکۆ خانوو دەفرۆشێت.

پ- ئاسۆ خانوو دەکڕێت و ئاکۆ خانوو دەفرۆشێت.

ت- ئاسۆ خانوو دەکڕێت و ئاکۆ Ø دەیفرۆشێت.

ئەگەر بەرکار، وەکو کەرەستەیەکی هاوبەش لە هەر دوو ڕستەکەدا هەبوو، بە تەنیا لانابرێت، بەڵکو کرداری ڕستەکەش لەگەڵیدا لادەبرێت، بە مەرجێک کردارەکەش هاوبەش بێت.

(١٩٩) أ- ئارام ڕۆمانی نووسی؟

ب- بارام ڕۆمانی نووسی؟

پ- ئارام ڕۆمانی نووسی، یان بارام ڕۆمانی نووسی؟

ت- ئارام ڕۆمانی نووسی، یان بارام Ø Ø؟

(٢٠٠) أ- نەسرین چیرۆک دەخوێنێتەوە؟

ب- نەرمین چیرۆک دەخوێنێتەوە؟

پ- نەسرین چیرۆک دەخوێنێتەوە، یان نەرمین چیرۆک دەخوێنێتەوە؟

ت- نەسرین چیرۆک دەخوێنێتەوە، یان نەرمین Ø Ø؟

ج- لابردنی کردار:

یەکێکە لەو کەرەستانەی لە ڕستە ناسادەکاندا، بە تەنها لادەبرێت، یان لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا، وەکو لە لابردنی بەرکاردا خستمانەڕوو.

(٢٠١) أ- تۆ چیرۆک دەنووسیت؟

ب- تۆ ڕۆمان دەنووسیت؟

پ- تۆ چیرۆک دەنووسیت، یان تۆ ڕۆمان دەنووسیت؟

ت- تۆ چیرۆک دەنووسیت، یان ڕۆمان؟

(٢٠٢) أ- ئامانج ڕۆیشت.

ب- ئارام ڕۆیشت.

پ- ئامانج ڕۆیشت، یان ئارام ڕۆیشت؟

ت- ئامانج ڕۆیشت، یان ئارام؟

لە ڕستەی (٢٠٢ ت)دا، کرداری (ڕۆیشت)، لابراوە، کەسی گوێگر لە واتای ڕستەکە تێدەگات و دەزانێت، کرداری ڕستەی دووەم، هەمان کرداری ڕستەی یەکەمە.

د- لابردنی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان:

دەشێت لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستەی سادە، یەکێک لە کەرەستە هاوبەش و دووبارەکان، فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بێت، بۆیە لە یەکێک لە ڕستەکاندا لادەبرێت. ئەم فرێزانەیش لە ڕستەی ناسادەی پرسیاریدا، لەگەڵ کرداردا پێکەوە لادەبرێن و لە ڕستەی هەواڵیشدا، دەشێت لەگەڵ بەرکار و کرداردا، هەرسێکیان لاببرێن. (حسەین: ٢٠١٢، ٤٠).

(٢٠٣) أ- ئاری لە گۆڕەپان یاریدەکات؟

ب- ئارام لە گۆڕەپان یاریدەکات؟

پ- ئاری لە گۆڕەپان یاریدەکات، یان ئارام لە گۆڕەپان یاریدەکات؟

ت- ئاری لە گۆڕەپان یاریدەکات، یان ئارام Ø Ø؟

(٢٠٤) أ- ئاشتی دەرگاکەی بە کلیل داخست.

ب- ئاوێزە دەرگاکەی بە کلیل داخست.

پ- ئاشتی دەرگاکەی بە کلیل داخست و ئاوێزە دەرگاکەی بە کلیل داخست.

ت- ئاشتی و ئاوێزە دەرگاکەیان بە کلیل داخست.

تەنیا ئەو فرێزە ئەدڤێربڵییانە لادەبرێن، کە ئەرکی سەربار بەجێدێنن و کەرەستەی ناسەرەکیی ڕستەن، مەبەست "ئەو کەرەستانەن، کە لابردنیان هیچ کارێک ناکاتە سەر لایەنی ناوەڕۆک و ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان، تەنیا دەرخستنی زانیاری زیاترە" (حسێن: ٢٠٠١، ٣٤)، بەڵام ئەگەر ئەدڤێربڵ تەواوکەر بێت و بەشێک بێت لە فرێزی کرداری، ئەوا ناتوانرێت لاببرێت.

(٢٠٥) أ- منداڵەکە بەردی لە ماڵەکە گرت.

ب- منداڵەکە وێنەی لە ماڵەکە گرت.

پ- * منداڵەکە بەرد و وێنەی لە ماڵەکە گرت.

هـ- لابردنی ئامرازی لێکدەر:

لەوجۆرەی ڕستەی ناسادەدا، کە بە (ئاڵۆز، ئاوێتە، لەناویەکدا شکاوە) ناسراوە، دەشێت لە هەندێکیاندا ئامرازی لێکدەر لاببرێت، بێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر واتا و دروستەی ڕستەکە هەبێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٤٠).

(٢٠٦) أ- ئارمەند نەهات بۆ قوتابخانە.

ب- ئارمەند نەخۆشە.

پ- ئارمەند نەهات بۆ قوتابخانە، چونکە نەخۆشە.

ت- ئارمەند نەهات بۆ قوتابخانە، نەخۆشە.

کەواتە لە ڕستەی لێکدراودا، هەموو کەرەستەیەکی هاوبەش و دووبارەبووەوە لادەبرێت، ئیتر ئەو کەرەستەیە (بکەر بێت، یان بەرکار، یان کردار،...). ئەو لابردنانەش، پەیوەندییان بەو کەرەستە هاوبەشانەوە هەیە، کە لە ڕستەکاندا بوونیان هەیە.

(٢٠٧) تۆ بە پێ چوویت بۆ بازاڕ، یان ئەوØ  Ø Ø  Ø؟

٢- کۆپیکردن:

کۆپیکردن، یان لەبەرگرتنەوە، ئەوەیە کەرەستەیەکی ڕستەکە لەسەر کەرەستەیەکی تر کۆپیدەکرێت. "کەواتە یاسایەکی گواستنەوەی بە ئارەزووی ڕەگەزەکانی ڕستە، یاسای کۆپیکردنی لێ بەرهەمدێت و بەدوایدا دێت. بەپێی ئەم یاسایە، فرێزی ناوی لە ڕستەدا، لە ڕووی سیما ڕێزمانییەکانی (کەس و ژمارە، ڕەگەز)ەوە کۆپیدەکرێت و لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە نوێنەر و جێگری فرێزەکە" (حسەین:٢٠١٢، ٢٣١).

ڕەگەزەکانی ڕستە، کە مەبەست (بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ)ەکانن، کە فرێزی داواکراوی کردارن و لە ژێر هەژموونی کرداردان، دانە فەرهەنگییەکان لە فۆڕمی سەربەستیاندا دەیگەیەنن. هەموو دانەیەکی فەرهەنگی، فۆڕمێکی سەربەست و یەکێکی بەندیان هەیە، کە فۆڕمە بەندییەکە شێوەیەکی کۆپیکراوی سەربەستەکەن. جێناوە کەسییە لکاوەکان ڕەگەزێکی دروستکەری کردارن و لە هەمان کاتدا کەرەستەیەکی کۆپیکردنی وشە فەرهەنگییەکانن.

(بۆ بابەتی کۆپیکردن، سوودم لە: حسەین: ٢٠١٢، ٢٣٤- ٢٤٤ وەرگرتووە)

أ- کۆپیکردنی فرێزی ناویی بکەر:

لە یاسای کۆپیکردن لە چوارچێوەی فرێزی ناویدا، دەتوانرێت دەرخەر و دەرخراوی فرێزی ناوی کۆپیبکرێت، کاتێک دەرخەر پێش (سەر)ی فرێزە ناوییەکە دەکەوێت، دەرخراو کۆپیدەکرێت، لە بارێکیشدا، کە دەرخەر لە دوای (سەر)ەوە بێت، دەشێت کۆپیبکرێت. دەرخەرەکانی پێش (سەر) بریتیین لە: ڕادە، ژمارە، جێناوی نادیار، ئامرازی پرس، ئاوەڵناوی پلە باڵا،.... هتد.

(٢٠٨)   أ-  هەموو  میوانەکان  ڕۆیشتن.

دەرخەر                    دەرخراو

ب-  میوانەکان  هەموو یان ڕۆیشتن.

دەرخراو        دەرخەر       کۆپیی دەرخراو

لە (٢٠٨ ب)دا، کاتێک دەرخراو کۆپیدەکرێت، جێناوی کەسی سێیەمی کۆ (یان) فۆرمی کۆپیکراو دەبێت، ئەمەش تایبەتمەندیی ئەو فرێزە ناوییانەیە، کە تێیاندا دەرخەر پێش دەرخراو کەوتوون.

(٢٠٩)   أ-  چوار  خوێندکار  هاتن.

دەرخەر                    دەرخراو

ب-  خوێندکارەکان  چوار یان هاتن.

دەرخراو     دەرخەر     دەرخەر     کۆپی دەرخراو

(٢١٠)   أ-  هیچ  خوێندکارێک  دوانەکەوتووە.

دەرخەر          دەرخراو       دەرخەر

ب-  خوێندکارەکان  هیچـــیان دوانەکەوتوون.

دەرخراو     دەرخەر     دەرخەر     کۆپی دەرخراو

(٢١١) أ- چەند  خوێندکار  ئامادەبوون؟

دەرخەر          دەرخراو

ب-  خوێندکارەکان  چەند یان ئامادەبوون؟

دەرخراو     دەرخەر     دەرخەر     کۆپی دەرخراو

(٢١٢) أ-  زیرەکترین  خوێندکار  ئامادەبوون.

دەرخەر          دەرخراو

ب-  خوێندکارەکان  زیرەکترینـــیان ئامادەبوون.

دەرخراو     دەرخەر     دەرخەر     کۆپی دەرخراو

دەرخەر، کە لە دوای دەرخراوەوە دێت، ناوێک، یان جێناوێکی کەسیی سەربەخۆیە و فرێزەکەشی بە (خاوەنداری) ناسراوە.

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م – ین)، ئەرکی کۆپیکردنی دەرخەری فرێزی ناویی دەبینن، کە کرداری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت و فرێزە ناوییەکەیش ئەرکی بەرکار ببینێت.

(٢١٣) أ-  ئەوان  خانووی ئێمەیان ڕووخاند.

دەرخراو     دەرخەر

ب-  ئەوان  خانوو یان ڕووخاندین.

دەرخراو          فۆڕمی کۆپیکراوی دەرخەر

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م – مان) ئەرکی کۆپیکردنی دەرخەر لە فرێزە ناوییەکاندا دەبینن، فرێزە ناوییەکان لە ئەرکی بکەر، یان بەرکاردا بن، کرداری ڕستەکەش تێپەڕ بێت، یان تێنەپەڕ، ڕابردوو بێت، یان ڕانەبردوو، بکەر دیار بێت، یان بکەر نادیار بێت.

(٢١٤) أ- من کوڕەکەی تۆم بینی.

دەرخراو دەرخەر دەرخەر

ب- کوڕەکەتم بینی.

دەرخراو دەرخەر فۆڕمی کۆپیکراوی دەرخەر

(٢١٥) أ- من کوڕەکەی تۆ دەبینم.

دەرخراو دەرخەر دەرخەر

ب- کوڕەکەت دەبینم.

دەرخراو دەرخەر فۆڕمی کۆپیکراوی دەرخەر

(٢١٦) أ- کوڕەکەی تۆ بۆ زانکۆ دەچێت.

دەرخراو دەرخەر دەرخەر

ب- کوڕەکەت بۆ زانکۆ دەچێت.

دەرخراو دەرخەر فۆڕمی کۆپیکراوی دەرخەر

(٢١٧) أ- کوڕەکەی تۆ بۆ زانکۆ چوو.

دەرخەر        دەرخەر        دەرخراو

ب- کوڕەکەت بۆ زانکۆ چوو.

فۆرمی کۆپیکراوی دەرخەر        دەرخەر        دەرخراو

ب- کۆپیکردنی فریزی ناویی بەرکار: (دواتر لە گواستنەوەی باسمەندا باسیدەکەین).

ج- کۆپیکردنی فریزی ئەدڤێربڵ:

ئەو فریزە ئەدڤێربڵییانەی، کە جێناوە کەسییە سەربەخۆکان پێکیاندەهێنن، کە لەناو فریزی کرداریدان، جگەلە فریزی ناویی بەرکار، زانیاریی جۆراوجۆر سەبارەت بە لایەنەکانی ڕوودانی کردار دەگەیەنن.

(٢١٨) أ- من خانووەکەم لە تۆ کڕی.
ب- خانووەکەم لێت کڕی.
پ- خانووەکەم لێ کڕیت.

لە کۆپیکردنی ئەوجۆرە فریزانەدا، هەردوو کۆمەڵەی جێناوە کەسییە لکاوەکانی (م- مان) و (م- ین)، ئەرکی کۆپیکردن دەبینن، ئەگەر کۆپیکراوەکە لە پێش کردارەوە بوو، ئەوا کۆمەڵەی (م- مان) و ئەگەر لەدوای کردارەوە بوو، ئەوا کۆمەڵەی (م- ین) دەبێت. پرێپۆزیشنییەکانی (لە، بە) فۆرمەکانیان بۆ (لێ، پێ) دەگۆڕێن، ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە.

(٢١٩) أ- خانووەکەم لە تۆ کڕی.
ب- خانووەکەم لەت کڕی. ← خانووەکەم لێت کڕی.

(٢٢٠) أ- من خانووەکە لە تۆ دەکڕم.
ب- خانووەکە لە تۆ دەکڕم.
پ- خانووەکەت لێ دەکڕم.

٣- جێگەگرتنەوە:

بەپێی ئەم یاسایە، کەرەستەیەک لە ڕستەدا، جێگەی کەرەستەیەکی تر دەگرێتەوە و ئەرکەکەی جێبەجێدەکات. (حسەین: ٢٠٠٩، ١٢١)، دەرخەرە ئاوەڵناوییەکان، کە تایبەتن  بە مرۆڤ، دەتوانن لە ئاستی ڕووکەشدا، شوێنی دەرخراوەکان بگرنەوە و بە تەنها هەمان ئەرکی سینتاکسیی ببینن.

(٢٢١) أ- منداڵە جوانەکە هات.

ب- جوانەکە هات.

(٢٢٢) أ- پیاوە شێتەکە مرد.

ب- شێتەکە مرد.

لە ڕستەی (٢٢١- ب) و (٢٢٢- ب)دا، هەریەک لە (جوانەکە، شێتەکە)، ئاوەڵناون و دەرخەری ناوێکن، کە لە ئاستی ڕووکەشدا، جێگەی دەرخراوەکانیان گرتووەتەوە و تایبەتمەندیی ناویان وەرگرتووە.

لە فرێزی پریپۆزیشنیدا، ئەو دەرخەرانەی، کە دەرخراوەکانیان دیار و ئاشکران، دەتوانن شوێنی دەرخراوەکانیان بگرنەوە و لەگەڵ پریپۆزیشنەکەدا، لە ئاستی ڕووکەشدا، فرێزەکە دادەڕێژن.

(٢٢٣) أ- من ئێوە بە خوێندکاری زیرەک دەزانم.

ب- ئێوە بە زیرەک دەزانم.

لە ڕستەی (٢٢٣- ب)دا، پرپۆزیشنی (بە) ڕاستەوخۆ چووەتەسەر ئاوەڵناوی (زیرەک)، کە دەرخەری دەرخراوێک بووە لە ئاستی قووڵدا، دەرخەرەکە توانیویەتی لە ئاستی ڕووکەشدا، جێگەی دەرخراوەکەی بگرێتەوە.

٤- گواستنەوەی بکەر بۆ دوای کردار لە ڕستەی ناسادەدا:

بکەر کەرەستەیەکی سەرەکیی ڕستەیە و بە گشتی لە فرێزێکی ناوی پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کردار بەتایبەتی (بوو)، ڕێگادەدەن لە هەندێک باردا، بکەرەکانیان لە شێوەی ڕستەیەکدا بێت، کە بە لاڕستەی بکەری ناودەبرێت و بە یاسایەکی گواستنەوە بۆ دوای کردار دەگوێزرێتەوە. (حسەین: ٢٠١٢، ٤١).

(٢٢٤) أ- ئەو کەسێکی بەتوانایە، ئاشکرایە.

ب- ئاشکرایە، ئەو کەسێکی بەتوانایە.

(٢٢٥) أ- هەواڵەکە ڕاستە، دەرکەوت.

ب- دەرکەوت، هەواڵەکە ڕاستە.

٥- گواستنەوەی بەرکار بۆ دوای کردار لە ڕستەی ناسادەدا:

بەرکار کەرەستەیەکی سەرەکییە لە فرێزی کرداریدا و هاوبەشیی دروستەیی دەکات. بە شێوەیەکی گشتی لە فرێزێکی ناوی پێکدێت و دەکەوێتە پێش کردارەوە، چونکە ڕۆڵی واتایی و دۆخی ڕێزمانی لە ڕەگی کردارەوە وەردەگرێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٤١)، کردارەکانی وەک (ویستی، زانیی، هەستیکرد، بیستی،...هتد)، ڕێگەدەدەن بەرکارەکانیان لە شێوەی ڕستەی شوێنکەوتوو بن، دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی ناسادە، بەرکار، کە لە شێوەی ڕستەی شوێنکەوتوو بوو، بۆ دوای کردار دەگوێزرێتەوە.

(٢٢٦) أ- بە یەکەم دەرچوویت زانیم.

ب- زانیم، کە بە یەکەم دەرچوویت.

(٢٢٧) أ- ناڕەزاییت دەردەبڕی، بیستم.

ب- بیستم، کە ناڕەزاییت دەردەبڕی.

٦- گواستنەوەی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بۆ دوای بەرکار:

لەو ڕستە سادانەی، کە کردارەکانیان تێپەڕن، لە ڕیزبوونی بنجیی کەرەستەکاندا، بەرکار لە تەنیشت کردارەوە دێت، دۆخی ڕێزمانیی بەرکاریی پێدەدرێت، "کەرەستەیەکیش کاتێک حوکمی کەرەستەیەکی تر دەکات و دۆخی ڕێزمانی دەداتێ، کە لە هێڵکاریی دارئاسادا، هیچ بەربەستێک لە نێوانیاندا نەبێت و دەستەخوشکی یەکتربن". (Chomsky: 1986a, 21)، دەشێت فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بە یاسایەکی گواستنەوە بۆ نێوان بەرکار و کردار بگوازرێنەوە.

(٢٢٨) أ- ئێمە لە بازاڕ نانمان خوارد.

ب- ئێمە نانمان لە بازاڕ خوارد.

(٢٢٩) أ- من بۆ تۆ نامەم نووسی.

ب- من نامەم بۆ تۆ نووسی.

## (٣-٥) دۆخی ڕێزمانی:

یەکێک لە هەژموونەکانی کردار لە ئاستی ڕووکەشی ڕستەدا، بریتییە لە پێدانی دۆخی ڕێزمانی بە فرێزە داواکراوەکانی، چونکە "ئەگەر بێ دۆخ بن، دارشتنەکەیان تێکشکاو و ناتەواو دەبێت". (Carine: 2013, 338) لەبەرئەوە دوای جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە، دۆخیان پێدەدرێت. ئەمەش "تایبەتمەندییەکی سینتاکسیی فرێزە ناوی و دەرخەرییەکانە لە دروستەی ڕستەدا، کە بەپێی ئەرکە سینتاکسییەکانیان، دۆخی ڕێزمانیی هەمەجۆر وەردەگرن". (حسەین: ٢٠٢١، ٥٤).

بەگشتی هەموو زمانێک سیستەمێکی تایبەت بە دۆخی ڕێزمانی هەیە، لە هەندێک زماندا دۆخی ڕێزمانی لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە دەردەکەوێت، واتا دەبێت بە (مۆرفیم) و لە هەندێکی تردا نادیارە، واتا نەبووە بە (مۆرفیم). (بڕوانە: ئەحمەد: ٢٠١١، ٣٤) بەڵام تیۆری دۆخ وایداناوە، کە هەموو فرێزێکی ناویی دۆخێکی ئەبستراکتی هەیە، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان (سەر) و (تەواوکەر) و لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانیانەوە دۆخیان پێدەدرێت.

لە زمانی کوردیی (کرمانجیی ناوەڕاست)دا، فرێزە ناوییەکان بەپێی جێکەوتەکانیان لە ڕستەدا، دۆخی ڕێزمانیان پێدەدرێت، هەرچەندە دۆخەکانیان دەرناکەون و "ئەم ڕاستییە بە فۆنەتیکی نابیسترێت. واتە دۆخە ڕێزمانییەکان نە دەبن بە مۆرفیم و نە لە شێوەی گۆڕینی ناوەکیی فرێزەکاندا بەرجەستەدەبن. بەڵام دەبێت زمانی کوردیی زنجیرەیەک لە یاسای هەبێت، کە ئەرکە سینتاکسییەکان و نیشانە تایبەتییە ڕێزمانییەکانی فرێزە ناوییەکان و پێکهێنەکانی دیاریی و دەستنیشانبکەن. بۆیە ناتوانرێت لە پەسنکردنی فرێزە ناوییەکاندا، واز لە تیۆری دۆخی ڕێزمانیی بهێنرێت". (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٩٢) چونکە زمانێک بە ناتەواو دادەنرێت، ئەگەر ئەرکە سینتاکسییەکانی بە مۆرفۆلۆجی دەرنەبڕدرێن و نیشانەیەکی تایبەتیی بۆ ناسینەوەیان نەبێت، لەبەرئەوە "دانانی دۆخی ڕێزمانی پەیوەستە بە شوێنی سینتاکسیی، کە فرێزە ناوییەکان داگیریدەکەن، ئەوەی، کە سیماکانی دۆخ دیاریدەکات، پێیدەوترێت پێدانی دۆخ Case assignment، فرێزی ناوی، دۆخەکە لەو کەتیگۆرییەوە وەردەگرێت، کە حوکمیدەکات. ئەو فرێزانەی، کە دۆخیان پێدەدرێت، پێویستە لە شوێنی ئەو کەتیگۆرییانەدا بن، کە دوای ئەوەی یاسای گشتیی ئەلفا- بجوڵێنە، یان move α یان بەسەردا جێبەجێدەکرێت". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٥٨- ٥٩).

مەرجی (GB) ئەوەیە، کە هەموو فرێزێکی ناوی لە ئاستی ڕووکەشدا دۆخێک وەربگرێت، کە هەر فرێزێکی ناویی دەرکەوتنی فۆنەتیکی هەبێت و هیچ جۆرە دۆخێک وەرنەگرێت، ئەوا نیشانەی فرێزی ناویی وەرناگرێت، چونکە لە پاڵێوەری دۆخ تێناپەڕێت. (Black: 1998, 39) فرێزە ناویی و دەرخەرییەکان دۆخ وەردەگرن، ئەوانەی دۆخ دەبەخشن بریتین لە ڕەگی کردار و پریپۆزیشنەکان و (ی) ی خستنەپاڵ، هەروەها ئامرازە لێکدەرەکان لە ڕستەی ناسادەدا دۆخ دەبەخشن. دۆخ بەگشتی لە ئاستی ڕووکەشدا دەدرێت، جگەلە دۆخی زگماکیی، کە لە ئاستی قووڵدا دەبەخشرێت.

## (٣-٥-١) پێناسەی دۆخ:

زاراوەی دۆخ لە وشەی لاتینی (Casus) ەوە هاتووە، کە وەرگێڕدراوی وشەی (Ptosis) ی یۆنانییەوە، کە بە واتای (Fall) ی ئینگلیزی دێت. ئەرستۆ بۆ جیاکردنەوەی ناو لە کردار بەکاریهێناوە. (Blake: 2004, 19) دواتر بەکارهێنانەکەی، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە لە ڕێزمانی دێریندا، دۆخەکان نیشانکراوبوون، واتە هەموو فرێزێکی ناویی لە ڕستەدا بەهۆی نیشانەیەکی سینتاکسییەوە، ئەرکە سینتاکسییەکەی دیاریدەکرا، چونکە دۆخ ئەرکی فرێزە ناوییەکان دەستنیشاندەکات، بەم دۆخەیان گوتووە دۆخی نیشانەدار، یان دۆخی مۆڕفۆلۆجی. کەواتە لە ڕێزمانی دێریندا دۆخ بە دیاردەیەکی جیهانی دانەنراوە، بەڵکو تەنیا ئەو زمانانەی گرتووەتەوە، کە خاوەنی دۆخی نیشاندار، یان دۆخی مۆڕفۆلۆجی بوون. (بڕوانە: ئەحمەد: ٢٠١١، ١٣).

دۆخ لە ڕێزمانی نوێدا، کە خاوەن تیۆرێکی سەربەخۆیە لە (GB) دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی پێدانی دۆخی نابەرجەستە (ئەبستراکت) و تێگەیشتنی مۆڕفۆلۆجییانە دەکات، هەروەها سنوور بۆ دابەشبوونی فرێزە ناوییە فەرهەنگییەکان لە ئاستی ڕووکەشدا دادەنێت. (Crystal: 2008, 67) کەواتە سیستەمی دۆخی نابەرجەستە (ئەبستراکت) بۆ چارەسەری کێشەی دۆخ لەو زمانانەدا هاتەئاراوە، کە خاوەن دۆخی مۆڕفۆلۆجی نەبوون، یان دۆخی نیشاندەریان نەبووە، بەمەش دۆخ بوو بە دیاردەیەکی جیهانی، بەوەی، کە هەموو زمانێک دۆخی هەیە، دۆخەکە نیشاندەری هەبێت و بناسرێتەوە، یان نادیار بێت و نیشانەی مۆڕفۆلۆجی بۆ ناسینەوەی نەبێت.

دۆخ پەیوەندییە سینتاکسییەکان لە زمانە سروشتییەکاندا دەردەبڕێت، "ئاماژە بۆ فۆرمە جیاوازەکانی فرێزێکی ناویی دەکات و دەوەستێتە سەر ئەرکە ڕێزمانییەکەی فرێزەکە. بۆ نموونە: دۆخی نۆمینەتیڤ Nominative بە NP بکەر دەبەخشرێت، دۆخی ئەکەوزەتیڤ

Accausative دەدرێتەپاڵ بەرکار و دۆخی داتیڤ Dative یش بە بەرکاری پێشناوەکان دەدرێت". (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٨٧) واتە بەهۆی دۆخەوە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان لە زمانە سروشتییەکاندا دەردەبڕێن، کە بریتییە: "لەو کاتیگۆرییە سینتاکسییەی، بۆ شیکردنەوەی فرێزەکانی ناو ڕستە بەکاردێت، ڕۆڵی لە پەیوەندیی نێوان وشەکان و ڕیزبوونیان لە ڕستەدا دەردەکەوێت". (Crystal: 2008, 67).

بە شێوەیەکی گشتی، دۆخ سیستەمی نیشانەکردنی ناوە وابەستەکراوەکانە، بۆ جۆری ئەو پەیوەندییەی، کە لەگەڵ سەرە ڕێزمانییەکاندا هەیانە، یان بە شێوەیەکی وردتر نیشانەکردنی ئەو پەیوەندییەیە، کە ناوێک بەرانبەر کردارێک هەیەتی، لە ڕستەیەکدا، یان لە فرێزێکی پریپۆزیشنیدا، یان ناوێکی تر لە ئاستی فرێزدا. (Blake: 2004, 1) لە ڕوانگەی ئەو پێناسەیەوە، پێویستە سەری ڕێزمانی دیاریبکرێت لەگەڵ ئەو فرێزە ناوییەش، کە لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکانەوە دۆخیان پێدەدرێت.

## (٣-٥-٢) سەری ڕێزمانی:

لە دروستەی ڕستەدا، سەرە ڕێزمانییەکان سەرەڕای پەیوەندییە ئاسۆییەکانی نێوان کەرەستەکانی دروستەی فرێزەکان، پێدانی دۆخە ڕیزمانییەکانیش جێبەجێدەکەن. گرنگیی سەری ڕێزمانی لەوەدایە، دروستە سینتاکسییەکان و ئەو فرێزانەی بەشداری لە داڕشتنیاندا دەکەن، نیشاندەدات. "بەمەش (سەر) پەیوەندیی نێوان پێکهاتە و پێکهێنەرەکان دەخاتەڕوو، واتە پێکهێنەرەکانی فرێز". (یونس: ٢٠١٣، ١٥).

کەرەستە بەراییەکانی دانە سینتاکسییەکانی فرێز و ڕستە بریتین لە: (سەری واتایی، سەری ڕێزمانی، تەواوکەر، سەربار)، بەو واتاییەی هەموو فرێزێک سەرێکی واتایی تێدایە، کە ناوەڕۆکی واتایی فرێزەکەیە و مەبەستی قسەکەرە، دەگونجێت سەری واتایی بە تەنیا دروستەکە پێکبهێنێت، یان بە یاریدەی سەرێکی ڕێزمانی و تەواوکەر، یان سەربار. (بڕوانە: حسەین: ٢٠٢١، ٣٨).

(٢٣٠) أ- <u>منداڵ</u> خۆشەویستە. (سەری واتایی)

ب- <u>منداڵەکە</u> خۆشەویستە. (سەری واتایی + سەری ڕێزمانی)

پ- <u>منداڵی برا</u> خۆشەویستە. (سەری واتایی + سەری ڕێزمانی + تەواوکەر)

ت- <u>منداڵێکی زیرەک</u> هات. (سەری واتایی + سەری ڕێزمانی + سەربار)

سەرە ڕێزمانییەکان دۆخی ڕێزمانی دەبەخشن، یان تەنیا پرۆژەیەکی سینتاکسی دروستدەکەن، کە پێیدەگوترێت (فرێز)، چونکە "ئەو کاتیگۆرییە ئەرکییانەی، کە جۆرە بەندێتییەک لەنێوان کەرەستەکانی ڕستەیەکدا دادەمەزرێنن، وەک مۆرفیمەکانی ناسراوی، نەناسراوی، ژمارە، خاوەندارێتیی، چەندێتی، ئاوەڵناوی نیشانە، دەبێت سەری ئەرکی بن، ئەمەش پێی دەوترێت گریمانەی هیپۆتێزەی DP ". (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٥٤).

لە ڕوانگەی پێدانی دۆخەوە، سەرە ڕێزمانییەکان بۆ سێ کۆمەڵ پۆلدەکرێن:

١- هەندێکیان تەنیا دروستەی فرێز، یان کردار دادەڕێژن، بێ ئەوەی دۆخ بدەن، وەک مۆڕفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، ناسراوی کۆ، بانگهێشتن)، سەرە ڕێزمانییەکانی کردار.

٢- کۆمەڵێکی تریان دروستەی فرێز، یان ڕستەی نسادە بەرهەمدەهێنن و هاوکات دۆخیش دەبەخشن، وەک: پریپۆزیشنەکان، مۆڕفیمی (ی) ی خستنەپاڵ لە فرێزە خاوەندارییەکاندا، ئامرازە لێکدەرەکان لە ڕستەی ئاڵۆزدا.

٣- گروپێکی تریان دروستەی فرێز بەرهەمناهێنن، بەڵکو تەنیا دۆخ دەدەن، وەک (کات و کەس، ڕەگی کردارە تێپەڕەکان). (حسەین: ٢٠٢١، ٥٥).

## (٣-٥-٣) ئاڕاستەی پێدانی دۆخ:

سەرە ڕێزمانییەکان لە ڕوانگەی ئاڕاستەی پێدانی دۆخەوە، لە زمانی کوردیدا، دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

یەکەم: ئەوانەیان، کە ئاڕاستەی پێدانی دۆخیان لە ڕاستەوە بۆ چەپەوەیە، سەرە ڕێزمانییەکان کەوتونەتە پێش تەواوکەرەکانیان.

١- مۆڕفیمەکانی خستنەپاڵ لە فرێزە خاوەندارییەکاندا:

لە شێوەزاری سلێمانیدا، بریتیین لە (ی، ە) بەهۆیانەوە دوو دانەی فەرهەنگی دەخرێنەپاڵ یەکتری، دروستەی فرێزی خستنەپاڵی بەرهەمدێنن. خاوەندارێتی، دیاردەیەکی ڕێزمانییە، بەهۆی سەری ڕێزمانیی (ی)وە، کەرەستە و خاوەنەکەی پێکەوە دروستەی فرێزێک دادەڕێژن. (قادر: ٢٠٠٣، ٥٠) بە واتایەکی تر پێکهاتەی ئەم فرێزە، بریتییە لە: فرێزێکی ناوی بە هۆی سەری ڕێزمانیی (ی)وە، بە فرێزێکی ناوی ترەوە بەنددەکرێت و پەیوەندیی لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

(٢٣١) أ- برای نەوزاد هات.

ب- ماڵی نارین لە سلێمانییە.

لە (٢٣١)دا، (نەوزاد، نارین)، تەواوکەرن، لەلایەن سەری ڕێزمانیی (ی) وە، دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵیان پێدراوە.

٢- مۆرفیمە پریپۆزیشنەکان:

پریپۆزیشنەکان، لە دروستەی ڕستەدا، سەری ڕێزمانین، تەواوکەرەکانیان، کە فرێزی ناوین، بە فرێزەکانی تری ڕستەوە دەبەستنەوە، پریپۆزیشنەکان بریتین لە: (بە، بۆ، لە، بێ، ە، ....هتد). (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پریپۆزیشنەکان بڕوانە: حسەین: ٢٠٠١، ٦٥-٦٦).

(٢٣٢) أ- نامەکەم بە دەست نووسی.

ب- نامەکەم بۆ ئاری نووسی.

پ- نامەکەم لە زانکۆ نووسی.

لەم ڕستانەدا، فرێزە ناوییەکانی (دەست، ئاری، زانکۆ)، تەواوکەرن، لەلایەن پریپۆزیشنەکانی (بە، بۆ، لە) ەوە، کە سەری ڕێزمانیین، دۆخی ڕێزمانیی پریپۆزیشنییان پێدراوە.

لەگەڵ هەندێک لە پریپۆزیشنەکاندا، دوو مۆرفیمی تر دەردەکەون، کە کۆتایی تەواوکەرەکانیان دەگرن و پێیاندەوترێت پۆستپۆزیشن، کە لە شێوەزاری سلێمانیدا، بریتین لە: (- دا، - ەوە). (حسەین: ٢٠٢١، ٤٢).

(٢٣٣) أ- نانمان لە باخچەدا خوارد.

ب- ڕۆمانەکەم لە ماڵەوە خوێندەوە.

لە ڕستەی (٢٣٣- أ)دا، مۆرفیمی (لە – دا)، لە ڕستەی (٢٣٣- ب)دا، مۆرفیمی (لە- ەوە) سەری ڕێزمانین و فرێزی ناوی (باخچە، ماڵ) تەواوکەرەکانیانن.

٣- ئامرازە لێکدەرەکان لە ڕستەی ناسادەدا:

ڕستە ناسادەکان لە ئەنجامی پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان دوو دروستە، یان زیاتر دروستدەبن، کە بەهۆی ئامرازەکانی بەستنەوەوە، کە سەری ڕێزمانین، لێکدەدرێن، "پرۆژەکە بەپێی تیۆری (x-bar)، پێویستی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرە، کە مۆرفیمی تەکخستن، دەبێتە سەری ڕێزمانی بۆ بونیاتنانی دروستەی ئەم جۆرە لێکدراوە". (سەعید: ٢٠٢٠، ١٤٣) بیرۆکەی کردنی ئامرازە لێکدەرەکان بە (سەری ڕێزمانی) لە دروستە ناسادەکاندا، بۆ (لانگدۆن) دەگەڕێتەوە. (Langendoen: 1975, 540)، (حاجی: ٢٠٠٧، ٧١)، ئامرازەکانیش ئەمانە دەگرنەوە:

أ- ئەو ئامرازە لێکدەرانەی، فرێزی لێکدەر (CoP) بەرهەمدێنن، پێکهاتە ڕێزمانییەکانیان بەهۆی ئامرازە لێکدەرەکان، کە سەری ڕێزمانین بەیەکەوە دەبەسترێن، کە دوو فرێز، یان دوو ڕستەن، "بەمەرجێک هەردوو پێکهاتە خراوەتەکییەکەکە، هاوجۆربن". (سەعید: ٢٠٢٠، ١٤٢)، واتا هەر دوو پێکهاتەکە لە ڕووی سینتاکسی و سیمانتیکییەوە وەکیەکبن، بە لێکدانی هاوپایە (Coordination) ناودەبرێن. (Crystal: 2008, 115).


ئامرازە لێکدەرەکان، کە سەرە ڕێزمانییەکانن، ئەمانەن:

(و، یان، بەڵام، ئەگینا، کەچی، ش، دەنا، تا، نەک، بەڵکو، لەدواییدا، لەپاشان، هەروەها، لەکاتێکدا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئینجا، ئەوسا). (محەمەد ئەمین: ٢٠١٥، ٨٩).

جووتە ئامرازەکانیش، وەک: (یان- یان، نە- نە، چ- چ، هەم - هەم، ش- ش). (عەلی: ١٩٩٢، ١٨).

(٢٣٤) دارا و نەوزاد هاتن.

(فرێزی ناوی + سەری ڕێزمانی + فرێزی ناوی + فرێزی کرداری)، (بڕوانە هێڵکاریی (٢٠)).





هێڵکاریی ژمارە (٢٠)

(٢٣٥) دەچیت بۆ سلێمانی، یان بۆ هەولێر؟

(ڕستەی یەکەم + سەری ڕێزمانی + ڕستەی دووەم)

(٢٣٦) کاروان هات و خەوت.

ڕستەی (٢٣٦)، ناسادەیە، پێکهاتووە لە: (فرێزی ناوی + فرێزی کرداری + سەری ڕێزمانی + فرێزی کرداری)، لە هێڵکاریی ژمارە (٢١)دا ڕوونکراوەتەوە.




هێڵکاریی ژمارە (٢١)

ب- ئەو ئامرازە گەیەنەرانەی، کە ڕستەیەکی سادەی شوێنکەوتوو لەڕووی واتا و مەبەستەوە بە ڕستەیەکی سادەی تری سەربەخۆ و سەرەکی (Main Sentence)، دەگەیەنن و دەبەستنەوە، کە بەهۆیانەوە ڕستەیەکی نوێ دروستدەبێت، پێیدەوترێت (ڕستەی ئاڵۆزSentence Complex)، بە ڕستە ئامرازدارەکە دەوترێت (ڕستەی شوێنکەوتوو)، بە ڕستەی دووەم و سەرەکییەکە دەوترێت (ڕستەی سەرەکی). (محیدین: ٢٠٠٣، ٥٤)، واتە دوو پێکهاتەکە پلەی سینتاکسییان جیاوازە، لەبەرئەوە بە لێکدانی ناهاوپایە ناوزەددەکرێت. (Crystal: 2008, 462).

لەم لێکدانەدا، (ڕستەی شوێنکەوتوو)، دەبێتە تەواوکەری سەرە ڕێزمانییەکە، کە ئەرکێکی سینتاکسی لە ناو ڕستەی سەرەکیدا دەبینێت، "ڕستە شوێنکەوتووەکان بە ئامرازێکی گەیەنەر دەست پێدەکەن، کە وەک فرێزێکی تەواوکاری (CP) ئاماژەیان پێدەکرێت". (ڕەسووڵ: ٢٠١٤، ٤٨).

(٢٣٧) دەرکەوت، کە ئارام نەهاتووە.

لە (٢٣٧)دا، (کە) سەری ڕێزمانییە، ڕستەی سادەی (ئارام نەهاتووە)، تەواوکەرە، سەرەڕای ڕۆڵی بابەتانە، دۆخی ڕێزمانیی بنجیی (دۆخی بکەریی) بە ڕستە سادەکە بەخشیوە.

(٢٣٨) زانیم، کە بە یەکەم دەرچوویت.

لە (٢٣٨)دا، ڕستەی سادەی (بە یەکەم دەرچوویت)، لەلایەن سەری ڕێزمانیی ئامرازی لێکدەری (کە)وە، دۆخی ڕێزمانیی بنجی (دۆخی بەرکاریی) پێدراوە.

(٢٣٩) ئەو ئەسپە، کە هی باوکمە، لای منە.

لەم ڕستەیەدا، سەرە ڕێزمانییەکە، دۆخی بنجی (دۆخی خستنەپاڵی)، بە تەواوکەرەکەی داوە.

(٢٤٠) هەوڵبدە، بەڵکو سەرکەوتوو بیت.

لە ڕستەی (٢٤٠)دا، ئامرازی لێکدەری (بەڵکو)، سەری ڕێزمانییە، دۆخی ڕیزمانیی بنجیی (دۆخی ئەدڤێربلی) بە تەواوکەرەکەی بەخشیوە.

سەرە ڕێزمانییەکانی فرێزی تەواوکەری، بریتین لە: (کە، چونکە، لەبەرئەوەی، ئەگەر، تا، بۆیە، بەڵکو، لەکاتێکدا، ...هتد). (Crystal: 2008, 462). (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محێدین: ٢٠٠٣، ٥٤-٥٥).


دووەم: ئەو سەرە ڕێزمانییانەی ئاڕاستەی پێدانی دۆخیان لە چەپەوە بۆ ڕاستە، سەرە ڕێزمانییەکان لە کۆتاییدان و تەواوکەرەکانیان لە پێشەوەن.

أ- مۆرفیمی (کات و کەس):

لە دروستەی ئەو ڕستانەدا، کە کردارەکانیان تێنەپەڕن، تەنیا (کات و کەس) سەری ڕێزمانین. (حسەین: ٢٠٢١، ٥٢)، بکەر (دیاریکار)ە و فرێزی کرداریش دەبێتە (تەواوکەر).

ب- ڕەگی کردارە تێپەڕەکان:


لە دروستەی ئەو ڕستانەدا، کە کردارەکانیان تێپەڕن، ڕەگی کردار سەری ڕێزمانیی فریزی کردارییە و بەرکار دەبێتە تەواوکەر و لە لایەن ڕەگی کردارەوە دۆخی ڕێزمانی بەرکاری پێدەدرێت. مۆرفیمەکانی (کات و کەس)، کە سەری ڕێزمانیی ڕستەن، فریزی کات و کەس (IP) دادەڕێژن. هێڵکاریی ژمارە (٢٢)، بۆ شیکردنەوەی هەموو ڕستەیەک بەکاردێت.




(Black: 1998, 36)


هێڵکاریی ژمارە (٢٢)

(٢٤١) ئاراز هات.




هێڵکاریی ژمارە (٢٣)

(٢٤٢) من نانم خوارد.




هێڵكاریی ژماره (٢٤)

سەره ڕێزمانییەكانی (كات و كەس، ڕەگی كرداره تێپەڕەكان) له كۆتاییدان و تەواوكەرەكانیان له پێشەوەن، بەمەش ئاڕاستەی پێدانی دۆخیان له لای چەپەوه بۆ لای ڕاسته (سەركۆتایی)ن. هەرچی سەره ڕێزمانییەكانی (مۆرفیمی خستنەپاڵ، مۆرفیمه پریپۆزیشنەكان، ئامرازی لێكدەری ڕستەی ناساده)ن، له سەرەتادان و تەواوكەرەكانیان له كۆتاییدان، ئاڕاستەی پێدانی دۆخیان لەلای ڕاستەوه بۆلای چەپه (سەرسەرەتایی)ن. له ئاڕاستەی پێدانی دۆخی ڕێزمانیدا، "زمانێک، یان دەبێت به سەرسەرەتا، یان سەركۆتایی. سەرباری ئەو دوو بۆچوونەش، دەكرێت زمانێک هەبێت، دوو پارامێتەریی (Free head /Split Parameter) بێت". (مەعرووف:٢٠٢٠،١٠) زمانی كوردی یەكێكه لەو زمانانەی دوو پارامێتەرییه، واتا نه (سەر- سەرەتایی)ی تەواوه، نه (سەر- كۆتایی)ی تەواوه، بەڵكو سیستەمێكی تێكەڵی هەیه.

## (٣-٥-٤) جۆرەکانی دۆخ لە زمانی کوردیدا:

دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا پەیوەست بە نیشانەی دۆخەوە، بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت:

یەکەم: نابەرجەستە (ئەبستڕاکت):

ئەو دۆخە نادیارە، یان نەبینراوەیە، کە نیشانە و شێوەی ڕێزمانیی تایبەتی بۆ ناسینەوەی نییە. (Blake: 2004, 57)، پاش ئەوەی سەرە ڕێزمانییەکان دۆخ بە تەواوکەرەکانیان دەبەخشن، هیچ پاشماوەیەک، وەک نیشانە (مارکە) لەسەر تەواوکەرەکانیان دەرناکەوێت، زمانی کوردیی شێوەی سلێمانی، دۆخەکەی لە جۆری نابەرجەستەیە (ئەبستڕاکتە).

دووەم: مۆرفۆلۆژی، یان کۆنکرێتی:

لەم جۆرەدا، کاتێک سەرە ڕیزمانییەکان دۆخ بە تەواوکەرەکانیان دەدەن، بە دوو شێوە نیشانە لەسەر تەواوکەرەکانیان دەردەکەون:

١- مۆرفۆلۆژیی (بە مۆرفیم)

٢- شکانەوە (فۆرمگۆڕین)

لە شێوەزاری سلێمانیدا، کە چوارچێوە و سنووری لێکۆڵینەوەکەیە، جێگرەوەی مۆرفیم و شکانەوە، وەک نیشانەی دۆخی ڕێزمانیی، جێکەوتە چەسپاوەکانە، لەجیاتی مۆرفیم و شکانەوە، بە واتایەکی تر دۆخە ڕێزمانییەکان نە دەبن بە مۆرفیم و نە لە شێوەی گۆڕینی ناوەکیی فرێزەکاندا بەرجەستە دەبن، بەڵکو کەرەستە بنەڕەتییەکانی ڕستە، کە مەبەست ئارگۆمێنتەکانە، لە شوێنی چەسپاوی خۆیاندا، دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن.

کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ، کە پێشتر خرانەڕوو، هەریەکەیان شێوەی ئاسایی و پریپۆزیشنییان هەیە:

– کرداری تێنەپەڕی ئاسایی: (چوو، کەوت، گەیشت، .... هتد).

– کرداری تێنەپەڕی پریپۆزیشنی: (تێچوو، لێکەوت، پێگەیشت،... هتد).

- کرداری تێپەڕی ئاسایی: (گرت، زانی، دا، ... هتد).

- کرداری تێپەڕی پریپۆزیشنی: (تێگرت، پێزانی، پێدا، ... هتد).

دۆخی ڕێزمانی، کە لە ئەنجامی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بەرجەستەدەبێت، دەشێت هەندێک پەیوەندیی سینتاکسی بە زگماک لە ئاستی قووڵدا هەبن، لەم ڕوانگەیەوە دۆخ بۆ دوو جۆر پۆلدەکرێت: زگماکی و دروستەیی.

## (٣- ٥- ٤- ١) دۆخی زگماکی (بنجی):

لەلایەن ئەو سەرە ڕێزمانییانەوە دەبەخشرێن، کە بە تەنیا ڕۆڵی واتایی بە فرێزە ناویی و دەرخەرییەکان دەدەن، کە هەندێکجاریش بە دۆخی پێکەوەیی ناوزەددەکرێت، چونکە هەمیشە لەگەڵ وەرگرتنی ڕۆڵی واتاییدایە. وەک پریپۆزیشنییەکان، کە دۆخی زگماکی بە فرێزی ناویی دەبەخشن، هەروەها مۆرفیمی (ی)ی خستنەپاڵ، کە سەری ڕێزمانییە، لە دروستەی فرێزی ناویی خاوەنێتیدا، دۆخی زگماکی بە فرێزە ناوییە دەرخەرەکە دەبەخشێت. کەواتە دۆخی زگماکی لە ئاستی قووڵدا، بەو فرێزانە دەدرێت، کە پێویستیی سەرەکیی کردارن (جگەلە بکەر و بەرکار).

هەندێک لە کردارە تێپەڕ و تێنەپەڕەکان فرێزێکی پریپۆزیشنییان بە زگماک لەگەڵدایە، کە پریپۆزیشنەکە دۆخی زگماکی پێدەدات.

(٢٤٣) ئارمەند لە خاڵی دەچێت.

(٢٤٤) پارەی زۆر لە خانووەکە چوو.

(٢٤٥) من پارەم بە دارا دا.

(٢٤٦) گۆڤارەکەم لە نازەنین وەرگرت.

لە (٢٤٣) و (٢٤٤)دا، کردارەکان تێنەپەڕن، پریپۆزیشنەکان دۆخی ڕێزمانیی زگماکییان بە تەواوکەرەکانیان داوە، بەهەمان شێوە لە ڕستەکانی (٢٤٥) و (٢٤٦)یشدا، کردارەکان تێپەڕن، پریپۆزیشنەکان دۆخی ڕیزمانیی زگماکییان بە تەواوکەرەکانیان بەخشیوە.

هەر لە ئاستی قووڵدا، (ی)ی خستنەپاڵ، دۆخی ڕێزمانیی زگماکی بە فریزێکی ناویی دەدات و دۆخی خستنەپاڵی دروستدەکات، بە بێ ئەو دۆخە ڕستەکە نادروست دەبێت .

(٢٤٧) ماڵی نەوزاد لە هەولێرە.

(٢٤٨) برای نەوزاد هات.

لەم ڕستانەدا، مۆرفیمی (ی)، کە سەری ڕێزمانییە، لە دروستەی فریزی خستنەپاڵی خاوەنداریێتییدا، دۆخی خستنەپاڵی بە زگماکی بە تەواوکەرەکەی بەخشیوە.

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتی یەکەمیان ئەرکی بکەر، یان بەرکار دەبینن، دۆخەکەیان زگماکییە، لە ئاستی قووڵدا، دۆخیان وەرگرتووە، بۆیە سەرەتا پێویستە ئاماژە بە پێناسە و جۆری کردارە لێکدراوەکان بدرێت:

کرداری لێکدراو:

لە لێکدانی دوو بناغە سازدەبێت و لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییەوە وەک وشەیەکی نوێ ڕەفتاردەکات، یەکێک لەو دوو بناغەیە، هەمیشە کردارە و لە شێوەی بنەڕەتی، یان داڕێژراو، یان لێکدراودایە و ئەوی تریشیان بریتییە لە دانەیەکی فەرهەنگی وەک (ناو/ ئاوەڵناو/ ئاوەڵکردار)، کە دەشێت لە فۆڕمدا (سادە/ داڕێژراو/ لێکدراو) بێت. وەکو (سوێنددەخوات، سوورهەڵدەگەڕێت، نەخۆشدەکەوێت،..). (عول: ٢٠٠١، ٤٠).

یەکێکی تر لەو پێناسانەی بۆ کرداری لێکدراو کراوە: دروستەیەکە لە کردارێک و کەرەستەیەک، یان زیاتر پێکهاتووە، ئەوانەیان، کە تاکە کەرەستەیەک هاوبەشی داڕشتنی کردوون، دەشێت ڕۆڵێکی بابەتانەیان لە کردارەوە وەرگرتبێت، یان هیچ ڕۆڵێکیان نەبێت، بەڵام ئەوانەیان، کە زیاتر لە کەرەستەیەک پێکیهێناون، یەکەمیان هەمیشە ڕۆڵێکی لە کردارەوە پێدەدرێت و دووەمیشیان لە هیچ بارێکدا ڕۆڵی پێنادرێت. (حسەین: ٢٠٠٩، ٣٨).

کردارە لێکدراوەکان ئەم قاڵبە سینتاکسییانەی خوارەوە بە ڕستە دەدەن: (بڕوانە: عول: ٢٠٠١، ٧٠).

١- بکەر + کردار: (ڕۆحی چوو، پشتی شکا، ترسی شکا، ناوکی کەوت، ...هتد).

(٢٤٩) ڕۆحی من چوو.

(٢٥٠) ترسی منداڵەکە شکا.

(٢٥١) ناوکی دارا کەوت.

لەم ڕستانەدا، کەرتەکانی یەکەمی کردارە لێکدراوەکانیان ئەرکی بکەر لە شێوەی فرێزی خستنەپاڵیدا دەبینن، دۆخی زگماکییان وەرگرتووە.

٢- بەرکار + کردار: (سوێندی خوارد، ژنی هێنا، هێرشی هێنا، شەڕی کرد، ....هتد).

(٢٥٢) پیاوەکە سوێندی خوارد.

(٢٥٣) کوڕەکە ژنی هێنا.

(٢٥٤) دوژمن هێرشی هێنا.

لە کردارە لێکدراوەکانی ئەم ڕستانەدا، کەرتەکانی یەکەمیان ئەرکی بەرکار دەبینن، دۆخی زگماکیان پێدراوە.

٣- بکەر + کرداربەندی/ تەواوکەر + کردار: (چاوی سووربوو، هەناسەی تەنگ بوو، ...هتد).

(٢٥٥) چاوی منداڵەکە سووربوو.

(٢٥٦) هەناسەی نەخۆشەکە تەنگ بوو.

لە (٢٥٥) و (٢٥٦)دا، کەرتی یەکەمی کردارەکانیان ئەرکی تەواوکەریان بینیوە، بە زگماکی دۆخەکەیان پێدراوە.

٤- بکەر + کردارە لێکدراوەکە: (جوان بوو، سەوزبوو، ....هتد).

(٢٥٧) منداڵەکە جوان بوو.

(٢٥٨) باخچەکە سەوز بوو.

لەم ڕستانەدا، کەرتەکانی یەکەم لە شوێنی (کرداربەندی)ن، واتە ئەرکی سینتاکسییان نییە و دۆخی ڕێزمانییان وەرنەگرتووە.

٥- بکەر + بەرکار + کردارە لێکدراوەکە: (ئاویدا، بۆیەیکرد، دروستیکرد، ...هتد).

(٢٥٩) من زەوییەکەم ئاودا.

لە (٢٥٩)دا، کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکە هیچ ئەرکێکی سینتاکسی نابینێت، لەبەرئەوە دۆخی ڕیزمانییان پێنەدراوە.

## (٣- ٥- ٤- ٢) دۆخی دروستەیی:

دۆخی دروستەیی بۆ ئەمجۆرانە پۆلدەکرێت:

١- دۆخی بکەریی (Nominative):

لەلایەن (کات و کەس)ەوە، بەتایبەتی، کەسی کردارەوە، بە فریزی ناویی بکەر دەدرێت.

(٢٦٠) <u>دارا</u> هات<u>Ø</u>.

(٢٦١) <u>نازەنین</u> وانەکە<u>ی</u> ئامادەکرد.

لەم ڕستانەدا، فریزە ناوییەکانی (دارا، نازەنین) دۆخی ڕێزمانیی بکەرییان لەلایەن کات و کەسی کردارەوە پێدراوە.

٢- دۆخی بەرکاریی (Accusative):

لەلایەن ڕەگی کرداری تێپەڕەوە ، بە فریزی ناویی بەرکار دەبەخشرێت.

(٢٦٢) شکۆ نان دەخوات.

(٢٦٣) دارا وانەکەی نووسـی.

لە (٢٦٢) و (٢٦٣)دا، فریزی ناویی (نان، وانەکە) دۆخی بەرکارییان لەلایەن ڕەگی کردارەوە وەرگرتووە.

٣- دۆخی پریپۆزیشنی (ئەدڤێربڵی) (Dative):

ئەم دۆخە لەلایەن پریپۆزیشنەکانەوە دەدرێت، کە کردارەکانیان فرێزی پریپۆزیشنیان بە زگماکی لەگەڵدا نییە.

(٢٦٤) منداڵەکە لە سەربانەکە نووست.

(٢٦٥) نازەنین وانەکەی بە دەست نووسی.

لەم ڕستانەدا، (سەربانەکە، دەست) لەلایەن پریپۆزیشنی (لە، بە)ەوە، دۆخی پریپۆزیشنیان پێدراوە.

لە پێکهاتەی ڕستەدا فرێزەکان دۆخدارن، "تەنیا ئەو فرێزانە دۆخیان نابێت، کە لە جێکەوتەی ئەرکە سینتاکسییەکانی (بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ، دەرخەر)دا نین و لە جێکەوتەی کرداربەندیدان، واتە لە دروستەی ئەو ڕستانەدا، کە کرداری (بوو) یان تێدایە و تەنیا وەک کەرەستەیەکی تەواوکەر ڕۆڵ دەبینن، بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکی سینتاکسییان هەبێت". (حسەین: ٢٠٢١، ٥٤).

(٢٦٦) ئەو کوڕە دارا بوو.

(٢٦٧) دارا ئەندازیارە.

لەم ڕستانەدا، فرێزە ناوییەکانی (دارا، ئەندازیار) دۆخی ڕێزمانییان نییە، چونکە لە جێکەوتەی ئەرکە سینتاکسییەکاندا نین، لە شوێنی (کرداربەندی)دان.

## (٣-٦) ڕستەی سادەی فراوانکراو:

ڕستە لەڕووی دروستەوە بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت: سادە و ناسادە، ڕستەی سادەش، ئاسایی و فراوانکراوی هەیە. ڕستەی سادەی فراوانکراو، ئەو ڕستەیە، کە وشە سەربارەکانی تێدایە. (بڕوانە: ڕەسول: ٢٠١٤، ٢٤). ڕستە لە سادەترین شێوەیدا لە دوو فرێزی سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە: فرێزی ناوی و کرداری، بەپێی سیستەمی دووانی (دوو پەلکی)، جارێکی تریش فرێزی کرداری بۆ فرێزی ناوی و کردار دابەشدەبێتەوە، چونکە "بەرکار فرێزێکی ناوییە و لە ناو فرێزی کردارییدایە و گرێی فرێزی کرداری بەسەریدا زاڵە، واتە بەرکار و کردار پێکەوە یەکدەگرن و دەرئەنجامەکەی داڕشتنی فرێزی کرداری دەبێت". (حسەین: ٢٠١٢، ٢٤١). کەواتە ڕستەی سادە لە تەنیا کردارێک و فرێزە پێویستەکانی پێکدێت.

(٢٦٨) نەسرین سێوی خوارد.
بکەر بەرکار کردار

(٢٦٩) منداڵەکە نووست.
بکەر کردار

ڕستەی سادە لە ئاستی ڕووکەشدا، بەهۆی چەند کەرەستەیەکی ناسەرەکییەوە فراواندەکرێت. کە مەبەست فرێزە ئەدڤێربڵییەکانە، واتە زیادکردنی ژمارەی فرێزەکان بە فراوانکردنی ڕستەی سادە دادەنرێت، کە بوونیان لە ڕستەدا، یان لابردنیان، نابێتەهۆی تێکچوونی واتای بنەڕەتیی ڕستە، بەڵکو زانیاریی زیاتر دەبەخشن. بە واتایەکی تر بەهۆی زانیارییەکانی کردار (کات، شوێن، چۆنیەتی، چەندێتی،.... هتد) ڕستە سادەکان فراواندەکرێن.

ئەدڤێربڵ: فرێزێکە، ڕوویەکی سینتاکسی و یەکێکی سیمانتیکی هەیە، لە ڕووی سینتاکسییەوە بریتییە لە پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کردار و فرێزەکانی ناو فرێزی کرداری، جگەلە فرێزی ناویی بەرکار، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەشدا، زانیاریی هەمەچەشن، سەبارەت بە ڕوودانی کردار دەخرێتەڕوو، لە ڕووی سیمانتیکیشەوە، ئەو فرێزانەن، کە وەسفی کردار دەکەن و دەبنە وەڵام بۆ هەموو پرسیارێک، کە دەربارەی بکرێت و ڕوویەکی نادیاری، ئاشکرادەکەن.

(بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەدڤێربڵ، بڕوانە: حسەین: ٢٠٠١).

فرێزی کرداری و پاشان ڕستە، بەهۆی فرێزە ئەدڤێربڵییەکانی (شوێنی، کاتی، چۆنیەتی، چەندێتی، ...هتد) فراواندەکرێت، لەژێر هەژموونی کرداردایە، چونکە هەموو کردارێک ئەدڤێربڵ وەرناگرێت، کردار هەیە، جۆرێک لە ئەدڤێربڵ وەردەگرێت و جۆرێکی تر وەرناگرێت. بۆ نموونە کرداری (مرد) پێوانەناکرێت، بە واتایەکی تر ناتوانرێت بپێورێت، بەڵام کرداری (خواردی) پێوانەدەکرێت.

(٢٧٠) أ- منداڵەکە مرد.

ب- منداڵەکە ئێستا مرد.

پ- * منداڵەکە زۆر مرد.

ڕستەی (٢٧٠- ب)، بەهۆی ئەدڤێربڵی (ئێستا)وە فراوانکراوە، بەڵام ڕستەی (٢٧٠- پ)، نادروستە، چونکە کرداری (مرد Ø) ڕێگە بە ئەدڤێربڵی (زۆر) نادات، کە ڕستەکەی پێ فراوانبکرێت.

(٢٧١) أ- منداڵەکە نانی خوارد.

ب- منداڵەکە ئێستا نانی خوارد.

پ- منداڵەکە نانی زۆر خوارد.

ڕستەکانی (٢٧١- ب) و ( ٢٧١- پ)، بەهۆی فرێزە ئەدڤێربڵەکانی (ئێستا، زۆر)ەوە فراوانکراون.

یەکێک لە فرێزە ئەدڤێربڵییەکان (وەسیلە)یە، کە کردار بەپێی سروشتی خۆی، پەسەندیدەکات، ئەگەرنا ڕستەی نادروست بەرهەمدێت. بۆ نموونە: (چوو) وەسیلەی دەوێت.

( ٢٧٢) من بە پێ چووم بۆ بازاڕ.

لەم ڕستەیەدا، کرداری (چوو)، وەسیلەی (بەپێ) پەسەنددەکات، بەڵام لە (٢٧٣ ب)دا، کردار پەسەندیناکات.

(٢٧٣) أ- من بە دەست وانەکەم نووسی.

ب- * من بە پێ وانەکەم نووسی.

(٢٧٤) أ- نەسرین زیرەکە.

ب- نەسرین زۆر زیرەکە.

هەموو ئەوانەش هەژموونی کردار بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستە لە ئاستی ڕووکەشدا دەردەخات، کە کردار بەپێی سیما و سروشتی تایبەتیی خۆی، ڕێگە بە هاتنەناوەوەی هەندێک کەرەستە نادات و ڕێگە بە هەندێکی تر دەدات، کە ڕستە بەهۆیانەوە فراواندەکرێت. بەگشتی، ڕستە بەهۆی خستنەڕووی زانیارییەکانی تایبەت بە کردار، کە (ئەدڤێربڵەکان) گوزارشتی لێ دەکەن و دەریدەبڕن، فراواندەکرێت، ئەمەیش هەژموونی کردار لە ڕوانگەی فراوانکردنی ڕستەوە نیشاندەدات.

## (٣-٧) دروستەی مۆڕفۆسینتاکس:

مۆڕفۆسینتاکس زاراوەیەکی زمانەوانیی هەڵقوڵاوی بواری مۆڕفۆلۆژی و سینتاکسە. (قادر: ٢٠٠٣، ١٤). ئەو دروستەیە، "نواندنی ڕستەیە بە مۆڕفیم، واتە تێکەڵبوونی هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی، چونکە سنووری نێوان وشەسازی و ڕستەسازی بە ڕادەیەک تێکچرژاوە، بە ئاسانی لە یەکتر جیاناکرێنەوە و دیاریکردنی سنووری نێوانیشیان لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا یەکدەگرێت، ئەویش دروستەی مۆڕفۆسینتاکسییە". (مەلازادەیی: ٢٠١٣، ٧٠).

مۆرفۆسینتاکس شێوازێکی گەیاندنی بیره، "که تایبەتێتیی سینتاکتیکی وشه فەرهەنگییەکان دەرەخسێنێت و بۆشاییەکانی پێکهاتەی فرێز و ڕستەکان بیرکاریانه له ڕێی گونجاندن و هاوتابوونی پێکهێنەرەکانیانەوه پڕدەکاتەوه و تێگەیشتن دێنێته ئاراوه". (قادر: ۲۰۰۳، ۲۸).

له دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، کەرەستەکانی ڕسته، دەکرێن به جێناوی لکاو، که کردار دەتوانێت، له دەوری خۆی کۆیانبکاتەوه، زمانی کوردی بکەرخراوه، ڕێگەدەدات بکەرەکەی لابدرێت و دەرنەبڕدرێت، هەروەها بەرکار، ئەگەر لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، ناسراو بوو، دەتوانرێت لاببرێت و دەرنەبڕدرێت، به واتایەکی تر "به هۆی ئەو زانیارییه هاوبەشانەی نێوان قسەکەر و گوێگرەوه دەتوانرێت دەمگرتنەوه له ئاخاوتنەکاندا ئەنجام بدرێت". (سالح: ۲۰۱۲، ۱۹۲)، بەمەش کردار خۆی به تەنیا دروستەی ڕسته پێکدەهێنێت به کۆکردنەوەی کەرەستەکانی تر له شێوەی جێناوی لکاودا، که دەتوانێت بیری قسەکەر به گوێگر بگەیەنێت.


یاساکانی مۆرفۆسینتاکس بەپێی تێپەڕ و تێنەپەڕ و کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو گۆڕانیان بەسەردا دێت. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانه: مەلازادەیی: ۲۰۱۳).

۱- بۆ ڕابردووی تێنەپەڕ:

(ڕەگ + تاف + نیشانەی بکەر)

(۲۷۵) أ- من ڕۆیشتم.

ب- ڕۆیشتـم.





۲- بۆ ڕانەبردووی تێنەپەڕ:

(نیشانەی تافی ڕانەبردوو + ڕەگ + نیشانەی بکەر)

(۲۷٦) أ- من دەڕۆم.

ب- دە ڕۆ م.



٣- بۆ ڕابردووی تێپەڕ:

(ڕەگ + تاف + نیشانەی بکەر + بەرکار)

(٢٧٧) أ- من ئەوانم نارد.

ب- ئەوانم نارد.

پ- نارِ د مـن.

ڕەگ    تاف    نیشانەی بکەر    بەرکار

بەڵام ئەگەر بکەر بۆ کەسی سێیەمی تاک بوو، ئەوا دروستەی مۆرفۆسینتاکسییەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەم جۆرە:

(ڕەگ + تاف + بەرکار + نیشانەی بکەر)

(٢٧٨) أ- ئەو سێوەکانی خوارد.

ب- سێوەکانی خوارد.

پ- خوار د نی.

ڕەگ    تاف    بەرکار    نیشانەی بکەر

٤- بۆ ڕانەبردووی تێپەڕ:

(نیشانەی تافی ڕانەبردوو + بەرکار + ڕەگ + نیشانەی بکەر)

(٢٧٩) أ- من ئەوان دەنێرم.

ب- ئەوان دەنێرم.

پ- دە یان نێر م.

نیشانەی تافی ڕانەبردوو    بەرکار    ڕەگ    نیشانەی بکەر

ئەو یاسایانەی سەرەوە، لەسەر کردارە بنجییەکان جێبەجێدەکرێن، لە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا، پەیوەست بە نیشانەی بکەر و بەرکارەوە جێگۆڕکێ بە نیشانەکان دەکرێت. ئەمەیش هەژمووونی کردار لە ڕوانگەی مۆرفۆسینتاکس نیشاندەدات، کە "لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، دەتوانرێت، ڕستە بۆ تاکە وشەیەک کورتبکرێتەوە. بەڵام دەبێت، ئەو ڕستە کورتە هەموو ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی ڕستەی تێدابێت، کە بریتین لە: ڕەگی کردار و مۆرفیمی کات و جێناوی لکاو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە وشەکانی تر بونەتە سفر، چونکە ئەم ڕەگەزە بنەڕەتییانەی، کە لە کورتە ڕستەکەدا ماونەتەوە بە شێوەی مۆرفیمی بەند نوێنەرایەتی وشەکانی تر دەکەن و واتا سەرەکییەکەی ڕستەکە دەگەیێنن". (ڕەسووڵ: ٢٠١٥، ٤٣٩).

## (٣-٨) گواستنەوەی باسمەند:

دیاردەیەکی سینتاکسییە، کە تێیدا هەندێک کەرەستەی ڕستە لە شوێنی بنەڕەتی و چەسپاوی خۆیانەوە، بۆ مەبەستی جەختکردن بۆ پێش بکەر دەگوازرێنەوە، کە لە کوردیدا بە شوێنی (باس) دادەنرێت، ئەو کەرەستەیەی تێیدا دەردەکەوێت، هیچ گۆکردنێکی ڕێزمانیی نابێت، چونکە ئەم شوێنە لە بنەڕەتدا، هی ئەرکە ڕێزمانییەکان نییە، لەبەر ئەوە کەرەستەی دەرکەوتوو ئەرکێکی وەک (باس، topic) لەم شوێنەدا دەبینێت. (حسەین: ٢٠٠٩، ١١٤).

کاتێک یاسای گواستنەوەی باسمەند بەسەر فرێزی ناویی بەرکاردا جێبەجێدەکرێت و بۆ شوێنی (باس) دەگوێزرێتەوە، دەبێت کۆپیبکرێت، فۆرمی کۆپیکراویش لەسەر کردار دەردەکەوێت. واتە جێناوە لکاوەکە بە خورتی بۆ سەر کردار دەگوازرێتەوە، شوێنی بەرکار بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و هێمای (trace-t) لە شوێنی دادەنرێت. لە ئەنجامی ئەو گواستنەوە بە ئارەزووییەدا، دروستەی (مۆرفۆسینتاکس) بەرهەمدێت. بە واتایەکی تر دەتوانین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دروستەی ڕستەدا دێن، لە ئەنجامی گواستنەوەی بە ئارەزوویی فرێزی ناویی بەرکار بۆ شوێنی باس، لە سێ خاڵدا بخەینەڕوو:

١- لەکاتی ڕابردوودا، جێناوی لکاوی سەر بەرکار، بە خورتی بۆ سەر کردار دەگوێزرێتەوە، چونکە موڵکی کردارەکەیە و لە بنەڕەتدا (ئاستی قووڵ) لە سەر کردارەکە بووە، بۆیە بەرکار ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیباتەدەرەوە.

٢- شوێنی بنجیی بەرکار بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و هێمای (trace - t) لە شوێنی دادەنرێت.

٣- فۆرمی کۆپیکراوی، لە سەر کردار دەردەکەوێت. (حسەین: ٢٠١٢، ٢٤١).

(٢٨٠) أ- من سێوەکەم خوارد.

بەرکار

ب- سێوەکە، من t خواردم.

باس      شوێنی بنجی بەرکار

(٢٨١) أ- من سێوەکە دەخۆم.

بەرکار

ب- سێوەکە، من t دەیخۆم.

باس      فۆرمی کۆپیکراوی بەرکار

لە (٢٨١-أ)دا، (سێوەکە)، بەرکارە، بۆ مەبەستی جەختکردنەوە، بۆ شوێنی (باس) گوازراوەتەوە، کۆپییەکی فرێزە ناوییە بەرکارەکەش چووەتەسەر کردارەکە.

(٢٨٢) أ- کتێبی ئێمە هەیە .

دەرخەر

ب- ئێمە، کتێبمان هەیە.

فۆرمی کۆپیکراوی دەرخەر

باس

لە (٢٨٢- أ)دا، (ئێمە) دەرخەرە، بۆ مەبەستی جەختکردنەوە، بۆ شوێنی (باس) گوازراوەتەوە، کۆپییەکی چووەتەسەر تەواوکەری کرداری (بوو)، کە بۆکاتی ئێستایە.

(٢٨٣) أ- باران باری.

ب- باران دوێنێ باری.

پ- دوێنێ باران باری.

لە (٢٨٣- پ)دا، فرێزی ئەدڤێربلی کاتی (دوێنێ)، بۆ مەبەستی جەختکردن بۆ پێش بکەر (باس) گوازراوەتەوە، کە گواستنەوەی کەرستەکان بۆ شوێنی (باس) بەمەبەستی جەختکردنەوە لەژێر هەژموونی کرداردایە.

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون ئەمانەن:

١. کردار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەژموونی بەسەر کەرەستەکانی ڕستە، لە هەر دوو ئاستی قووڵ و ڕووکەشدا هەیە و هەموو کەرەستەکانی تر بە کردارەوە بەندن و بە ویستی کردار دێنەناو ڕستەوە و کردار حوکمیاندەکات.

٢. هەژموون و ڕۆڵی کردار لە ئاستی قووڵی ڕستەدا، دابەشکردنی ڕۆڵە واتاییەکانە، کە بە دیاریکەری ئاستی سیمانتیکیی دەربڕاوەکان دادەنرێت. بە دەوری کرداردا بازنەی واتایی جیاواز هەن، هەر بازنەیەک پەیوەندیی واتایی لەنێوان کردار و فرێزێکی پێکهێنەری ڕستەدا دروستدەکات، فرێزەکانیش بە ویستی کردار دێنەناو ڕستەوە، کە دروستەکانیان بەپێی تیۆری (x- bax) دادەڕێژرێن، هەندێکیان تەنیا لە (سەر) و هەندێکی تریان لە (سەر) و (تەواوکەر) پێکدێن.

٣. ئاستی ڕووکەشی ڕستە بەهۆی یاساکانی گواستنەوەوە لە ئاستی قووڵەوە بەرهەمدێت، گواستنەوەکان لەژێر هەژموونی کرداردان، کە ڕێگە بە گواستنەوەی هەندێک کەرەستە دەدات و ڕێگە بە هەندێکی تر نادات، هەروەها ڕستە لەژێر هەژموونی کرداردا فراواندەکرێت، کردار بەپێی سیما و سروشتی خۆی ڕێگە بە هاتنەناوەوەی هەندێک لە فرێزە ئەدڤێربڵییەکان بۆناو ڕستە دەدات و ڕێگە بە هەندێکی تریان نادات.

٤. هەژموونێکی تری کردار لە ئاستی ڕووکەشدا، دۆخی ڕێزمانییە، کە کردار ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە تەواوکەرەکانی دەبەخشێت. زمانی کوردی لە ئاڕاستەی پێدانی دۆخدا سیستەمێکی تێکەڵی هەیە، لە دۆخی دروستەییدا، دۆخی بکەریی لەلایەن کەرەستە گەردانییەکانی کات و کەسەوە و دۆخی بەرکاریی لەلایەن ڕەگی کردارەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست بە تەواوکەرەکانیان دەبەخشرێن، لە دۆخی بنجییدا، دۆخی پریپۆزیشنی لەلایەن پریپۆزیشنەکانەوە و دۆخی خستنەپاڵی خاوەنداری لەلایەن / ی/، یان / ە/ ەوە و دۆخی ڕێزمانیی ڕستە ناسادەکان، لەلایەن ئامرازە لێکدەرەکانەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەدرێن.

٥. هەژمورونی کردار لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، کە شێوازێکی گەیاندنی بیرە و دەربڕینی کەرەستەکانی ڕستەیە بە جێناوی لکاو، کە کردار دەتوانێت کەرەستەکان لە شێوەی کلیتیک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و مۆرفۆسینتاکس بەرهەمبهێنێت.

٦. هەندێک ڕستە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بە شێوەی باسمەند بەکاردێن، بەمجۆرە:

أ- لەو فرێزە ناوییانەی دەرخەریان هەیە و پێش دەرخراو کەوتوون، کاتێک قسەکەر مەبەستی بێت، کە جەخت لەسەر دەرخەر بکات، بۆ شوێنی باس دەیگوێزێتەوە، جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی (م- مان)، لە هەموو بارێکدا ئەرکی کۆپیکردنی دەرخراو دەبینێت.

ب- لەو ڕستانەدا، کە کرداری (بوو) یان تێدایە و ئەرکی نیشاندانی پەیوەندیی دەرخراویی و دەرخەرییە، لە فرێزی ناویی بکەردا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەگشتی، دەرخەر بۆ پێش بکەر دەگوێزرێتەوە و بە یەکێک لە جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م- مان) کۆپیدەکرێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردیی:

- **کتێب:**


١. ئەمین، وریا (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢. ________ (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣. ________ (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤. باتینی، محەمەد (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، و: حەسەنی قازی، سوید.

٥. حسەین، ئازاد (٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٦. حسەین، شیلان (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

٧. خۆشناو، خەسرۆ (٢٠٠٨)، بەرکار لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕێبازی فۆڕمی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٨. دزەیی، عەبدولواحید (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٩.________ (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٠.________ (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١١. ڕەسوڵ، سەلاح (٢٠١٤)، پرەنسیپی بە ئابووریکردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢. ڕەسول، عەبدوڵلا (٢٠١٤)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٣.________ (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٤. ساڵح، دەروون (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٥. سەعید، سازان (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپی یەکهەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

١٦. سەعید، یوسف (٢٠٠٩)، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٧. عەلی، بەکر (٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٨. عومەر، نەوزاد (٢٠١٤)، کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٩. فەرهادی، ساجیدە (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢٠.________ (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢١. فەخری، نەسرین و موکریانی، کوردستان (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٢. قادر، سەباح (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٣. قادر، کاروان (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٢٤. مەعروف، عەبدولجەبار (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسیی کوردی، بەرگی یەکهەم، چاپی یەکهەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

٢٥. محەمەد ئەمین، یوسف (٢٠١٥)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٢٦. محەمەد، حاتەم (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢٧. محەمەد، فەرەیدون (٢٠٠٨)، نادیاری، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لەنێوان دوو زاری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

٢٨. مەحویی، محەمەد (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٢٩. مەحوی، محەمەد و عومەر، نەرمین (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی.

٣٠. مەلازادەیی، یارا (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٣١. محمد، دارا (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە تیۆرییەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٣٢. محێدین، ڕەفیق (٢٠٠٣)، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردییدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٣. ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی _ مێژوویی _ بونیادگەریی _ چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٣٤.________ (٢٠٠٨)، زمانناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر .

- نامەی ئەکادیمیی:

٣٥. ئەحمەد، بڕوا (٢٠١١)، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر زانکۆی کۆیە، هەولێر.

٣٦. ئەحمەد، سیروان (٢٠١٥)، دروستەی سینتاکسی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣٧. ئیبراهیم، بەشدار (٢٠١٤)، واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣٨. حاجی، ڤیان (٢٠٠٧)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٣٩. حسێن، ئازاد (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٠. عەلی، بەکر (١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤١. عبدالرحمن، مصطفی (٢٠٢٢)، دروستە و دەرکردە واتاییەکانی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٢. علی، تالیب (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٣. عول، محەمەد (٢٠٠١)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووداـ ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٤.________ (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خوارووداـ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٥. قادر، ئەبوبەکر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٦. قادر. تارا (٢٠٠٤)، جێناو لێکدانەوەییێکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٧.________ (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٤٨. کەریم، عومەر (٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو)، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد.

٤٩. کەمال، دیار (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥٠. معین، سازان (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥١. والی، هەژار (٢٠١٥)، بەبەرهەمی و هێزی کردار لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥٢. یونس، سەمیرە (٢٠١٣)، سینتاکسیی وشە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

- گۆڤار:

٥٣. حسەین، ئازاد (٢٠١٢)، یاساکانی گواستنەوە بە گشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٣٤).

٥٤.________ (٢٠١٢)، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا-شێوەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٢).

٥٥.________ (٢٠٢١)، سەری ڕێزمانی لە پێکهاتەی ڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی ( B )، ژمارە (٦٧).

٥٦. ________ (٢٠٢١)، ڕۆڵی تەواوکەر لە پێکهاتەی ڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگ (٨)، ژمارە (٤).

٥٧. ________ (٢٠٢٢)، پەیوەندیی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان و ئەرکە سینتاکسییەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٩)، ژمارە (٤).

٥٨. فەرهادی، ساجیده (٢٠٠٢)، پەیوەندی واتایی نێوان کار و بەشەکانی تری ڕستە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٩).

٥٩. قادر، ئەبوبەکر (٢٠١٧)، شرۆڤەکردنی ڕستەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەرگی (٣)، ژمارە (٤).

٦٠. مەعروف، عەبدولجەبار (٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٣٨).

- **بە زمانی عەرەبی:**

٦١. بوقر، نعمان (٢٠٠٩)، اللسانيات اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث، أردن.

٦٢. بوول، جيفري (٢٠٠٩)، النظرية النحوية، ترجمة مرتضى جواد باقر، الطبعة الأولى، بيروت.

٦٣. خرما، نايف (١٩٧٨)، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

٦٤. جومسكي، نعوم (١٩٦٥)، جوانب من نظرية النحو، ترجمة مرتضى جواد الباقر، وزارة التعليم العالي، جامعة البصرة - ١٩٨٥.

٦٥. رضوان، حمدان (٢٠٠٧)، التطورات النظرية التوليدية في نصف قرن، مجلة جامعة الشارقة للعلوم البشرية والإنسانية، المجلد ٤، العدد ٣ .

٦٦. غلفان، مصطفى، و ملاخ، محمد، و علوى،حافظ (٢٠١٠)، اللسانيات التوليدية، عالم الكتب الحديث، أربد– الأردن.

٦٧. عبداللطيف، محمد (١٩٨٤)، العلاقة الإعرابية في الجملة بين القديم والحديث، جامعة القاهرة.

٦٨. لاينز، جون (٢٠٠١)، جومسكي، ترجمة بيدأ على العبيدي ونغم قحطان العزاوي، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.

٦٩. يونس، محمد (٢٠٠٤)، مدخل إلى اللسانيات، ليبيا، دارالكتب الوطنية.

- **به زمانی فارسی:**

۷۰. مقدم، محمد (۱۳۸٦)، زبانشناسی نظری، پیدایش وتکوین دستور زایشی، ویراست دوم، سازمان چاپ و انتشارات، وزارت فرهنگ وارشاد اسلامی، تهران.

۷۱. عمادی، سیدعلی (۱۳۷٦)، نحوزبان فارسی (برپایه نظرية حاکمیت و مرجع گزینی) ، تهران: انتشارات سازمان مطالعة و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاها.

- **به زمانی ئینگلیزی:**

72. Amin,Waria (1979) . Aspects of The Verbal Construction in Kurdish, London University,printed in: Haji Hashim Printing House.

73. Black, Cheryl (1998). A Step –by- Step in troduction to the Government and Binding Theory of Syntax, Mexico Branch an university of North Dakota.

74. Blake,Barry (2004). Case. Second edition, Cambridge, University Press.

75. Carnie, Andrew (2013) . Syntax , A Generative Introduction, Third Edition published by Blackwell publishing Ltd .

76. Cook,Vivan and Newson, Mark (2007). Chomskys Unversal Grammer, Third edition, Black Well: Oxford.

77. Cowper, Elizabeth A (1992). A Concise Entroduction to Syntactic Theory,The University of Chicago.

78. Cruse, Alan (2000). Meaning in language; An introduction to semantics and pragmatics, Oxford university press.

79. Crystal, David (2008). A Dectionary of Linguistics and phonetics,Sixth Edition. Blackwell, Oxford.

80. Chomsky, Namo(1957) . syntactic structure, Twelfth printing (1976). mouton, The Hague.

81._________ (1981) . Lectures on Government and Binding,The pisa Lectures Mouton de grayter,(1993). Berlin, New York.

82.__________ (1986a). Knowledge of Language, Its Nature, Origin and Use, Praeger, New York.

83. Fowler, Roger (1971) . An introduction to transformational Syntax, 1st edition, Routledge and Kegan pauek, Ltd , London.

84. Haegeman, Liliane (1998) . Introduction to Government and Binding Theory, Reprinted. 2nd edition, oxford: Black well.

85. Haspelmath, Martin (2002) . Understanding Morphology, Arnold Amember of the Hodder Headline Group: London.

86. Horrocks, Geoffrey (2014) . Generative Grammar, Routledge Taylor francis Group London and NewYork.

87. Langendoen, D.Terence (1975) . Finite- state parsing of phrase structure Language and the status of read justment rules in grammar . Linguistic Inquiry 6:533-554.

88.a Mathews, P.H (1997). The concise oxfird Dictionary of linguistics, oxford University Press.

89. saleemi, Anjum p (1992).Universal Grammar and Language Learnability, First published, Cambridge University press.

90. Smith,Neil (1999) . Chomsky Ideas and Ideals, Cambridge University Press.

91. Trask, R (1993) . A dictionary of grammatical Terms in linguistics, Roultedge, London.

92. Van Valin, Roberto, D.JR (2004) . An Introduction to syntax, Cambridge, University Press.

# خلاصة البحث

إن هذه الرسالة الموسومة: (هيمنة الفعل في اللغة الكوردية من منظور نظرية التحكم والربط)، عبارة عن دراسة في مجال بناء الجملة، جُمعت عناصرها و بياناتها من متحدثي لهجة السليمانية، الهدف الرئيسي من الدراسة، هي إبراز هيمنة و دور الفعل على المكونات الأخرى على المستويين: البنية العميقة والسطحية للجملة، واقتضت طبيعة الدراسة البحث في الجانب المعنوي، لأن تداخلا و تعارضا يلاحظان بين مستوى بناء الجملة ودلالتها، فبناء الجملة كمكون لغوي و مكونات الدراسة لها وجهان، وهي (الشكل والمعنى). تتكون الدراسة من مقدمة و ثلاثة مباحث ونتائج:

المبحث الأول:

بعنوان (مراحل تطور نظرية التحكم والربط)، وتم تخصيصه للجانب النظري للدراسة، في البداية تم إلقاء الضوء على النظرية التوليدية التحويلية، ثم نظرية التحكم والربط، مع عرض فروعها، كي تظهر كقسم لا ينفصل عن الموضوع من جانب، ومن جانب آخر نضع أساسا للجانب النظري للدراسة.

المبحث الثاني:

بعنوان (دور الفعل في التركيب العميق للجملة) في هذا المبحث علاوة على التعريف بالمستوى العميق للجملة و خصائصه، تم عرض مدى صحة عبارات الفعل وفق نظرية (x-bar) مع الأدوار الدلالية التي يمنحها الفعل لها.

المبحث الثالث:

بعنوان (هيمنة الفعل في التركيب السطحي للجملة)، في هذا المبحث بعد التعريف بالمستوى السطحي، تم عرض قواعد التحويل والظروف النحوية وتوسعة الجملة البسيطة. ثم ذكر صحة جملة مورفوسنتاكس (بنية الكلمة والجملة والعلاقة بين عناصر الجملة)، والتي يؤدي الفعل فيها الدور الأهم والرئيسي في التركيب السطحي.

إحدى النتائج التي توصلت إليها الدراسة هي أن الفعل يهيمن بشكل مباشر و غير مباشرعلى عناصر الجملة على كلا المستويين البنية العميقة والسطحية.

# Abstract

The research is entitled (The Hegemony of Verb in Kurdish Language from Perspective of Government and binding theory). The research falls within the domain of syntax, and the materials and data used in this investigation are taken from the spoken language of Sulaimani dialect speakers. This study aims to illustrate the predominance and significance of verbs compared to other linguistic elements in sentence interpretation, encompassing both the fundamental and surface levels. The study concentrates on the structural level of sentences as a linguistic unit, and examining two key aspects: (form and meaning). This research includes an introduction, three parts, and a conclusion.

The first part of the research is entitled "The development stages of Government and binding theory", and is dedicated to the theoretical aspect of the study. It begins by emphasizing on the theory of production and transfer to be seen as an integral part of the study on the one hand and to give an introduction to the theoretical aspect of the research on the other.

The second part is entitled "The Role of Verb in Deep Sentence Structures" This part introduces the deep level of sentences, highlighting their features, and delves into the examination of verb phrases by the (x-bar) theory and the semantic roles attributed to verbs.

The third part is entitled "The Hegemony of Verb in Surface Sentence Structure" In this section, the focus shifts to the superficial level of sentences, then the discussion centers around the rules of transitions, grammatical situations, and the expansion of simple sentences within the surface structure.

One of the key findings of this study is that verb directly and indirectly dominate sentence elements at both deep and superficial levels.